سلام عومەر

چیرۆك

# سمە جاویدان

2014

ناوی کتێب: سمه جاویدان-چیرۆك
نووسەر: سەلام عومەر
پیت چنین: شڤان مەغدید
دیزاینی بەرگو ناوەڕۆك: نەبەز مستەفا
چاپخانەی: ئازادی
نرخ: 2500 دینار
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپردن:
چاپی یەکەم 2014

# پێشەکی

بەسەرهاتەکانی ناوەوەی ژیان وەکو رووداو دەگێڕدرێنەوە، بەڵام لە راستیدا چیرۆکن، بیرەوەرییەکان گەمەیەك نین لەگەڵ گەورەبوونی تەمەندا، بچووك ببنەوەو ببنە سەراب. ئەم بیرەوەرییانە دوورن لەئەفسانە، حیکایەتێکن ئێمە تیایدا کاراکتەرین و لەناویدا گەشە دەکەین. بەوان گۆشکراین و ئەزموونەکانمان لەوان هەڵێنجاوە. گێڕانەوەی رووداوە خۆش و ناخۆشەکان، هی خۆت و ئەوانی دی دەبێت بخرێتە ناو پانتاییەکانی خەیاڵەوە، تا ئاوێتەی داهێنانەکان بێت، ئەگەرنا دەچنە ناو چوارچێوەی چیرۆکی خەیاڵی و دەشێ لەئاییندەدا رووبدەن و ئەوانیش ببنە بیرەوەری. تێڕوانینەکان لەمرۆڤ و ئاژەڵ و سروشت و گەردوون، یەك تێڕوانینن، بەڵام شێوازی گێڕانەوەکەیان هاوشێوە نین، چونکە سەردەم و بۆچوونە جیاوازەکان دەخوازن گۆڕانیان بەسەردابێ، یان بەرژەوەندی خودو نیشتمان زۆرجار لەرێڕەوی راستەقینەی رووداوەکان بەرەو ئاقارێکی دیت دەبات و هەندێجار لەنووسین و گێڕانەوەی دوو کەسی جیادا

جیاوازی دەبینی. لێرەدا گومانەکان سەرهەڵدەدەن و خوێنەرو گوێگر بەلاکەی دیدا دەچێ و لەحیکایەتە ئەفسانەییەکان نزیکدەبێتەوە. واتە: رەتبوونێکی خێرایە بەناو تەمەنێك، کەهەندێجار دەرفەتی ئاوڕدانەوەشمان نییە، بێئاگا دەبینە چیرۆك و حیکایەت و کاراکتەر و بینەر، شانۆیەکی زیندوو بۆئاییندە چێ دەکەین.

مەبەستمە لێرەدا بڵێم: لەم کتێبەی بەردەستتان تەواوی رووداوەکان راستەقینەن، بەلاّم کاری وشەسازی و بەتامکردن و تێکەڵکردنی هەندێ خەیاڵ و هەڵڕشتنی تراژیدیاکان ئەمنی بەئاقاری فەنتازیادا برد، ئاوێتەیەکی لەهەردوو شێوەی چیرۆك بۆ دروستکردم. ئەوەی پەیوەندی بەخۆشمەوە هەیە بەهەمانشێوە بیرەوەرییەکانی منداڵی و هەرزەیی، وەك چیرۆك بوونەتە کەرەستەی ئەم کتێبە، رووداوێکن داهێنانی تێدا دەبینم، چونکە مەرج نییە تەنها رووداوە دروستکراوەکان بچنە ناو چوارچێوەی داهێنانەوە، زۆر جاران بەتامکردن و بۆن و بەرامە پێوەکردنی رووداوەکانی خود هێندە کاریگەر دەبێ، کە لەداهێنان تێپەڕ دەکا، گرتەی سەرنجڕاکێش ئاوێتە کراوەو تەکنیکیش زۆر ئازادانە کاری خۆی کردووەوە. ئاخر بەچیرۆککردنی کارەساتەکانیش هێندە سانا نین، هەروا لێرەدا تەنها رووداوەکان، یان چیرۆکەکانی خۆمان نین، بەڵکە دەوروبەر چۆن کاریگەریی کلتووری و سیاسی بەسەرمانەوە جێهێشتووە، بەهەمان

شێوەش تراژیدیاکانی ئەوێ بۆئێمە دێن و دەبن بەچیرۆك، دەبنە نەریت و زۆر بەخێرایی کاریگەریی خۆی جێدەهێڵێ، هەروەك چۆن دین بۆتە بەشێك لە کلتوورو ژیانمان، سیاسەت لەهەناوماندایەو یاری بە ئاییندەمان دەکات، بۆیە بەشێك لەرووداوەکانی وێ کە لەشێوەی چیرۆك دامرشتوون بەرچاو دەکەون. بەشە خۆماڵییەکەش وەك ئاوێنەیەك بەئاوێتەبوونێکی فانتازیانە دارێژراونەوە، ئەگەر روونتری بکەمەوە ئەوە هەندێجاریش خەیاڵ خۆی خزاندۆتە ناوەرۆکی چیرۆکەکانەوەو بەلەزەتی کردوون، بۆیە هیچکام لەم چیرۆکانە بەتەنها خەیاڵ دروستی نەکردوون، بەڵکە ئەوە رووداوەکانن خەیاڵیان کێشکردۆتە ناوخۆیان، کەواتە زۆربەی هەرە زۆریان ئەگەر خۆم لەناو رووداوەکان نەبووبم، ئەوە چوومەتە ناوی و دوای بەدواداچوون رووداوەکەم وەك خۆی و ئاوێتەیەك لەخەیاڵ کردۆتە چیرۆك. ئومێد دەکەم تراژیدیاکانی ناو ئەم کتێبە روونەدەنەوەو وەك چۆن هەندێ رووداوی زۆر گرنگی پەیوەندار بەچارەنووسی خۆمان و گەلەکەمان بوونەتە حیکایەت،

ئاواش ئەم چیرۆکانە تەنها ببنە حیکایەت و ئەزموونی لێوەرگیرێ.

سەلام عومەر



# سمه جاویدان

# سمە جاویدان

هێشتا لەخەیاڵی ئەوەدابووم کەچۆن ئابوونەو راپۆرتی وەرزی بگەیەنمە گوندی (سندۆلاَن) کەچی کاکم لەناکاو گوتی: ئەوە بۆ داماوی هەستە برۆ سەعی بکە.
منیش هەستام‌و جگە لەبیرکردنەوە لەنەخشەی گەیشتنم بەسندۆلاَن یەك دێڕیشم بۆ نەدەخوێندرایەوە ئاخر ئەوە یەکەمین کاری رێکخراوەیم بوو بیکەم, تازە شانەم دروست کردبووو دەبوو پیتاکی چەندین شانەو راپۆرتی وەرزی ساڵێك بگەیەنمە دەستی کۆمەڵێك پێشمەرگە کەبەکارێکی خۆیان هاتبوونە گوندی سندۆلاَن.

سندۆڵاَن گوندێکی خۆرئاوای قەڵاَدزێیە ، لەسەر زێی بچووك, دەڕوانێتە چیای ئاسۆس‌ولەوبەری زێیە پێشتر ئاوەدانیەکی لێبووە ناوی کێلە سپی بووە، ئێستاش هەر بەو ناوە دەناسرێتەوە سندۆڵاَن بەپێ تەنها نیو کاتژمێر لەشارەوە دوورە,چوون بۆ وێ بەگوندی کوێزیلێدا رەت دەبی, گوێزیلێش گوندێکی زۆر خۆش و چڕو پڕە لەبەینی ئەو دۆڵە پڕ لە شینایی و سەوزاییەیە کە روباری قەڵاَدزێ دروستی کردووە ، ئەم دۆڵە هەر لە گوندی هەڵشۆوە درێژ دەبێتەوەو قەڵاَدزێ لەت دەکات و خۆ بەزێیەدا دەکا،

بەدرێژایی ئەم روبارە یەکپارچە سەوزایی و ئاوەدانییە، پڕپڕە لەکانی کەهەر لەچاوی قڕژاڵ دەچێ، ئیدی لەوێ ئاوەکان تێکەڵ دەبنەوەو شوێنێکی لەبار پێکدەهێنن بۆ ماسی گرتن ،ئاخر ماسی وێ زۆر بەتام بوو بۆیە هەموو جارێك کە راوە ماسیم دەکردوو ماسیم دەهێنایەوە ماڵێ بابم کەیفی زۆر پێدەهات دەیگوت: ئەورۆ ماسی زێیە دەخۆین ئەمیش لەراستیدا لەویم زیاتر کەیف پێدەهات چونکە هەمیشە منداڵ و لاو تا دەگەیە تەمەنی کارکردن هەر نانی بابت دەخۆی بەلاَم ئەم ژەمەیان کەماسی زێیەمان هەبوو زۆر بە خۆشیەوە دەچوومە سەر سفرەی، جا بابێینەوە سەر گوندی سندۆڵاَن بۆخۆم لەگەڵ برادەران دەیان جار بەپێ چووم‌و هاتوومەوە بەلاَم ئەمجارەیان چوونەکەم جیایەو دەبێت خۆم‌و ئەوشتانەی پێمن بەسەلامەتی

بیانگەیەنم, بۆیە جگە لەنەخشە کێشان بۆ گەیشتن بەم گوندە کەلەناو دێڕە سەیرو سەمەرەکانی ئابووریدا دەمدیتن بیرم بۆیەك شتی دی  نەدەچوو. سبەی دەوامی قوتابخانەم پاش نیوەڕۆیانەو دەبوو بەیانییەکەی ئەم کارە ئەنجام بدەم, هەربۆیە ئەوشەوە نەك تەنها یەك وشەم بۆ نەخوێندرا, بەڵکو بەزەحمەت خەویشم لێکەوت, سبەی دوای نانخواردن خۆم پێچایەوەو ئەو شەوڕۆیەم لەپێکرد, کەدەیانگوت ئەوە پیلاَوی شاخەو دڕان نازانێت چییە, پیتاكو راپۆرتو کتێبێکی قوتابخانەم هەلگرتو بەکۆلاَنە تەسکەکانی شاردا بەرەو پشت قەلاَتو رێی سەر قەبران بەرێکەوتم, ئەو رێیە رۆژانە پێیدا دەرۆیشتم چونکە لەژێر سێبەری سپیندارەکانی پشت قەلاَت لەگەڵ چەند قوتابیەکی دی دەمانخوێند, بۆیە رۆیشتن بۆ وێ بەکتێبەوە ئاسایی بوو, بەلاَم دەرچوون لەسەر قەبرانو روو لە سندۆلاَن تەنها بۆ خەڵکی ئەم گوندە, ئەگەرنا بۆمنو ئەوانەی وەك من بوون زۆر نائاسایی بوو, چونکە ترس لەوێوە دەستی پێدەکرد, قەلاَتو گردی حوسنی کەبەسەر شارو دەوروبەریدا دەیانڕوانی سەربازگەی بەعسیەکان بوو, هەروا سەرچۆمی (خرە کوردێ) رەبیەی رژێمی لێ بوو,ئەو رەبیە من زۆر جاران بە تەنیشتیدا دەڕۆشتم هەقیان بەسەر کەسەوە نەبوو چونکە جارێك پێشمەرگە لێی دان و ئەوەی لە ناویدا بوو کوژرا بۆیە کە رژێم رەبیەکەی دانایەوە

ئەفسەری ناو رەبیەکە لەترسان لەگەڵ خەڵکو دەورو بەر ریکەوت کە ئەوان تەقە ناکەن و با پێشمەرگەش لێیان نەدات بۆیە تا قەڵادزێش تەفرو تونا کراو گواسترایەوە ئەم رەبیە هەر لەوێ بوو ،هەر ئەو رێیەی ئەمن دەمویست پێیدا رەتبم زۆرجاران مەفرەزەی جاش‌و جەیش بەو ناوەی وەردەبوون, بۆیە رێکردن بەنێو ئەو مەترسیانەداو بەتایبەتیش جگە لەپیتاك کەتەنها برێك پارەبوو, راپۆرتەکان بەس بوون بۆئەوەی بەبێ دادگایی لەسێدارەم دەن, ئاخر ئەنجامدانی یەکەم کاری رێکخراوەیش سەنگی ناساندنی تۆیە بەو هاورێی‌و هەڤاڵانەی متمانەت پێدەکەن, بۆیە بەهەگبەیەك ترس‌و شتی مەمنوعەوە گەیشتمە رێی سندۆڵان‌و بەرەو وێ بێ ئاوڕدانەوە بەرێکەوتم لەناخەوە هەستم بەخۆشی‌و سەرکەوتن دەکردو بەڵام ترسێکیش رەنگی زەرد دەکردم, هێشتا رێیەکەی تەنیشت گۆڕستانم جێ نەهێشتبوو کە دەنگی سەگ وەڕی ئەوبەری ئەسحابەی مام یونسی ترسێکی کەی لەدڵمدا چاند, لێتان ناشارمەوە ئەوەندەی لەبەعسیان دەترسام دووهێندە لەسەگ, چونکە جارێك سەی مام یونسی وەدووم کەوتوون‌و دەمزانی چەند دڕن, بۆیەش ترسم لەسەگ هەیە, چونکە بەبێ داوای پێناس‌و پێشەکی ددانەکانیانت لێ گیردەکاو زۆر بەسەختی زامدارت دەکا, هەروا بێتەوە ئەوەشم بیستبوو کەبرینی سەگ چاك نابێتەوەو تادەمری پێوەی دەناڵێنێ, بەڵام بەعسیەکان

دوو قسەیە ئەگەر بەڵگەت پێ بگرن ئەوە گوللە بارانت دەکەن‌و دەنا دەتخەنە زیندانەوە بەبڕێك پارە یان حوکمێکی ئەبەدی‌و تەواو. بۆیە کەگوێم لەدەنگی ئەم سەیانە بوو خەریك دەبوو بەعسیەکان لەبیرکەم, بەلاّم نا بۆ منێکی هەرزە بارم گرانتربوو, چونکە دەبوو لەهەردوو سەیان خۆ بپارێزم ئەگەرنا بەرەو کۆتایی دنیای خۆم دەچووم‌و جارێکی دی نەك پیاسەی ئێواران ، بۆ تاهەتایە گوێم لەدەنگی سەو (قیف)نەدەبوو و خوێندنی ناو کچانیشم نەدەبینیەوە، من لەنێو ئەو خەیاڵە پڕ لەمەترسیانەدا تەنها رێگەی نیوکاتژمێرم بەرەو سندۆلاّن دەبڕی تازە وەرێکەوتووم‌و ئەو نەخشەی لەنێو دێرەکانی کتێبی ئابووریدا دامناوە دەبێ جێبەجێی بکەم, هەروا دوای نیوەرۆ دەوامی قوتابخانەم هەیەو دەبێت فریای وێش بکەوم, هەڵبەتە تەنها چوونم زەحمەت بوو هاتنەوەم وەك ئاو خواردنەوە وابوو, چونکە یەك شتی قەدەغەم پێ نەدەماو دەبوو کاتژمێر نۆ بۆ نۆو نیو لەوێ بم, ئەگەرنا ئەو پێشمەرگانەی هاتبوونە وێ دەگەڕانەوەو منیش وەك خۆم دەبوو بگەڕێمەوە بۆیە بەم رێ گلێنەدا کەوەك گەڕەکی خۆمان شارەزابووم دەرۆیشتم‌و یەك ئاوڕیشم نەدەداوە, زۆری نەبرد, بەرلەوەی بگەمە گوندی گوێزیلێ گوێم لەدەنگی تراکتۆرێك بوو بەگردەکەی هەڵدەگەڕاو دەیویست لەنێو گوندەکەوە بێتە سەر ئەو رێیەی بۆ سندۆلاّن دەچوو, تا ئەمن گەیشتمە ئاقاری وی ئەویش

وەك خدری زیندەیی سەرکەوتو روو لەسندۆڵان لەبەرمن وەستا, منیش ئاهێکم هاتەوەو بەراکردنێکی هێواشەوە خۆم گەیاندیٚو سلاٚوم لێکرد, دوای وەلاٚمدانەوەی گوتی: دەچمە سندۆلاٚن دیٚی ئەمیش بەبیٚ وەلاٚم یەك سەر چوومە, سەر چەمەللەغی سەرتایەگەورەکەو دانیشتم, دوای بەخێراهاتن بەرێکەوت, بەجۆرێك ئەو تایە نەعلەتیە هەڵدەپەڕی خەریك بوو کلیٚنجەم بشکیٚ بۆیە هەردوو دەستم بۆهاوکاری کردە سپرینگ شوفێرەکە گوتی: ئەوە بۆ دەچیە سندۆلاٚن؟

منیش گوتم: دەچمە لای شێخ

گوتی: بۆ دەچی خێرە.

گوتم: برایەکم لەماڵ تورەبوو جارێکی دیش هەر لەویٚ دیتمانەوە دەمەویٚ بزانم لەوێیە ؟ ئاخر هەموو ئەو نەخشانە, هەر لەنێو دێڕی کتێبی ئابووریم دەرهێنابوون, ئەوانە پلانی گەیشتن بوون بەشوێنی دیاریکراو, بۆیە دوای ئەم وەلاٚمە کاکی شوفێر تەنها ئەوەندەی گوت: بەڕاستی ماڵی شێخی سندۆڵان بۆتە جێگەی لێقەوماوانو خوا دەست بەباڵییەوە بگریٚ, ئیدی تاگەیشتینە ویٚ, ئەمن بەپێچەوانەی پێشتر تەنها ئاوڕم لەدواوە دەداوە, لەترسی شلەخەجێیەکانی بەعسیان, نەبا, لەناکاو پەیدا بێت, لەراستیدا هەر لەگەڵ دەرچوونم پلانی ئەوەم دانابوو ئەگەر ئەم جۆرە ئوتۆمبێلانە ببینم روەو دۆڵەکاکی

بەکاکیەکەی گوێزیلێ هەڵدێم‌و هەر لەناو دارستانە چڕەکانی وێ شتەکان بشارمەوەو بەتەنیا هەوڵی خۆ قوتارکردن بدەم چونکە رێی سندۆڵان رێك بەقەراغ ئەم دۆڵەوەیە تادەگاتە سندۆڵان درێژ دەبیتەوە شوێنێکە شارەزابی یەك فیرقەی عەسکەرت وەدووکەوێ نات دۆزنەوە بەلاَم رێکردن بەناو ئەو بیشەلاَنەدا رێی نیوکاتژمێری بەسێ کاتژمێریش نابڕی, ئەمن لەتاو ئێسکی هەمولەشم کەلەهەڵپەڕیندا بوو, ئەوەی ترس بێت نەمابوو, خۆشبەختانە گەیشتینە گوند, ئەمن هەر لەیەکەم خانوو کە پشتی کەوتبووە چیای ئاسۆس ماڵئاوایم لێکردوو زۆر سوپاسم کرد.

لەژیانم سندۆڵانم وا بەماتی نەدیبوو, هەموو جارێ کەلەگەڵ هاورێ قوتابیەکانم بۆخۆشی‌و راوەماسی دەچوینە وێ, گەنجەکانمان دەدی بەکەلا بەرد خەریکی کەلایەن بوون, زۆرینەشیان لەسەر زێیە خەریکی توتن چاندن‌و لێکردنەوەو بەرستەوەکردن بوون خۆژن‌و ژاڵی گوندیش وەك پیاوەکان خۆیان لەشەڕواڵی پیاوان دەناو کاریان دەکرد, بەلاَم بۆ بەدبەختی ئەو رۆژە دەتگوت ئاوت پێوەرکردوون, ئاخر ئەمن دەبوو زوو بچمە ماڵی شێخ‌و لەوێ پێشمەرگەکان, کەنەمدەزانی کێن, تەنها وشەی نهێنیان (چەقەڵ)بوو, بیان بینم‌و ئەوەی پێمە بیان دەمێ‌و ئەوەی ئەوانیش پێیانە تەنها بەدەم بمدەنێ‌و ئیدی بەرێی خۆمدا بگەڕێمەوە، منداڵێکم دی بەبێ سلاَو

گوتم دەبێت شێخ لەماڵێ بێ؟ ئەویش گوتی نازانم, کەچوومەماڵیان لەیەك دووپیاو کەنەمدەناسین کەسی دی لێنەبوو, پرسیاری شێخم کرد, گوتیان دەمێکە چۆتە شار, چارەم نەما پرسیاری پێشمەرگەکانم کرد, گوتیان ئەوانیش چوون لەسەر رێی قەڵادزێ بۆسەی دانێن تاراوی یەك دوو بەعسیان بکەن‌و گوتیان بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێینەوە، گوتم ئەی چۆن بیانبینم ئەمن دەوامم هەیەو دەبێت بگەڕێمەوە یەکیان پێدەچوو پێشمەرگەی بەئەزموون بێت کەمێك سەیری کردم‌و پێکەنی سەیرکردنەکەی زۆر سەیر بوو پێم وابێ بەزەیی پێدا دەهاتمەوە بەوهەموو لەخۆبوردەییەوە کەبێ ترس لە پێشمەرگان دەپرسم‌و ناشوێرم ناوی یەك لایەن بێنم, بۆیە گوتی: دەتەوێت بیان بینی؟ گوتم بەڵێ، گوتی ئەو دۆڵە بەپەنجەی رووی لەرێی قەڵادزێ کرد گوتی: لەوێ تادەگاتە سەرجادەی ژاراوە /قەڵادزێ بۆسەیان داناوەو برۆ لەوێ دەیانبینی منیش بەبێ سوپاس‌و ماڵئاوایی رێك رووم لەو رێیەکرد ئەمن لەمێشکمدا نەخشەی ئەوەم سازدا, هەر پێشمەرگەیەك لەم دۆڵە ببینم‌و وشەی نهێنی بڵێم‌و رێك ئەوەی پێمە بیدەمێ‌و یەك شتیشم لەوان ناوێ‌و دەگەڕێمەوە، هێشتا سندۆڵان لەنێو ئاوڕەکانم بزرنەببوو کەگوێم لەدەنگی تەقە بوو بەڵام تەقەکان دووربوون بۆیە لەجێی خۆم وەستام‌و تەماشای رێی قەڵادزێم کرد ئەوە زیاتر لەپانزدە پێشمەرگە بەقونە شەڕ بەرەو سندۆڵان

دەگەڕێنەوە, ئەمن لەجێی خۆم نەجولاٚم لەدڵێ خۆمدا دەم وت ئەوەی لێی دەترسام ئەوە رویدا, زۆری پێنەچوو دوو پێشمەرگە بەدەمامکەوە لێم نزیك بوونەوەو گوتیان ئەتۆ کێی؟منیش گوتم (چەقەڵ)م یەکسەر گوتیان برۆ گوندی ئەوە هاتین ئەمیش بەڕێی خۆمدا گەڕامەوە کە گەیشتمەوە ناو گوند, ئەو پیاوەی لەماڵی شێخی بوو گوتی ها چ بووە؟ گوتم نازانم بەلاٚم تەقەیە, ئیدی هەموو ترسەکان کەڵەکە دەبوون‌و زۆری نەبرد پێشمەرگە گەشتنەوە،بەلاٚم چۆن گەیشتنەوەیەك لەنێو تەقەیدا و دوو دوو و سێ سێ خۆیان بە گوندیدا دەکرد ، ئەوەی مەبەستم بوو دیتم شتەکانم دایەو گوتی: جائەتۆ دەبێ لەگەڵمان بێیە ئەوبەری زێیە, چونکە جەیش‌و جاش بەدوومانەوەن‌و بێنە گوندی ئەتۆ خەڵکی ئێرەنی بتگرن نەك دەتکوژن ئەوەی پێشتە بەئەشکەنجە لێتی دەستێنن ئەمیش چارەم نەما وەدوویان کەوتم, تەقە بەردەوامەو بەلاٚم دوورە کەگەیشتینە سەر زێیە, تەماشامکرد ئەو پیاوەی لەماڵی شێخی بەمن پێکەنی, هەموو لەشی تاخم تفەنگەو خەریکی ئامادەکردنی کەڵەکە، بۆخۆم سەدجار زیاتریش هەر بەو کەڵەکەی پەڕیومەوە بەلاٚم وا بەقەرەباڵغی‌و قورسینا, یەکەم وەجبەی کە زیاتر لەدوازەکەس دەبووین, پەڕینەوە ئەوبەر، پێشمەرگەکان کەخاوەن ئەزموون بوون, دابەش بوون زۆربەی بەرزاییەکانیان گرت (چەقەڵ)ەکەی هاوڕێشم

کەشتەکانی لێوەرگرتم هەندێك زانیاری دامیٚو گوتی: بەدەم زێیەدا بڕۆ تادەگەیە بەری بنەوشان لەوێش کەڵەك هەیەو بپەڕەوە, ئێمە لەوانەیە یەك کاتژمێری دی لێرەبین چونکە هاوڕێیان بەجیٚ ماونو دەبێت بپەڕنەوە دواتریش ئێمە سەر شاخی دەکەوینو دەچینە ئەو دیوی مەرگەی لەویٚ تادەگەینە کانی توو دەبێت زۆر بەوریای بڕۆین. لەراستیدا ئەگەر پێم عەیب نەبا, دەمگوت بابە دەچمەوە سندۆلاٚنو چ دەبیٚ بابیٚ, چونکە بەتەنیٚ بەدەم زێیەدا بڕۆم ئەستەمە, بۆیە گوتم: ئاخر چەکم پیٚ نییە؟ گوتی: چەکت ناویٚ, بەلاٚم ها ئەو چەقۆیە بگرە باپێت بێت, چەقۆی (ئەبووئەڵقە)بوو بۆمن لەو چۆلاٚییە وەك تفەنگ وابوو، یەك لە پێشمەرگەکان کەدیاربوو دەیویست پێم رابوێریٚ گوتی مەترسە بەعە ناتخوا ، ئەمیش پێمگوت ئەدی بۆ جەنابت لەترسی بەعەی یەکەم کەس خۆت لە بەلەمەکەی هاویشت ئەتۆ ئەم هەموو فیشەکو شڕو شالاٚتەت پێیە ئەمن هیچ ، دواتر سەگێکی خوێڕیم بۆبیٚ بەدەستی بەتالٚ هیچم پێناکریٚ، ئەویش هەڵیدایەو گوتی:ئەوبەعانەی بۆمە هاتوون بۆتۆ بێن خۆت پیس دەکەی، چەقەڵی هاوڕیم قسەکانی پیٚ بڕین و گوتی کاتی ئەوە نییە هەمووومان وەك یەکین مەترسی لەسەرمانەو وەڕیٚ کەوە، ئیدی دوای یەکتر ماچکردن, تەواوێك لەگەڵم هاتو زانی دەترسم بەلاٚم دڵخۆشی دامەوەو گوتی مەترسیٚ بگەیە بەری بنەوشان وابزانە لەماڵێی,

لەراستیشدا راستی دەکرد, رێی قەلأدزێ بنەوشان زۆر شارەزا بووم‌و پڕ لەئاسایش بوو بەلأم ئەوبەرەی زێیە کە دیوێکی چیای ئاسۆسەو دیوەکەی دی زێی بچوك یەك روح لەبەری لێناژی, بۆیە بەتەنێ زۆر ناخۆشە, تەواوی ئامۆژگاری و زانیاریەکانم وەرگرت‌و هەرکەلێی جیابوومەوە چەقۆیەکەم کردەوەو روەو لوتکەی تۆڕس بەرێکەوتم. تۆڕس لوتکە چیایەکی بەرزە و بەزنجیرەی ئاسۆسەوەیە لەگەڵ یەکەم بارانی پایزە بەفرسپی دەکا، بەرامبەر قەلأدزێیەو باشترین روانگەبوو کەمن پێی بگەمە بەری ئەو بەری بنەوشان.

دەنگی تەقە تادەهات زیاتر دەبوو, بەلأم بۆمن دوور دەکەوتەوە, ئەمن دەرۆشتم‌و جگە لەلوتکەی تۆڕس‌و بەرپێی خۆم هۆشم لەهیچ نەبوو, چونکە تەواوی پلانەکانی دامنابوو نیوەی هەڵوەشایەوە, دەنگی تەقە نەما, بەلأم رمبە تۆپ کەلەچیای ئاسۆسی دەدا, بن پێی دەلەراندمەوە, بیرکردنەوە لەپێشمەرگەکان‌و ئەو مەترسیەی تێیدابوون, هەراسانی کردبووم, بەلأم هەرنەبێ ئەوان کۆمەلێکن‌و چەکی باشیشیان پێیە بەلأم منێکی تەنیا بەناو ئەو دارو بەردەدا, کە لەتەنیشتمەوە زێیەك رێگریم لێدەکا, ساتێك بوو زۆر نزیك لەمەرگ, ئێستا لەسەگو بەعسی دوور بووم, هێندە دوور گوللەکانیش نەمدەگەیشتنێ بەلأم ترسی ئەو دەعباو گورگ‌و پڵنگانەی کەدەیانگوت لەبناری ئاسۆسی هەیە, هەنگاوەکانی خێراتر دەکردم, هەروا بێتەوە حیکایەتی (دێوە شەلە)

کەئەفسانەیەکەو تەواوی خەڵکی پشدەر بیستویانە, ئەویش لەمن زیندوو ببۆوە پێم وابوو هاکا لەنێو زێیەدا بۆم دێتە دەرو دەمخوا, ئەورێیەی کاکی پێشمەرگە بەمنی گوت بەکاتژمێرو نیوێك دەگەیەی, بەلاٌم هێندەی بەرزیو نزمیو جۆگەو بیشەلاٌن تێدا بوو, شوێن هەبوو دەبوو دەخولەك لەبوارێك بگەڕێم بۆیە تادەهات درێژدەبۆوە جگە لەهاشەی زێو سرتەی باڵندە کێویەکان کەلەبن گابەردوو لەنێو لەوەڕەگاکاندا لەشەقەی باڵیاندەدا هیچی دیت بەرگوێ نەدەکەوت بۆیە لەرۆیشتنم تەنها چاوم لەو رێیانە دەبڕی کە کەمترین گیاو گۆڵی لێیە یەك لەو زیرەکیەی کەبەکارم هێناو دڵم پێی خۆشبوو, ئەو شەو ڕۆیە بوو کەلەپێم, ئێستاش کەبیرم دەکەوێتەوە خەم بۆ بچوك بوونەوەی دەخۆم دەنا قەت دڕانی نەبوو, زیاتر لەدوو کاتژمێر رۆشتم هێشتا هێندەی دیم مابوو بگەمە شوێنی دیاریکراو , تینواتی هەرەسی بۆ هێنابووم, یەك زێ ئاو بەتەنیشتمدا دەهات هەر سەد مەترێك لێم دوور بوو لەترسی دێوەشەلەو سامی هاشەکەی نەمدەوێرا لێی نزیك کەومەوە, ئەوەی کانیبێ نەهاتە سەرڕێم ئاخر بۆیەش ئەوبەری زێیە هەمیشە چۆڵە لە دەعبای زیاتر کەسی لێناژی پێشمەرگەش بەوێدا ناڕوا گوندێکی لێنییە لەبیرمە توتنەوانەکان لەوێ توتنیان دەکرد دەبوو رۆژانە ئاوی خواردنەوەو سەهۆڵ ببەن هەروابێتەوە ئەو ساڵەی بۆ نەگبەتی من توتنیش نەبوو چونکە

پارەی نەدەکرد منیش لەم چۆڵەوانیە لە دەنگی پێی خۆشم دەترسام تینواتیش خەریك بوو هەرەسم پێ بێنێ بۆیە بەناچاری زۆربەی ئاوڕەکانم بۆ زێیەکە بوو, گەیشتمە تەختاییەکو دواتر بەگردێکی بچوکدا هەڵگەڕام کەهەر لەسەر ڕێم بوو, ئاوڕێکم لەزێیەدایەوە بەتەواوی لەبەر چاوانم بوو لەدووری تەنها چەند هەنگاوێك دوور لەزێیە تفەنگێکم دی کەوتبوو, بەگومانەوە لێی نزیك کەوتمەوە بەڕاستی کلاّنشکۆف بوو, غیرەتم دابەرخۆم‌و تاگەیشتمە نزیك زێیە تەماشامکرد لەناو لمدایە ئەمیش پڕمدایە, پێم وابوو ئیدی هەموو دنیا هی منە, نەدێوو نەپڵنگ‌و نەگورگ ناتوانن توخنم کەون, دڵم زۆر زۆر خۆش بوو, کەمێك پاکم کردەوەو میلەکەیم ڕاکێشا گوللەیەك بەتەنیشتی بەساغی دەرپەڕی, ئەمن لەساڵی 1974 یەکەم جار کەهێشتا تەمەنم هەشت ساڵان بوو تەقەم بەو جۆرە تفەنگە کردبوو, بۆیە کەمێك لێم دەزانی, کەترسم نەما ئیدی بڕیاری ئاو خواردنەوەمدا، ڕۆخی زێیەکەی تەنها دوومەتر لێم دووربوو, بۆیە لەسەر زگ پاڵ کەوتم‌و ویستم ئاو بخۆمەوە, ئاوڕم بەلای چەپمدا دایەوە لەرۆخی زێیەکە پیاوێك کەهەموو دەم‌و چاوی هەلاهەلا ببوو, لەسەر تەنیشت‌و ڕوولەمن کرم لێی دابوو, ترسێك لەنوکی پێمەوە هات‌و لەتەپڵی سەرم دەرچوو, مردوەکە قەمسەڵەیەکی عەسکەری مغاویری لەبەربوو, بەلاّم لەهەموو لایەکەوە ئەستوور ببوو

قەمسەڵەو جلو بەرگەکانی هەلا بەهەلا ببوون, تەنیا چارە بۆمنێکی تەنیا لەو چۆڵە وانیە راکردنو بوو, تاومدا تفەنگەکەو خەریك بوو کتێبەکەم جێ بهێڵم ئەویشم هەلگرتەوەو رامکرد, بەلاّم چۆن راکردن, رانەوەستام هەتا تەواوێك دوورکەوتمەوە قورگم ووشكو رەنگم زەردو هەناسە سوار هەرچەند دەمویست لەبیرخۆمی بەرمەوە بەلاّم نەمدەتوانی تفەنگەکەم بەدەستەوە گرتبوو, پێم وابوو ئێستا ئەو مردووە بەدووم دەکەوێو دەمخوا, بۆیە هیچ توانایەکم نەماو بڕیارمدا هەرچۆنێك بێت دەبێ ئاوبخۆم دەنا لەتینوان دەمرمو وەکو ئەو کابرایە لەو چۆڵەوانییە شی دەبمەوە ، ترس خەریك بوو چۆکم پێدادا, بەلاّم زۆرجاریش پەلە قاژەی مانەوە لەژیان, رێگرەو زاڵ دەبێت, بۆیە بڕیاری ئاو خواردنەوە دوا دەرفەتی مانەوەیە, زۆر بەوشیاری چومەوە سەر زێیەو بەبێ سەیرکردنو دوو دڵی دەستم لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکە داناو دەمم بەزێوەنا, تەواو تێر ئاو نەبووم, کەیەك پێ هەستامەوەو دەستم بەرۆیشتن کردەوە, تەماشای کاتژمێرم کرد, یازدەو نیوی پێش نیوەرۆ بوو, هێشتا نەگەیشتبوومە جێ, بۆیە بەم ئاو خواردنەوە وزەیەکم دروستکردەوەو بەخۆو تفەتگێکەوە دەرۆیشتم، ئەوبەری زێیە کە بەسەر بنەوشاندا دەیڕوانی کەوتە بەرچاوم, بۆیە هەر لەخۆوە ئارام بوومەوە,تەماشایەکی تفەنگەکەم کرد تەنهانیشانەیەك کەمن لەسەر قۆنداغی تفەنگەکە

دیتم كە بەنووكی نێزە لێی هەڵكۆڵدرابوو نووسربوو (سمە جاویدان )ئەم دوو وشەیە زۆر بە خێرایی لە بیرەوەریەكانمدا خۆیان تۆمار كرد, بەلاَم دیمەنی كەوتنی ئەو پیاوە بەستەزمانەو نەمانی دەمو چاوی وەك مێردەزمە لێم نەدەبۆوە, بۆیە جگە لەنزیك بوونەوە هیچ دەرفەتێكم نەمابوو, ماوەی سێ كاتژمێر بوو ئەمن لەنێوان ئاسۆس‌و زێیەدا رووەو لوتكەی تۆرس لەرێدابووم تاگەیشتمە ئەوبەری بنەوشان‌و دیم بەلەم و پیاوێك لەوبەری بەتەنیان, بۆیە پێم وابوو ئیدی لەدایكبوومەوەو جارێكی دی روح لەبەرم دیتنەوە, بانگی كابرام دەكردووئەویش هەر هێمای بۆدەكردم‌و تێی نەدەگەیشتم دوایی زانیم كەئەو بەبێ نەفەر ناپەڕێتەوە, بۆیە لەبەری ئاسۆسی زیاتر لەیەك كاتژمێر دانیشتم هەتا دووپیاوو ژنێك هاتن‌و پەڕاندنیەوە, بەلاَم بەرامبەر من بەلەمەكەی بەئاوێدادا زیاتر لەسێ سەد مەتر لەخوارمن بەلەمەكەی گەیاندە قەراخ. ئەمیش تفەنگەكەم لەناو گیاو گۆڵی شاردەوەو كابراش وردە وردە بەلەمەكەی دێنایەوە سەرێ لێی نزیك كەوتمەوەو گوتم: كاكە دەمپەڕێنیەوە؟ گوتی بەنیو دیناری, ئەمیش گوتم دەبا سەركەوین, كەلەزێیەكەدا بەرەو ئەوبەری دەرۆیشتین ئەمن هەر چاوم لەناو زێیە دەبڕی دەمگوت ئێستا نا ئێستا كابرام لێراست دەبێتەوەو دەمخنكێنێت ، چونكە بەلەمەكەش تەنها دوو كەسی تێدا بوو شەپۆلی زێیە دەیهێناو دەیبردوو بەرزی

دەکردەوە، گەیشتمە ئەوبەرو نیو دینارەکەمدایە, نەگوتی بەزیاد بێت نەگوتی بۆکوێ دەچیت, نەیەك قسەی کردو پارەکەی وەرگرتو ئەمن گوتم سوپاس, جوابی ئەوەشی نەدامەوە ماڵئاوایم لێکرد, گوتی: بەخێرچی, ئەگەر ئەو قسەیەی نەکردبا, دەمگوت بەدڵنیاییەوە خدری زیندەیە, دوایش لەخۆشیان بەخۆم پێدەکەنیم ئاخر خدری زیندە پارەی بۆچییە؟ ملی رێیەم گرتو بەرەو بنەوشان, کەسەر لەبەریم دەناسین بەرێکەوتم, چونکە بابم دۆستایەتی لەگەڵ هەمووان هەبوو, هەروا لەساڵی 1974 کە قەڵادزێ بۆردومان کرا ئێمە ماوەی مانگێك لەو گوندە بووینو تەواو شارەزا بووین, ئەوە جگەی لەوەی جێ گەشتی خەڵکی قەڵادزێ بوو کەرۆژانی هەینیان دەچوونە وێ. گەیشتمە ناو گوند کاتژمێر دوو لایدابوو, چومە ماڵی محمود قندۆڵی, لەوێ نانو پەنیریان دامێو چایەکی گەرمیشیان بۆ تێکردم, ئەوان پرسیاریان لێکردم چ دەکەم لێرە؟ ئەمن نەوێرام چیرۆکەکەیان بۆ بگێڕمەوە بۆیە گوتم بۆ سەعی هاتمو غەریبی ئێرەشم دەکرد, بۆیە دوایی نانو چا خواردن بەرەو قەلادزێ بەلاّم ئەمجارەیان لەبنەوشانەوە نەك سندۆڵان بەبێ ترسو دوودڵی بەرێکەوتم, تەنیا بەبیستوپێنج خولەك گەیشتمە ناو کانیە پیاوانی قەڵادزێ, لەوێش ئاوێکم خواردەوە بەرەو ناوشار کەوتمە رێ چوومەوە ماڵێو چەقۆو کتێبو شەو رۆیەکانم داناو چوومەوە ناو هاوڕێیانی قوتابخانەم شار

وەك خۆی، جمەو جۆڵ ئاسایی, منیش هەستم بەزیندووبوونەوەو سەرکەوتن دەکردو , بەڵام دوای دەیانجار گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لەلای هاوڕێیان‌و ئەوکەسانەی جێگەی متمانەبوون, نەمزانی ئەو کابرایە(سمە جاویدان) کێبوو لەناو زێیە بەخۆو تفەنگەکەیەوە خنکابوو, بەڵام ئەوەی کەزۆر گرنگ بوو بەلامەوە هەواڵی گەیشتنەوەی هاوڕێیان بوو بۆ شوێنی خۆیان بەبێ زیان‌و بۆمنیش ئەزموونێك بوو فێری زۆر وانەی کردمو زیاتر لەو وانانەی لەقوتابخانە دەم خوێند، لەترس و تەنیایی پەڕاندمەوە ، پێشمەرگەی پێناساندم و تەواو دڵنیابووم کەدێوە شەلە ئەفسانەیەو بەڵام پێشمەرگە راستی.

★ ★ ★

سمە جاویدان کە ناوێك بوو لەسەر قۆنداغێکی تەختە نووسرابوو یان بەنووکی تێزە هەڵکۆڵدرابوو, هەمیشە لەبەرچاوم بوون, ساڵەکان بەخۆشی‌و ناخۆشیەکانەوە تێدەپەڕین, بەڵام ئەم دیمەن‌و ناوە لەگەڵم دەژیا, بەدووم دەکەوت‌و ترسە بەلەزەتەکانی بەبیردێنامەوە, دووساڵ بەسەر ئەم رووداوە تێپەڕی ئەوکاتە من گەیشتبوومە شەشی دواناوەندی, بەیانیان لەگەڵ دوو هاوڕێی گەڕەك بۆخوێندنی وانەکان دەچووین بۆ ناوسپینداران‌و خواردنمان دەبردوو تا ئێوارە نەدەگەڕاینەوە، لەوێ جگە لەهاژەی رووبارو بەریەککەوتنی چڵ‌و

گەلاّی سپیندارەکان هیچی دیمان بەرگویّ نەدەکەوت, کاتی پشوش کە خۆمان بۆخۆمان دادەنا دەچووینە سەر رووبارەکەو بۆ یەك کاتژمێر راوە ماسیمان دەکردو بەشی ژەمێك ماسیمان دەگرتو هەرلەویّ لەسەر چیلکەو چالّ دەمانبرژاندو کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد, دواتر دەگەڕاینەوە نێو دراستانو تا ئێوارە خەریکی خوێندن دەبووین, رۆژێکیان هەر لەخۆمەوەو بەبیّ پلان بەنوکی ئەو چەقۆیەی لەبناری ئاسۆسی وەرمگرت لەسەر قەدی سپیندارێکی گەورە نووسیم(سمە جاویدان) بۆمنو ئەو دوو قوتابیەی لەگەڵم بوون , ئەم ناوە زۆر ئاشنا بوو, چونکە هەمیشە باسم دەکردوو لەراستیشدا لەگەڵم دەژیا, هەموو ئەو ئامۆژگارییانەشم لەیاد نەچوو بوو, کەدواتر و لە دیدارێکی تری منو هاوڕێیان پێیان راگەیاندم کەچیدی بەدواداچوون بۆ ئەم ناوە مەکە, چونکە کەس نازانیّ ئەم کابرایە پێشمەرگە بووە یان جاش, بەعسی بووە یان اتلاعات بۆیە هەمیشەو بەترسەوە باسی ئەو ناوەم دەکرد, بەلاّم نهێنیەکیش بوو, هەردەبوو شتێك دەربارەی بزانم.

یەك لەو رۆژانەی کەمنو ئەو دووبرادەرە لەنێو سپیندارەکان دەمانخوێند, ئەو رۆژە بوو کەدەنگی ئوتۆمبێلو خەڵك لەدەوری باخچەکە دروستبوو, کەچووینە نزیك شەقامە خولّینەکە دیتمان ئەوە ئوتۆمبێلی دائیرەی کارەبایەو خەریکی وەیار راکێشانن, ئێمە

بەتایبەتی من فەرمانبەرو کرێکارەکانی دائیرەی کارەبام دەناسین, تەنها یەك دوانێك نەبێت, کەلە سلێمانیەوە هاتبوون, بۆ فێرکردن و هەندێکیشیان گوسترابوونەوە قەلاَدزێ و لەوێ نیشتەجێ ببوون,

ئەوروژە ئەم دائیرەیە هاتبوون تا بەکارەبا راوەماسی بکەن لەراستیدا وەرزەکەی زۆر لەبار بوو بۆ راوەماسی چونکە لەزێوە ماسی بۆ گەرادانان بەچۆمەکەدا دەهاتنە سەرێ و ماسی هولەی چاکی تێدابوو. ئەو رۆژە ماوەی دوو کاتژمێر تەنها سەیری وانمان دەکرد لەم ماوەدا پێیان راگەیاندین کەئەوان کارەبای فول لەرووبارەکە دەدەن توخنی ئاوەکە نەکەون, بەلاَم کەئیشارەتیان داینێ دەتوانین بەئارەزووی خۆمان بەشی ژەمێك ماسی بۆخۆمان بگرینەوە ئەوان سەر گەرمی کارەبا لێدان بوون و ماسیەکی زۆریان گرت, بەلاَم ئێمە تەنها تەماشامان دەکردن, کەلەکارەکەیان بوونەوە, یەك لەوان زۆر ناسیاوبوو, بەکورتیەکەی زاوامان بوو هات و زیاتر لەشەش ماسی هولەی داینێ و بۆ جگەرەکێشان لامان دانیشت, فەرمانبەرێکیش کەخەلْکی سلێمانی بوو ئەویش هات و لەو شوێنەی کەهەم سێبەر بوو هەمیش بەسەر رووبارەکەیدا دەروانی دانیشت و هەوالْی پرسین نازانم چۆن بەلاَم لەچاوگێرانیدا بەکاك فەقێی زاوامانی گوت ئەوانە کوڕی باشن, ئەویش گوتی: بەلْێ خزمن و ترست لێیان نەبێ, ئیشارەتی بۆمن کردو گوتی: ئەوە برای هاوسەرەکەمە, فەرمانبەرەکەش پێی

**گوتم, شەوانە پێشمەرگە بێرەدادێ؟ ئەمیش گوتم, ئەگەر چاوەڕێکەی پێش تاریك بوون دەگەنە ئێرەو بێرەشدا دەچنە ناو شار بەلاّم تا تاریك دانەیات نارۆن‌و لەم ناوەدا دەمێننەوە تەماشای قەدی ئەو دارەی کرد کەمن ناوی (سمە جاویدان) م لەسەر هەڵکۆلیبوو, گوتی: ئەو پێشمەرگە ماوەی سێ ساڵ زیاترە هیچ هەواڵێکی نییە هەر هەمووومان ئاوڕمان لەقەدی دارەکە دایەوە, دوو برادەرەکەم یەکێکیان لەتەنیشت من دانیشتبوو توند رانی گرتم‌و بەو مانایەی کەقسە نەکەم منیش گوتم بۆ دەیناسی, ئەویش گوتی بەڵێ, کەس‌و کاری سۆراغی دەکەن, بەلاّم ئەم هەواڵە خۆشەو پێیان دەڵێم کەناوی خۆی لەسەر یەك لەدارەکانی باخچەی قەلاّدزێ نووسیوە, گوتم ئەو پێشمەرگەی کێیە, فەرمانبەرەکە وەلاّمی نەدامەوە گوتی کاك فەقێ ئەم راوەماسیە خێری تێدابوو هەستە بابڕۆین.**

**ئەوکاتەی ئەوان رۆشتن من زۆر لەبرادەرەکەم توڕە بووم کە نەیهێشت راستیەکەی پێ بڵێم‌و چیرۆکەکەی بۆ بگێڕمەوە، ئەویش لەراستیدا بەرژەوەندی منی لەبەرچاو بوو, بۆیە گوتی: بەگێڕانەوەی راستیەکان, هەندێ جار دەبێتە سەرئێشە بۆت‌و دوور نییە خوێندنەکەت‌و ژیانیشت لەسەر ئەوە دابنێی بۆیە ئەوەی دیتووتە باسی مەکەو ئامۆژگاری ئەو رێکخراوەش لەبەرچاو بگرە کەپێیان گوتووی کێدەڵێ ئەوە پێشمەرگەی ئەو لایەنە نەبووە کەدژی ئێمەیە؟**

ئەوسا چیرۆکەکە بەجۆرێکی دی دەگێڕدرێتەوەو تۆش‌و خانەوادەکەشت دەکەونە ناو گرفتێك کەدوورو نزیك پەیوەندیان بەتۆوە نییە, ئەمن ئەوکاتە زۆر دوودڵ بووم بەڵام کەبیرم لێکردەوە هاوڕێیان‌و ئەو برادەرەم زۆر راستیان دەکرد, بۆیە بێدەنگیم هەڵبژاردو هەستاینو روەو قەراغی روبارەکە رۆیشتین بۆ چاکردنی ماسیەکان و برژاندنیان،دواترو چەندین جاری دی کاك فەقێی زاوامانم دیتەوە یەك پرسیاریشم دەربارەی سلێمانیەکە لێنەکرد, بەڵام لەناخمدا نهێنیەکەو ناکرێ بەشاروەیی بمێنیتەوە, چوونکە کەس‌و کاری ئەم کابرایە هەمیشە لەچاوەڕوانیدان, بەڵام ترسو گومان جارێکی دی (سمە جاویدان)ی بەنهێنی هێشتەوە تا ئەوکاتەی تاقیکردنەوەکانی ئەو ساڵەی شەشی ویزاری قەڵادزێ گواستڕایەوە سلێمانی, چونکە جەنگی عێراق‌و ئێران لەگۆڕێ بوو , ئەویش سەر سنوور بوو لەکاتی بۆردومانندا کەرۆژانە قەلادزێی دەکوتا خەڵکی خۆیان حەشاردەدات, هەروا بێتەوە بەرهەدوولاش واتە عێراق‌و ئێران بۆردوومانی ئەم شارەیان دەکرد, چونکە هیچیان بەهی خۆیان نەدەزانی سەرتان نەیەشێنم دوورۆژ پێش تاقیکردنەوەکان من و ئەو دوو برادەرەم بۆ پەیداکردنی شوێن, چونکە دوو هەفتە دەماینەوە رومان لەسلێمانی کرد, لەوێ هۆدەمان بۆماوەی 15 رۆژ دەست نەکەوت بەڵام میوان خانەی مەولەوی دوا هۆدەی داینێ کەسی

بەسەرەوە نەدەهاتو چوو, پێشی گوتین چونکە ئێوە لەقەلادزێوە هاتوون هەروا دوو هەفتەش دەمێننەوە نیوەی نرخی نووستنتان لێدەستێنم خاوەنی میوانخانەکە کابرایەکی رۆشنبیرو دڵفراوان بوو, چەندین ژەم خواردنی لەماڵێوە بۆ هێناین, ئەو دووهەفتەیە هەمیشە ئامۆژگاری کردین, دانەبەزینو بخوێنین چونکە سلێمانی گەورەیەو دوورنییە هەر لەناو بازاڕدا ئەمنە سەر شێتەکان بتانگرنو تاقیکردنەوەکانتان لەدەست بچێ, یان سینەماو کچە شۆخو شەنگەکان سەرنجتان راکێشنو خۆتان لەبیرکەن, ئەو راستی دەکرد, دوازدە ساڵ خوێندن لەسەر 15 رۆژ بوو, بۆیە تەنها بۆ هەمبەرگر, یان برنجو شلە خواردنێك دەچوینە بازاڕو دەهاتینەوە خۆ میوانخانەکەش رێك لەسەنتەری شاردابوو بۆیە کاتێکی کەممان پێدەچوو دەهاتینەوە.

ئەو پازدە رۆژەی لەوێ بووین لەماڵیش باین هەروا دەمانخوێند بەتایبەتیش خاوەنی میوانخانەکە هێندە باش بوو ئەگەر باوکمان لەوێبا هەروا ئاگای لێمان دەبوو، بۆیە دۆستایەتیمان پەیدا کرد, ئەو زۆرباش ئێمەی ناسیو لەراستیشدا هاوبیرو بۆچوون بووین, گەیشتە ئەوەی راشکاوانە باسی رێکخراوەکان بکەین, ئەوانەی لەشاخ بوون, بۆیە نهێنیەکان لای یەکتری ئاشکرا دەبوون.بەتایبەتیش ئەو رۆژەی کە کاك فەقێی زاوامانو فەرمانبەرە سلێمانیەکە هاتنو کولیچەو هەندێ خواردنو پارەیان لەقەلادزێوە بۆ هێناین لەئیدارەی

میوانخانەکە دانیشتبووین‌و ئەوان واتە زاواکەمان‌و فەرمانبەرە سلێمانیەکە هەڵنەدەستان, بەمنیان دەگوت ئەتۆ برۆ بخوێنە ئێمە خاوەنی میوانخانەکە دەبینین‌و کارمان پێیە, ئەمیش بۆئەوەی نەبا پارەکەم بۆ بدەن, چونکە پێشەکی پارەمان دابوو, هەڵنەدەستام, چەند جارێك تەلەفۆنیان بۆکرد زیاتر لەدوو کاتژمێر چاوەڕوانی خاوەنی میوانخانەکە گەیشت‌و لەگەڵ فەرمانبەرەکەدا باوەشیان بەیەکدا کرد, دیاربوو زۆر ناسیاوی یەکتری بوون, بۆیە پێیان راگەیاند کەئەوان خزمن‌و دەبێت ئاگات لێیان بێت , منیش وەڵامم دایەوەو پێم گوتن, ئەگەر براشمان لێرەبا هەروا دەبوو, بۆیە ئەو مرۆڤێکی باشەو زۆر شتی لێ فێربووین, ئیدی دوای ئەوەی زانیان پارەمان داوە, بریاریاندا من‌و دوو برادەرەکەم نیوەرۆ لەنێو بازاڕدا دەعوەت بکەن, فەرمانبەرەکەش چووە لای خاوەن میوانخانەکەو بەدەم چەند قسەیەکی لەسەرخۆوە بەدڵخۆشی‌و پێکەنینەوە تەماشای منیان دەکرد, منیش جگەلەوەی هۆشم تەنیا لای (سمە جاویدان) بوو جار جاریش بەکاك فەقێم دەگوت: خۆ هەموو لایەك باشن بۆردوومانی تۆپەکانی ئێران ناو شاری نەگرتۆتەوە لەنێو ئەم قسانەدا بووین خاوەنی میوانخانەکە پێی گوتم, جابرۆ ئەتۆ بخوێنە, تەنها دوو تاقیکردنەوەت ماوەو بیر لەهیچ مەکەوە, بەکاك فەقێشی گوت: خەمت نەبێ من لێرەم‌و ئاگام لێیان دەبێت تاقیکردنەوەشیان تەواو

بێت شەو رۆژێك لێرە دەیانهێڵمەوەو لەماڵێ دەعوەتیان ئەکەمو ئەیانێرمەوە قەڵادزێ.

من هەر ئەوکاتە هەستامو ماڵئاوایم لێکردنو چوومە نهۆمی سەرێ بۆ خوێندن, کەچووم برادەرەکانم خەریکی خوێندن بوون, ئەمیش کولیچەکەم هەڵگرتو گوتیان چیە بەشمان نادەی؟ گوتم نەخێر, نیوەڕۆ دەعوەتین مێزەکە دەکەینە گۆمی خوێن, زۆر نیوەڕۆیان دەچووینە چێشت خانە, هەموو داوای برنجو شلەمان دەکرد تەنها یەکمان دەیگوت بامریشکی لەسەربێ, دواتر گۆشتەکەمان بەش دەکرد پارەکەش یەك حساب بوو ,بۆیە دەمانگوت مێزەکە دەکەینە گۆمی خوێن, ئەو رۆژە کەچووین بۆ دەعوەتەکە چیمان حەزلێبوو خواردمان, ئەوان رۆشتنەوە قەلادزێو ئێمەش گەڕاینەوە میوانخانەکە, ئەورۆژەو تا سێ رۆژ کەدوا تاقیکردنەوەمان بوو خاوەنی میوانخانەکەمان نەدیتەوە بەڵام چوارشەمە کەدوا تاقیکردنەوەمان بوو گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکەو خاوەنەکەی لەوێ بوو, گوتی خۆتان کۆمەکەنەوە پیاسەی خۆتان بکەنو نیوەرۆ لەماڵەوە داوەتی منن, منیش لێی چوومە پێشو گوتم, زەحمەتە ئەویش وەڵامی داوەو گوتی: لەمرۆوە تاسبەی میوانی منن هیچ مەڵێنو برۆن پیاسەی خۆتان بکەن، ئێمەش چوینە بازاڕوماندوو بوونی سەختی سێ مانگ مێشك گوشینو زانیاری هەڵگرتنمان لەیاد

چۆوەو پیاسەیەکی دوور و درێژی شەقامی سالم‌و ناو قەیسەری‌و ژێر پردەکەو وێنەی جۆراوجۆری فیلمی سینەماکانمان بەسەر کردەوەو بریارماندا عەسر بچینە سینەما سیروان، کەفیلمێکی بیانی پر لەشەڕو شۆڕی تێدابوو، واتە زۆرترین خەڵك لەناو ئەم فیلمەدا دەکوژرێ، بۆئەوکاتە واتە هەشتاکان ئەگەر فیلمێك تەنیا قسەبا ، دەمانگوت هیچ نەبوو، شەڕی تێدا نییە سەرتان نەیەشێنم دوای ئەو پیاسە خۆشە گەڕاینەوە میوانخانەکەو لەگەڵ خاوەنەکەی بەئوتۆمبێلەکەی کە کرۆنەیەکی شینی ئاسمانی بوو چوینە گەڕەکی مامۆستایان‌و لەوێ جۆرەها خواردنیان بۆ ئامادەکردبووین بێ ئێوە ناخۆش کفتەی سلێمانی کەپر بوو لەقیمە یەك لەو خواردنانە بوو کەپێم عەیب نەبا هەمووم دەخوارد، دوای نان خواردن من‌و خاوەن ماڵ کەوتینە قسەکردن، ئەودیاربوو دەیویست شتێك بدرکێنێت، بۆیە جیای کردمەوەو چوینە بەردەرگای ماڵیان‌و چاشیان بۆ هێناینە وێ، لەوێ پرسیاری کردو گوتی: ئەو دوو رۆژەی دیارنەبووم لەقەلادزێ بووم چوومە ئەو باخچەی لێتان دەخوێند، بەچاوی خۆم ناوی (سمە جاویدان)م دی لەسەر دارێك هەڵکەندرابوو، تۆ قەت ئەو پێشمەرگەیەت نەدیوە بەوێدا رەتبێ؟ یان کەسێکی دی شك نابەی ئەو ناوەی هەبێ؟

لەراستیدا ئەمن رەنگم زەرد بوو, جارێکی دی ترس زۆر شتی لەبیر برمەوە, بۆیە گوتم, ئەو کابرایە کێیە, گوتی: بازۆر نهێنی بێت ئامۆزامە, ماوەی زیاتر لەسێ ساڵە سۆراغی نییە بەلاّم دیتنی ئەم ناوە لەسەر ئەو دارەی ئێوە لێتان دەخوێند ئومێدی بۆ دروستکردینەوە, ئەگەر زانیاریشت نییە دەتوانی پرسیاری لێبکەی‌و بۆم بدۆزیەوە؟

ترسی خەتا بەسەر داهاتن دیمەنی کەوتووی کابرایەکی قەبەی هەڵئاوساو لەگەڵ ئەو خاوەن میوانخانە یەکانگیر ببوون‌و تەنها بیرم دەکردەوە.

گوتنی راستیەکان بۆمن کێشەبوو نەدرکاندنی نهێنیەکەش ئازارێکی بەردەوام بوو, بەلاّم کەسایەتی ئەم پیاوە باشە وایلێکردم بەسەر چیرۆکەکەم‌و تەواوی ئامۆژگاریەکاندا بچمەوە, چونکە جگەلەوەی راستی رووداوەکە ئاشکرا دەبوو, ئەم نهێنیەش یەکلا دەبۆوە و ئیدی بیرم لێنەدەکردەوە، بۆیە بێ دوو دڵی‌و بەلاّم زۆر وریایانە پێم گوت, ئەو ناوەی لەسەر دارەکە هەڵکوڵدراوە من نووسیومە, زۆر بەپەرۆشەوە گوتی چۆن دەیناسی؟ پێم گوت ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی ناوم ناهێنی‌و دووچاری کێشەم ناکەی بۆت دەگێڕمەوە گوتی: پرسیاری ئێوەم کردووەو لەدوکانی براکەت لەقەلادزێ چاشم خواردووەو خێرا پێم بڵێ‌و دڵنیابە زۆر نهێنیە, منیش تەواوی چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە, پیاسەیەکی کورتی کردو گوتی: ئەوەی


بۆمنت گێرایەوە نهێنی دەبێ باکەسیماڵەوە نەزانێ, جگەرەیەکی دا بەمنو گوتی بابچینە ژورێ، بەلاٚم زۆری نەبردوو گەڕاندمیەوە گوتی: چی لەبەر بوو رەنگیت نەدی منیش گوتم ئەوەی لەبەرچاوم ماوە دەمو چاوی خورابوو چەندی بلێی ئەستوور ببوو, بەلاٚم قەمسەڵەکەی مغاویری عەسکەری بوو ,لەبەر ئەستوور بوونی بەشێك لەقۆپچەکانی پچڕابوون, لەسەر تەختەی قۆنداغەکەشی ئەو ناوە بەنێزە یان شتێکی تیژ هەڵکوڵدرابوو ئیدی وەك پێم گوتی لەترسان رامکردوو نەمتوانی ئاوڕیش بدەمەوە، گوتی: بەداخەوە جارێکی دی ئومێدەکان کوژانەوەو باهەروا بمێنێ تکایە باسی مەکە, ئەمیش روم تێکردو گوتم:

تۆش نابێت ناوی من بهێنی چونکەلەوە دەترسم من تاوانبار بکرێم, خۆت دەزانی ئەوان سەربە لایەنێك بوون و ئێمەش لایەنەکەی دژ بەوان, ئەم راستیانەی بۆم باس کردی مەترسی لەدواوەیە, هەم لەلای رژێم هەم ئەو ناکۆکیە ترسناکانەی لەنێوان لایەنەکانی چیادا هەن, سەری رەزامەندی بۆ شلەقاندمو چوینەوە ژوورێ, بەلاٚم هەردوکمان وەك پێویست سیمامان بۆ کۆنترۆڵ نەدەکراو هەرگیز نەماتوانی ئەم چەند ساتە وەك پێشووتر تێپەڕێنین، بۆیە من داوای ئەوەم کرد بچینەوە بازاڕو ئەگەر یارمەتیمان بدەن هەر ئەمرۆ بڕۆینەوە, خاوەن ماڵەکەش گوتی: ها ئەوەندە بیری شارەکەتان دەکەن,

ئەمشەویش هەر میوانی منن‌و سبەی دەڕۆنەوە, هەرچۆنێك بێت خۆم لەو ساتە دژاوارانە قوتار كردو لەماڵ هاتینە دەر ئێمەی گەیاندە بازاڕو خۆشی رۆی زۆر هەوڵمدا پێمەوە دیارنەبێ بەلاّم نەمتوانی‌و بەر لەوەی بچینە سینەما چیرۆكەكەم بۆ ئەوانیش گێڕایەوە ئەوانیش بەم رێكەوتە سەیرو سەمەرە دووچاری رامان بوون‌وچونكە ئەوانیش تەواو لەخاوەنی میوانخانەكە دڵنیابوون, بۆیە سەرزەنشتیان نەكردم‌و بەڵكو پێشیان خۆش بوو, كەنهێنیەكە یەكالأبۆوە, ئەو رۆژە سینەماو پیاسەی خۆمان كردو گەڕاینەوە میوانخانەكە كەچووین خاوەن ماڵ‌و برایەكەی لەوێ بوون, زۆر بەروخۆشی پێشوازیان لێكردین, دوای چا خواردنەوە هەوڵیاندا بەتەنیا قسەم لەگەڵ بكەن ,بەلاّم تێم گەیاندن كەئەم دوو هاوڕێیەم نهێنیەك لەنێوانماندا نییەو تەواوی رووداوەكەیان ئاگا لێیە, بۆیە ئەمشەوەش ئێمەیان بردەوە ماڵ‌و بەدرێژایی‌و بەوردی جارێكی دی تەواوی رووداوەكەم بۆ براكەی گێڕایەوە, ئەوانیش بریاریاندا لەگەڵمان‌و بەسەیارەی خۆیان سبەی بمانبەنەوەو سۆراغی زیاتر بكەین, بەپێی ئەو نەخشەیەی ئەو شەوە دامانڕشت, سبەی كەپێنج شەم بوو چوینە قەلادزێ‌و شەو لەماڵی خۆمان ماینەوەو بەیانیەكەی بەهەمان ئەو رێگایەی من خۆم گەیاندە سندۆلاّن من‌و برای خاوەن میوانخانەكەو كاك فەقێ‌و یەك لەبرادەرەكانم گەڕاینەوە ئەوبەری زێیە, بەلاّم ئەمجارەیان بێ ترس,

ئەوەی گومان بێ نەمبوو, چونکه یەکەم دەمانچەمان پێ بوو دووەم تەنیا نەبووم سێیەم بەدوای نهێنیەکی شاراوە دەکەوتم ،لەنێوان چیای ئاسۆس‌و زێی بچووك چوارکەس دەرۆیشتین تا زۆر بەزەحمەت ئەو شوێنەم ناسیەوە کەلاشەکەی لێکەوتبوو هەڵبەتە نەلاشەومابوو, نەکلاشنکۆف‌و نەکەسیشی لێبوو پرسیاری لێبکەین, هەموو ئەو دیمەنانەی دیتبووم ئەوانیش دیتیان بەڵام بەبێ ئەنجام, چونکه دوساڵ تێپەڕیبوو واتە دووساڵ ئاو هەستان‌و بارینی بەفرو باران, دووساڵ هاتووچۆی ڕێبواران‌و پێشمەرگە دووساڵ هاتنە سەر ئاوی جۆرەها ئاژەڵی دڕندە, بۆیە تاکە چارەسەر پرسیارکردن بوو لەپیاوانی چیا بەتایبەت ئەو لایەنەی ئەوی تێدابوو, تا دوا زانیاری کۆبکەنەوە, بەڵام پێدەچوو خەتایەك لەپشت ئەو نهێنیەوەبێ, بۆیە برای خاوەن میوانخانەکە گوتی: با بپەڕینەوەو بگەڕێینەوە شار پێناچێ لێرە هیچ زانیاریەکم دەست کەوێ, بەڵام ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجی ئەو برادەرانە بوو کەچۆن بەتەنێ ئەو ڕێیە دوورەم بڕیوە , دواتر ئەوانیش زۆر ماندوو ببوون, بۆیە بەهەمان ئەوشوێنەی پێیدا گەڕامەوە قەڵادزێ بەوێدا هاتینەوەو ئەوان گەڕانەوەو منیش هەمیشە ئیدی بەبێ ترس پرسیارم دەکرد, تا ڕاپەڕینی 1991جارێکی دی خاوەن میوانخانەکەم دیتەوەو نهێنی مەرگی (سمه جاویدان) ی بۆ باسکردم‌و پێی گوتم: بەبرینداری کەوتۆتە ناو زێیەو

ئەو گروپەی لەگەڵیشی بووە, لە 15 پێشمەرگە چواریان رزگاریان بووەو ئەوانی دی بەسەر بۆسەدا کەوتوون‌و شەهید بوون, سمەش بەبریندار‌ی لەسەر کەڵەك دەکەوێتە ناو زێیە بەڵام لەسەروی نورەدین دەکەوێتیٚو تۆش لەسندۆڵاٚن دیتوتەوە بۆیە ئێستا ئەو گۆڕ ونە,. بەڵام کەس‌و کارەکەی سەربەرزن پێی‌و هەموو ساڵێ دێنە سەر بەنداوی دووکان‌و فاتیحای بۆ دەخوێنن‌و گوڵ دەخەنە ناو ئاوەکەو سلاٚو بۆ ئازایەتی دەنێرن، کوڕەکەی وەك دایکی دەڵێ هەر لەخۆی دەچێت ناوی لەخۆی ناوە جاویدان, هەمیشە دوا دیمەنی باوکیان لەچاوی مندا دەبینن‌ولە تەماشاکرنیشیان بۆ ناو ئاوەکە پێدە چێت لە سیمای باوکیان بگەڕێن، سەرنج دەدەنو ورد دەبنەوە فرمێسکیان دەڕژێننە ناو دەریاچەکەو بەدەم چەند هەنسکێکەوە لەبەر خۆیان ئەیرەقیب دەڵێنو رابردوو هەموو ژیانیان داگیر دەکات بۆیە دواجار خواستی خۆیان ئاشکرا دەکەنو دەڵێن: دەخوازین یەك لە لوتکەکانی چیای ئاسۆس یان روبارە سەر شێتەکان ئەوانەی دەرژێنە ناو زێی بچووك ناو بنرێ (سمە جاویدان).


پارچەبوون
(c) Erik Johansson

# پارچەبوون

رێك لەتەمەنی حەوت ساڵیدا بووم، ئەو تەمەنە ناسكەی كە لێواو لێوە لەبەرائەتو گەمەو رووداوە تۆماركراوەكان. ئا لەو تەمەنە خاوو نیانەدا بووم كە بەو چاوانەی خۆم دیتم پارچەكانی ئامانە شێت كۆ دەكەنەوە، ئەو ژنە بالا بەرزو لاوازەی كە هەمیشە پرچە سپیو ئالۆزەكانی تا نێو پشتی هاتبوون، رۆژ نەبوو شەقامی خانەقا سرتەی پێیە نەرمو بێدەنگەكانی ئەو نەبیستێ.لەشۆڕبوونەوەی بەگەڕەكدا منداڵ لێی كۆنەدەبوونەوە ، چونكە ئەوانیش دەیان ناسی و بەنیانی ودنیا پڕ لەنهێنیەكەی راهاتبوون ، ئاخر گەڕەك بێ ئامانە شێت چۆڵ بوو، بێ ئەو چۆلەكەكان نەدەدیتران و بەرەو نەدیوەكان دەڕۆشتن ، ژیان تاریك دەبوو بێ پرچی ئەو پرچە سپی و سۆڵەكانی هەرزوو

شــەو دادەهــات .بۆیــە هەرچــەند ئامانەشــێت دەركەوتایــە گــەڕەك روناكترو شاریش هێمنتر ، ساڵەكان بەو نەدەوێران چونكە تادەهات باڵای بەرزتر دەبوو،هێمنترو سپیتر دەبوو ، بێدەنگی ئەم ئافرەتە پڕبوو لە نهێنی ئەو هەڵگری رۆژانێكی سەخت و دژوار بوو بۆیە هەمیشە ناوە راستی شەقامی دەگرت و ئەوەی بەلایدا تێپەڕیبا سڵاوێكی لێدەكرد ، بەڵام هەرگیز وەڵام لای ئەو نەبوو ، ئەمن ئێستاش گوێم لە دەنگی ئەو نەبوو هەروا لێشی نەدەترسام ، پێشتر پێم گوترابوو كەشێتەكان دەست دەوەشێنن بەڵام ئامانە شێت وانە بوو هەمیشە لە خەڵوەتا بوو جوانیەكەی تیشكی دەداوە ، تەنها بەناو شێت بوو ئەگەرنا جگە لە خۆی زیانی بۆ كەس نەبوو ، بۆیە خۆشەویستی ئەو لەدڵی تەواوی خەڵكی ئاوایدا بوو، بەڵام زۆری نەخایاندو رۆژو ساڵەكان زوو تێپەڕین،

ئەو رۆژە گوللە تۆپێكی ناكاو لەو تۆپە كوێرانەی رۆژانە شارەكەمی دەكوتا  ئەوی پێكا،بەجۆرێك راستەوخۆ تۆپەكە بەو كەوتبوو، بۆیە هەلا بەهەلابوو، ئەو رۆژە بێدەنگی بەكۆتاهات فەقێیەكانیش بۆ كۆكردنەوەی پارچەكانی ئامانە شێت سەربان‌و دارو دیواری شەقام دەگەڕان، ئەو رۆژانە منێكی بارگاوی بەترسی خوێن‌و دیتنی مەرگو خاش خاش بوونی پەنجەرەكان، بۆ یەكەم جار پارچە گۆشتی مرۆڤم بینی، بۆ یەكەم جار پژانی خوێن‌و كون كون بوونی عەمودی ئاسنین‌و هەڵوەرینی دەست‌و پەنجەكانم بینی، پێشترو لەو تەمەنە

کرچو کاڵەمدا نەمبیستبوو مرۆڤ لەماوەی چرکە ساتێکدا بەم شێوەیە هەلا بەهەلا دەبیٚو پارچەکانی شیتەڵ دەبنەوەو هەناوی ئەم بۆگەنە ناخۆشەی لێدیٚ، بۆیە ترسام، ترسێك هەموو ئەو دەعباو دڕندانەی لەبیر بردمەوە کە لە حکایەتەکانی شەواندا بیستبوومن، تێگەیشتم ژیان کۆتایی هەیە مردن لە هەر چرکەیەکدا بێت دێت و شێت و منداڵ و پیاو ناناسیٚ ، ئاخر ئەوڕۆژانە گەرمەی هەڵوەشانەوەی خەونەکانی ئۆتۆنۆمی بوو ، سەرەتای جەنگێکی درێژخایەن بوو کەدەیان و سەدانی وەکو ئامانە شێتی تێدا پارچە پارچە بوو، دەستپێکی جارێکیتر ژێردەستەیی وخەباتێکی درێژ خایەن کە سەرەتاکەی لە ئاسۆ دابوو بەلاّم کۆتاییەکەی نادیاربوو، ئەو کاتانە بوو کەهێشتا خەڵکی شارەکەم لە ئاوارەیی نەگەڕابوونەوە زەنگی ئاوارە بوونێکی دی دەبیسترا ئەو رۆژە خوێن بێئومێدی هەڵڕژاند، ژیان بۆ چەند چرکە ساتێك وەستا.

پارچەکانی ئامانە شێت لە عەسەرێکی 74 دا کۆکرانەوە، خرانە ناو ئەو گونیانەی خوێنیان لێدەچۆڕا، خوێنێك شەقامەکانی وەك چاوی منو منداڵەکانی گەڕەك سوور داگەڕاندبوو، خوێنێك هەر لەو ساوەو تا ئێستا لەنێو پارچەکانی ئەم نیشتمانە سڕبووە لە رژان دایە.ڕوداوەکان هەردێن و تەواو نابن ،منالێمان لەخۆیەوە دەباو لاویەتیشمان هەڵدەوەرێنیٚ ،

ئـەو رۆژە قۆنـاغی تـرس‌و كۆكردنـەوەی پارچـەكان لەتەمـەنی منـدا دەستی پێكرد، پێم وابوو هەر كەسێك شێت‌و تـەنها بـێ هـەلا بەهـەلا دەبێ‌و پارچەكانی كۆدەكرێنەوە، ئەو رۆژە مردووم بەو چاوانەی خۆم دیت‌و تێگەیشتم نهێنییەكانی بـوون ئـالێرەدا كۆتـایی دێـت، ئـا لێـرەدا شـێوەكانی مـرۆڤ دەگـۆڕێ‌و گەمـە راسـتەقینەكان دەسـت پێدەكـەن، چـونكە ئـەو گەمـە منالّیانـەی شـەوانی شـەقامەكانمان پـێ ئـاوەدان دەكردەوە قەرا قەرایەن بوو، ئەو گەمـە خۆشـاردنەوە بـوو لـەو پـەناو پەسـیوانەی لەنهێنیـدا نقـوم ببـوو، ئـەو گەمانـە بوونـە خۆشـاردنەوەیەكی راسـتەقینە لـەناو ئـەو كونـە تـۆپ‌و تەیارانـەی لەهـەموو حەوشـەی مـالّێكی شـارەكەمدا هـەبوو، ئـەو رۆژە سـەرەتای گـۆڕانێكی خێرابـوو لـە پرۆڤـەوە بـۆ نمـایش‌و لـە حیكایەتـەوە بـۆ كاركتەرێكی زیندوو، تا رۆلّ لـەو شـانۆگەریەدا ببینـم، كـە پـەردەكانی لەچـەند پارچـەیەك‌و تیلمـەی كراسـە وونجڕبووەكـەی ئامانـە شـێت دروست كراون، شانۆگەرییەك بـە بۆردومـان‌و رشـتنی گـازی ژەهـراوی دەسـتی پێكـردو دواتـر ئـەنفال‌و كـۆڕەو ئـەو جـار بـەئازادی‌و لـەناو چوونی بەهاكان كۆتایە هات.

چونكە بەردەوامبوونی تراژیدیاكان‌و دووبارەو چەند بارەبوونەوەی پارچـەبوون، پارچـەو هەلاهـەلابوونی ئەوانـەی لـەپێناوی چـوار پارچـەو دوو پارچـە بوونـدا تێدەكۆشـان، منـی هـەراش كـردو لـەناو ئـەزموونی خۆشـاردنەوەیەكی گـەماوی‌و تـەفرو تونـابوونێكی

راستەقینەدا ئەوانەم ناسی کە تاکو کۆ بەیەکەوە پارچە دەکەن‌و دواتریش دوای چەندین ساڵ ئەو ئەکتەرانەم ناسی کە رۆڵی دێو لەشانۆگەرییە راستەقینەکاندا دەبینن‌و وەکو لەشکرە ترسناك‌و بێ ئامانەکانی ناو ئەو حیکایەتانەی باوکم بۆی دەگێڕاینەوە، هێرش دەکەنە سەرمان‌و پارچە پارچەمان دەکەن.

پارچەبوونی ئامانە شێت ئەو ژنە باڵا بەرزو لاوازەی کە هەمیشە پرچە سپی‌و ئاڵۆزەکانی تا نێو پشتی هاتبوون، سەرەتایەکی ترسناك بوو بۆ ئەو ئێستایەی پارچەبوونی لێوە فێربووین، چونکە سەرەتای ونکردنی ئایدیاکان بوو لەناو کەلتورێکی کۆندا کە مرۆڤی تێدا بێ بەها کرد، مرۆڤی بەدەستی مرۆڤ پارچە پارچە کردو سەرەتای کوشتن‌و ناشتنی ئەو جوانیانە بوو کە هەتا ئێستاش پارچەکانی بزرن‌و بزربوونێك کە پێناچێ لەناو پارچەکراوەکاندا مابن.

ئاخر گرێدانەوەی کۆبوەونەوە داخراوە پڕ لەنهێنییەکان، ئەوانەی لێرەو بەغداو دیمەشق و تاران و ئەنکەرە بەرێوە دەچن هەمان ئەو موچڕکە ترسناکەم وەبیر دەهێنێتەوە کە لەپارچەبونی ئامانە شێتدا بەجەستەمدا رەتبوون‌و لەدابەشکردنەوەی پۆستەکانیشدا بە کۆتاهات.

رێك لەتەمەنی حەوت ساڵی دابووم، ئەو تەمەنە ناسکەی کە لێواولێوە لەبەرائەت‌و گەمەو رووداوە تۆمارکراوەکان، کە دیمەنی تراژیدیای پارچەبوونی جەستەی مرۆڤێکی بێ گوناه و تاوانم دی، ئەو رۆژە

کەسم نەدی شینی شێتانە بۆ مرۆڤێکی بێ کەس بکا، بەڵام فرمێسکەکانی من کە لەترس و نهێنیدا دەڕژان، هەڵپەڕین و هەنسکێکی بەردەوامی لەهەناومدا دروستکردبوو کە تا ئێستاش لەگەڵ هەر ترسێکی پارچەبووندا دووبارە دەبێتەوە. هەر لەو تەمەنە ناسك و نۆڵەدا بووم بەو چاوانەی خۆم دیتم ناپاڵم شەقامی شارەکەمی کردە گۆمی خوێن و شێت و عاقڵ و ژن و منداڵی کردە قیمە، مرۆڤایەتی لەوێ هەڵوەری ،چەکە قەدەغە کراوەکان بەسەر ئێمەی بێتاواندا تاقیکرانەوە بەبێ ئەوەی یەك وڵاتیش نقەی لێوە بێ ، منێکی منداڵیش لە جیاتی گەمەو قەراقەرایەنی شەوانە فێرە هەڵگرتنەوەی قەوانە بەتاڵەکان بوین ،گوێمان بە ریژنەی گوللەکان راهات ، بۆیە ئا لەوێوە لە پارچەبوون راهاتم، راهاتنێك زنجیرەیەك کارەساتی یەك بەدوای یەکی بەدواداهات، هەر لە بۆردومانکردنی شارەکان کە بەوێران کردن و لەت و پەتبوونی مرۆڤ کۆتایی دەهات، تا دەگاتە ئەو تەقینەوەو خۆکوژی و ریسواکردنەی لەنێو هەولێردا بەدەستی ئاژەڵە گۆشکراوەکان ئەوانەی پیرۆزی رۆژەکانیان کوشت و بەکۆمەڵ مرۆڤەکانیان پارچە پارچە کردو سروشتی هێمنیان لەبەریەك هەڵوەشاند، ئا لەو شوێنەدا لەپارچەکردنی مرۆڤ راهاتم کە گروپە سەیرو سەمەرەکەی شێخ زانا بەچەقۆ کەوتبوونە گیانی ئەو پەپولانەی باوەشێنی ئازادیان دەکردو ئەنجام لەنێو رۆژە پیرۆزەکاندا پارچەکران، لەوێ رێك لەو کاتانەدا بوو پارچەبوون لای من دیمەنێکی

سواوو كۆن بوو، بـەلاّم لای ئەوانـەی نەیانـدیبوو سەرچاوەی ترسـێكی ئەستوور بوو، ترسێك تا هەنوكەش رۆژەكانی جـەژن‌و بۆنـە ئـایینی‌و كۆمەلاّیەتییەكان بەساردی تێدەپەڕن‌و وەك تـەمێك ئاسمـانی هـەولێر دادەپۆشێ، بۆیە سەرجەم ئـەو هەولاّنـەی هـەتا ئێستاش بـە ئامـانجی دووبـارە نەبوونــەوەی پارچــەبوون دەدرێ، پارچــەبوونی جەســتەو خـاك‌و سـنوورو هەرێمـەكان ئـەو سـنوورو هەرێمـەی كـە هەمیشـە سەرچـاوەی پارەچـبوونی هەموومانــە، هــەموو ئــەو  هەولاّنــە بــۆ پاراسـتن‌و بـەردەوامبوونی ئـەو پارەچـەیە كـە زۆربـەی هـەرە زۆری دیمەنـە تراژیـدیاو لـەت‌و پەتبوونـەكان لـەوێ تاقیكرانـەوە، ئـا لـەوێ دوژمنــانی جــوانی‌و فانتازیــابوون دەرفــەتیان وەرگــرت پرســەیان بەهەمووماں دانا. ئا لەو ساتانەدا بـوو پارچـەكانی سـەركردەو منـاڵ‌و خەڵكی ئاسایی تێكـەڵ بـوون‌و كردیانـە جەژنانـە، لـەجیاتی چـوكلیات بەســەر هــەموو ماڵێكــدا دابەشــكرا، ئــەو رۆژانــە رێــك دیمــەنی پارچەبوونی ئامانە شێتیان هێنامەوە بەرچاو كـە ژنێكـی بـالاّ بـەرزو لاواز بوو هەمیشە پرچە سپی‌و ئالۆزەكانی تا نیـوەی پشـتی هـاتبوون، ئەو رۆژە بەنەمانی شێتێك كۆتـایی هـات‌و بـەلاّم سـەرەتای شـێتبوونی هەموومان بوو شێتبوون لەناو تراژیدیا بەردەوامەكان‌و تۆقاندنی ئەو وەچانەی لەوێوە لەدایكبوون، ئەو وەچانەی لەلایەن ئەوانـەوە پارچـە كران‌و دوایی فێرە پارچەكردن بوون.

پارچەبوونێك لەناوی ناوەوەماندا گەورەبووەو گرێدانەوەو دوورانەوەی تەنهاو تەنها لەترسی لەبارچوونی هەموو شتەكانە، ئەگەرنا نێوانی پارچەكان هەر هەیەو دیمەنی پارچەبوونی ئامانە شێتو خنكانی هەڵەبجەو جێژنانەی قوربانو موچوڕكەكانی شێخ زانا، فلمێكن رۆژانە هەر هەمووومان دەیبینینو هەندێ جاران دەرهێنەرو كاراكتەرو قوربانییەكانیش هەر بۆ خۆمانینو خۆشمان بینەرو رەخنەگرو وتارخوێنی بڵندگۆی مزگەوتەكانین.

بۆیە لەیەكەم بینینی دیمەنی پارچەبوونی ئامانە شێتدا تێگەیشتم،كۆچە ناوادەكان دێن وبەخێرایش ون دەبن كەسێ نیە بەدوای هۆكارەكانەوە بێ كۆچ دێو زۆر بەخێرایی بەبەر دیدەماندا رەتدەبێ دەڕواو ئیدی بەدوادادێ ، بەردەوامیەك هەیە لە كۆچدا كە هەرگیز بە منێكی منداڵ شینابێتەوە، هەموو دەستكەوتو پارچەبوونەكان لە هەلا هەلا بوونی ئامانە شێتەوە هاتنو بێرەدا رەتبوون، رەتبوونێك كتو مت گەورەبوونی منو تێپەڕبوونی خێرای تەمەنی لاویەتیم، كە پێم سەیرە لەناو ئەو تەمەنە سركو بزێوەمدا پارچەپارچە نەبووم!!!؟.



# ژوان....

# بەناو پێچەکانی بیرەوەریدا

# ژوان....

# بەناو پێچەکانی بیرەوەریدا

ئەو رۆژەی بۆیەکەمجار هەستەکانم ئاڵۆز بوون‌و جەستەم باری نائاسایی راگەیاند, تەمەنم تەنها پازدە ساڵ بوو, نیگا گۆڕینەوەکان لەگەڵ چرۆی هاوسێی دووکانی براکەم بەکۆتا هاتبوو, دەبوو ئەو رۆژە یەکتری ببینین‌و منیش لەترسان‌و لەخۆشیان سات لەدوای سات شێوەی دەم‌و چاوم گۆڕانی بەسەردا دەهات, پێم وابوو ئیدی لێرەوە ئەرکەکانی ژیان قورستر دەبن‌و دەبێت لەپاڵ کاری رێکخراوەیی کە زۆربەی شەوان دەردەچووین‌و دیواری گەڕەکمان پڕدەکرد لەنووسین، دەبێت لەمرۆوە بەرپرسیاریەتێکی دیش لەکۆڵ نێم‌و بەشێك لەژیانم بدەم بەو کچەی زیاتر لە ساڵێکە خەریکی نیگاو نامە گۆڕینەوەین.

دەرسیمی هاوڕێمماڵیان لەسەر رێم بوو, ئەو هەموو رۆژێ چاوەڕێی ئەوەی دەكرد لەدەرگایان بدەمو وەك رۆژان بچین بۆ پیاسەو باس لەئەركی شەو و ناوەڕۆكی ئەو نامانە بكەین كەلەئازیزانەوە بەدەستمان دەگەیی. كەلەماڵ دەرچووم دەرسیم بەرەو رووی من دەهات هەر لەدوورەوە پێی گوتم دواكەوتی, كەلێم نزیك بۆوە چاوەڕێی نیوەڕۆباشی نەكرد, بۆیە گوتی: هەتیو زۆر گۆڕاوی دەڵێی ئەمڕۆ كارێكت بەدەستەوەیە؟

منیش پێم گوت: كوڕە فریام كەوە, سەعات دووی دوای نیوەڕۆ دەبێت چرۆ ببینمو رووبەروو قسان بكەین, زۆر دەترسمو پێم وابێ غیرەتی ئەوەم نییە ئەوانەی لەنامەكاندا نووسیومن بیان لێم.

دەرسیم یەكسەر هاتە سەرخەتو پێی گوتم خەمت نەبێ, لەگەڵت دێمو چەكو قومبەلەو تەواوی پێداویستیەكان دێنم.

منیش پێم گوت: هەتیو خۆ بۆ شەڕ ناچین, ئەمن ژوانم هەیە, ئەوە چ دەڵێی؟

ئەو گوتی: تۆهەقت نەبێ چت پێدەڵێم وابكە, چەك لەكاتی وادا لەبراش باشترە.

دەرسیم چەند بلێی كوڕێكی عەجولو ئازابوو, شەوانە بێ تفەنگ نەدەهاتە دەرو ئەو شەوەش كەكاری نووسین یان چالاكیەكمان هەبا, سەری كۆلانەكانی دەگرتو منیش بەبێ ترس قوتوە بۆیاغەكانم

لەسەر دیوارەکان خاڵی دەکردەوە, تەواوی نهێنیەکانی یەکتریمان دەزانیو بەبێ یەکتریش هیچمان نەدەکرد, بۆیە ئەمجارەیان پێم گوت:

سەعات دوو چۆن دەتوانی تفەنگ هەڵگری خەڵکی دەمان بینن‌و دواتریش چرۆ لەوانەیە زراوی بچێ, هەرگیز ئەوە نابێ رووبدات.

دەرسیم گوتی: مەترسە چارەی دەکەم‌و تەنیا پێم بڵێ ئەو شوێنەی بۆی دەچن کوێیە؟

منیش بێ پێچو پەنا گوتم, خانووی مام خدری زیاتر لەهەفتەیەکە چۆڵەو لەوێ ژوانمان هەیە, دەبێ سەعات دوو بچینە وێ.

دەرسیمیش گوتی: باشترین شوێنە خەمی هیچت نەبێو بەیەکەوە دەچین.

ئەم خانووە بەسەر چۆمیدا دەیڕوانی, لەکۆلانێکی تەسك دابوو, ئوتۆمبێل نەدەگەیشتە وێو هەروا بەرامبەریشی شوێنی سەربڕینی مەرو مالات بوو, دوای نیوەڕۆیان چۆڵو هۆڵ بوو, هەروا بێتەوە, خانوەکە دوو هۆدەو هەیوانێك بوو, بە گردێکەوە دروست کرابوو کەدەیڕوانیە بەری ئەسحابان‌و دەرگاکەی هەرپاڵێکت پێوەنابا دەکرایەوە, ئێمە ئەگەر کۆبوونەوەی حزبیمان هەبا دەچووینەوێ چونکە مام خدر یەك لە پێشمەرگەدێرینەکان بوو. بۆیە باشترین شوێنێك بوو کەبۆ ئەم ژوانە هەڵم بژاردبوو, بەلام تا لە ساتی ژوان

نزيك دەبوومەوە هێندە زياتر ترس دايدەگرتم‌و رەنگم دەگۆڕا, دەرسيميش دەيگوت: مەترسەو منت لەگەڵم, بۆ دەترسی؟ ئەوە چەندين مانگە وەكو كۆتر بەدەوری ماڵياندا دەسووڕێيەوە ئەمرۆ دەيبينی, بۆيە دەچين‌و ئەوەی لەناختدايە بۆی هەڵڕێژە, مەترسەو شوێنێكی زۆر باشت هەڵبژاردووە ، تادەهات كات بەرەو نزيك بوونەوە دەچوو, بۆمنيش لێدانی دڵ خێراترو بێدەنگيش زياتر زوو زووش بەدەم پياسەوە دەرسيم دەيگوت: هەتيو ئەتۆ چەند شەوێك پێشتر لەبن رەبيەی ميوانخانەكەی مەلا حەسەنی درووشمت نووسی نەترسای ، خۆ ئەمرۆ ناچيەوێ, رەبايە ناگری؟ بۆوا رەنگت گۆڕاوە؟ مەترسەو منت لەگەڵم.

دەرسيم راستی دەكرد زۆر گۆڕابووم بەلأم خۆزگەم دەخواست ئەركی رەبايە گرتنێكيان پێسپێردبام نەك ئەو ژوانە نەعلەتيەم دانابا، زۆر پەشيمان بووم بەلأم تازە كار لەكار ترازابوو كەڵكی پەشيمان بوونەوە نەمابوو، قەت نەمدەزانی ژوان ئەوەندە بەترسە شەرتبێ بڕيارمدابوو ئەوجارەی لەم تەنگانەيە رزگاربم هەرگيز بير لە ژوانو موانان نەكەمەوە، بابە بيلالاهی نامە گۆڕينەوە بەسە بۆ ئاشقان چونكە ئەوەی حاڵی ئەو رۆژەی منی ديبا كيژی كافرۆشی بۆ بێنن دەڵێ نەبابە ئەمن بەلای شتيوادا ناچمو وەكو ئەو شێتەی خۆم ناكەمە فيلم، ئاخر برواتان بێت دەتگوت بۆ سێدارەم دەبەن.

ژوان تا دەها نزیك دەبۆوەو دەنگی دڵیشم خێراترو زیاتر دەبوو, بۆیە پێویستم بەوەبوو غیرەت بدەمە بەرخۆمو نەترسانە بەرەو روداوێك بچم کەپێشتر نەمدیوەو تەنها خەیاڵی شەوانەم بووە, کات دەرۆشتو منیش بەرەو دادگای خۆشەویستی ئەوەی دەمزانی لەبیرم چوبۆوە, پەشیمان بوونەوە لەژوان کاتی بەسەر چووبوو,, دەرسیم پێی گوتم: لێرە راوەستە دەچمەوە ماڵو دێمەوە, نێوانی منو ماڵی دەرسیم چەند هەنگاوێك بوو, هەروابێتەوە دەرسیم ئەوەندەی پێنەچوو, کەچی پێم وابوو لەبیاباندا بەتەنها جێماومو کاتیش نەدەڕۆی, نازانم بۆ نەمدەویست یەك چرکە دەرسیم لێم دوورکەوێتەوە بۆیە کەدەرسیمم دی لەماڵ هاتە دەر, گەشامەوەو هەموو گیانم بووە هێزوو غیرەتو توانا, هاتەلامو ژێر پشدێنەکەی هەڵاوسابوو, پێم گوت ئەوەچت هێناوە, گوتی: تەنها قومبەلەو دەمانچەیە راست دەکەی تفەنگ هەڵگرتن کاتی نییە بابڕۆین ئیدی کاتی بیرکردنەوەو گفتوگۆ بەکۆتا هات, بەبێ دەنگی بەنێو کوچە تەسکەکاندا خۆمان گەیاندە شوێنی دیاریکراو, بەو شوێنانەشدا دەرۆیشتین کە کەمترین خەڵکی پێدا دێ چونکە لەم ساتانەدا باشترە کەسە نزیکەکانیش نەتبینن ، کەچووم بۆیەکەمجار چرۆم بەعەباوەدی, رۆیشتین بەبێ ئەوەی سڵاو لەیەکرتیش بکەین بەڵام دەرسیم سڵاوی لێکردو ئەویش بەترسەوە

وەلاّمی دایەوە, کەگەیشتینە بەردەرگای جگە لەدوومندالّ کە گەمەیان دەکرد کەس دیارنەبوو, خۆمان بەژورێدا کردوو مالّ چۆلّو هۆلّ بوو, تەنانەت یەك شتی لێنەبوو لەسەری دانیشین دەرسیم چووە, دیوێکو گوتی: قسەی خۆتان بکەن, ئەمن پێم وابوو تەنیا من دەترسم, کەچی چرۆ لەمن خراتر بوو,

پێم گوت: چۆنی؟

گوتی: باشم

گوتم: ناترسی؟

گوتی: نە...لەچی بترسم؟

هەستم بەدرۆ گەورەکەی کرد بەلاّم بەسەرخۆم نەهێنا چونکە لەناو ئەوهەموو میکیاجەدا زەرد هەلّگەڕابوو.عەبایەکی بەخۆیدادابوو دەتگوت قەلە رەشە بەلاّم کە دەم و چاوی دەرکەوت زۆر جوان بوو، بۆیە دەمویست قسان بکەم نوتقم گیرابوو.

بێدەنگی تەنیایی داگیرکردینو هەموو ئەو قسە قەلّەوانەی لەنامەکاندا بۆ یەکتریمان دەنووسی لەبیرچوونەوە, وەك دوو نەزان, لەبەردەم یەکترداو بەپێوە, شەرممان لەنیگاکانی یەکتریش دەکرد, هەرودووکمان رووومان لەزەوی کردبوو, تەنها یاریمان بەلاقمان دەکرد, هیچمان نەبوو بیلّێین ژوان کۆتایی هاتبوو بەلاّم نەماندەزانی چۆن مالّئاوایی لەیەکتر بکەین, وەك ئەو مندالأنە وابووین کەتازە گرِوگالّ

دەکەن باسی خۆشەویستی نیگاو خەندە روح تەزێنەکان, نەمابوون, رەنگمان زەردو زمانمان تەزیبوو, دوومەتر لەدووری یەك, لەژورێك بەتەنها بەلاّم وەك دیل وابووین، لەنامەکاندا زمانم زۆر درێژ بوو، بەلاّم روبەرو هەردووکمان سەلماندمان کە تەنها پەخشانو شیعرە ناسکەکانی خەڵکی دی دەدەینە یەکتریو هیچیان هی خۆمان نین، بۆخۆمان ئەوەین کە ئێستا وەستاوین و لە دوو منداڵی پێنج ساڵان بترازێ هیچی دی نین، هێندە گوناح بووین شەرم نەیدەهێشت تەماشای یەکتریش بکەین، ئیدی ئەورۆژە زانیم کە خۆشەویستی ئێجگار گەورەیەو ئێمە بەم تەمەنە هەرزەییەوە خەتایەکی گەورەمان بەرامبەری کردووە ئێمە هێشتا بەخۆشەویستی ناوێرینو شەرِی پێدەفرۆشین ، توانامان بەقەد تەمەنمانەو هێشتا فێرە گرِوگاڵی عیشق نەبوین، ئەوەی ئێستاش رودەدات گەمەیەکی منداڵانەیەو بەزۆر پێمان دەکەن، بۆیە لەدوو بوکەڵەی پەرِۆ دەچووین بە دەست ئەو منداڵە چەتوونانەی لەناو ماڵە باجێنەدا ژنو مێردانەیان پێدەکردن.

لەناکاو دەنگی بەردێك کەلەسەر هەیوانەکە کەوت, ئەو بێدەنگیەی شەق کرد, زۆری پێنەچوو, دەنگی دەرگا کەبەردیان پێدا دەدا, منی داخورپاند, کەچوومە سەر ئەو هەیوانەی رووی لەقەسابخانەکە بوو, زراوم چوو, چی ببینم؟! دەیان منداڵ بەهۆپەوە ماڵەکە بەرد باران

دەکەن, رەنگم گۆڕاو بانگی دەرسیمم کرد, کەهات گوتی: چ بووە؟ وەڵامم نەداوەو خۆی بەچاوی خۆی دیتی, ئەو نەترساو گوتی راوەستە...دەنگیدان بەڵام منداڵەکان نەرۆیشتن, لەسەربانەکانیشەوە ژنە بێ ئیشەکان سەیریان دەکردین, منیش رەنگم تەواو گۆڕابوو, ترس چۆکی دەلەراندمەوەو پێم وابوو ئیدی کەسایەتی خۆم و خێزانی هەرسێکمان لەم شوێنەدا دەکەوێ, رووبەروو بوونەوەیەکی سەختر چاوەڕێمان دەکات, کەهیچ کاممان لەم تەمەنە هەرزەییەمان توانای هەڵگرتنیمان نییە, ساتێك بوو بەرەو لەناوچوونێکی قێزەونانە, ساتێك پێگەی کۆمەلایەتی چەند خێزانێك لەمەترسیدایەو هەموو ئەو گیانە شۆرشگێڕیو کەسایەتیە قورسەی چەندین ساڵە کوێ دەکەینەوە لەم هەیوانە گڵێنە دەکەوێ.

چەند هۆپەی منداڵەکان زیاتر دەبوو هێندە چارەسەر بەرتەسکتر دەبۆوە, بەڵام دەرسیم کەوەك منی بەسەر نەهاتبوو, چونکە ئەو دەیویست زیاتر هاوڕێیەتی لەم رۆژەدا بسەلمێنێ, دەستی بردە بن بشدێنیو قومبەلەیەکی دەنگو دەمانچەکەی دەرهێنا, فریای ئەوە نەکەوتم, بلێم نەکەی؟ ئەلقەی قومبەلەکەی راکێشاو هەڵیدایە سەربانی قەساب خانەکە و دووفسشەکیشی بە هەوایدا تەقاند, ئەوەندەم زانی, دەنگی ناپاڵم جارێکی دی دووبارە بۆوە, چونکە سەربانەکە گڵ بوو, تۆزو خۆڵ چووە ئاسمانو نەك منداڵ

بەکونفەیەکونێك چۆلەکەش لەم ناوە نەما، دەرسیم هێشتا ئەلقەکەی لەدەستیدا بوو, چرۆ هاتە سەر هەیوانەکەو هەرسێکمان روومان لەکۆلاَن کرد, بەناو تۆزو خۆڵدا, دووگەنجو ژنێکی بەعەباوە بەرەو چۆمەکە شۆڕبووینەوە ئەو بزنو مالاَتانەی لەقەسابخانەکەبوون بەرەڵلاَببوونو لەترسان خۆیان بەرووبارەکەدا دەدا، لەراستیدا ئەم ئاژەلاَنە بۆ مردن ئامادەکرابوون تا قەسابەکان پارچە پارچەیان کەنو بیان خەنە نێو ورگی دەوڵەمەندەکانەوە کەچی لەم ساتەوەختەدا چەقۆی قەسابەکانیان لەبیر چۆوەو بەدەنگێك کە هەمیشە لەم شاردە دووبارە بوونەوەی هەیە رایان دەکرد بەلاَم چۆن راکردنێك زۆر پێش ئێمە لە روبارەکەیانداو پەڕینەوە، ئاخر ئێمە بەردباران کراین کەچی ئەوان رایان دەکرد .

کەئاوڕمداوە نەك منداڵ ئەو ژنانەش خۆیان حەشاردابوو, کەبەتاسەوە سەیری خانووەکەیان دەکرد, بەلاَم من لێدانی دڵو رەنگی دەمو چاوم پێ کۆنترۆڵ نەدەکراو هەرسێکمان بەبێدەنگیو بەخێرایی خۆمان گەیاندە ئەو کۆلاَنانەی بەرەو ماڵی چرۆی دەبردینەوە, منو دەرسیم بەلایەکداو چرۆش بەرەو کۆلانی خۆیان, بەبێ ماڵئاوایی رۆی, دەرسیم تا ئەوکاتیش نەهاتبووەوە سەرەخۆ کەقۆڵی لەقۆڵی نام, گوتی هێواش باخەڵك هەست بەهیچ نەکات, ئەمن کەئەوکات کەمێك هێور بوومەوە, دڵم هەرلای چرۆ بوو, بۆیە

بەبێ دەنگی چاودێریمان کرد تاچۆوە ماڵێ, کەسەیری دەستی دەرسیمم کرد ئەلقەی قومبەلەکەی هەر لەپەنجەیدا بوو,هەر ئەو کاتە زانیم ئەویش ترس دایگرتووە بەلاَم بۆ ئارام بوونەوەی من و چرۆ بەسەرخۆی نەهێنابوو بۆیە گوتم ئەوەی فرێدە ئەویش بەهۆش خۆی هاتەوەو تا توانای هەبوو فرێی دا، ترس هێشتا گیانی تەنیبووم, بیرکردنەوە لەئایندەو ئاشکرابوونمان, دایپۆشیبووم, بۆیە چارەسەر بەئێمەی هەرزە نەدەکراو دەبوو, برپارەکان وەك تەقاندنی قومبەلەکە خێرابێ, بۆیە تاکە ئومێدوچارە لای دەرسیم بوو, چونکە من بەجەستە زیندوو بەلاَم لەناوەڕۆکدا وام لێقەومابوو نەمدەتوانی نەلەماڵەوەو نەلەلای شانەو نەلای هیچ کەسێکی دی باسی ئەو رووداوە بکەم, خۆ ئاشکرابوونی ئەم کارەساتە لای باوانی چرۆ ئەوە هێندەی دی ئەمن دەخاتە ترسێکی ئەستوورەوەو دەبێ خوێندنو ماڵو داهاتوو هەر هەمووی جێبهێڵمو رووەو چیا بەم تەمەنە هەرزەیمەوە کۆچ کەم, دەیان بیرۆکەی نابەجێ تەواوی گیانمی تەنیبوو.

ئێمە بەپیاسەو ترسەوە لەگەڕەکی خۆمان نزیك دەبووینەوە دەرسیم گوتی: ئەمن دەچمە ماڵو ئەو دەمانچە دەشارمەوە دێمەوە دەرێو دەچم چاودێری بارودۆخەکە دەکەم, تۆش برۆ بۆ رانیەو ئەگەر شتێ

روی دابوو ئەوە دێم لە یانەی کێوەڕەش تەکبیرێك دەکەین, ئەگەر هیچیش نەبوو ئەوە ئێوارە وەرەوەو لەماڵی خۆمان یەکتری دەبینین.

جیابوونەوەی منو دەرسیم ترسەکەی لەلام ئەستوورتر کرد, بەتەنها روەو نەقلّیات دەرۆشتم, بۆئەو کاتە کەهێشتا تۆزی تەقینەوەکە لەناو لوتم دابوو, تاکە چارەبوو, چونکە دەمزانی گەڕەکی مام خدری لەقەلاّدزێ شێواوەو خۆئەگەر ئێمەیان ناسیبێ ئەوە رومنایە قەت بچمەوە ماڵێ, رووم نایە بچمەوە گەڕەكو ئیدی ئەو شارە بۆ هەتاهەتایە نابینمەوە ئەو جێبانەی لەنێوان ئەو دووشارەدا خەڵکیان دەگواستەوە کۆن بوون بەنیوسەعات دەگەشتنە رانیە, بەلاّم بۆنەگبەتی من ئەمڕۆژە ئەو نیو سەعاتە نەدەبڕا ئەمن هێندە ماندووبوومو ئەوەندەم بیردەکردەوە تەواوی نەفەرەکان هەستیان بەشپرزەیی من کردبوو, بۆیە هەر لەیەکەم سەیتەرە, بەعسیەك تەماشای ناو جێبەکەی کردوو ئەگەرچی من تەمەنی سەربازیم نەبوو, هەروا قوتابیش بووم, بەلاّم ترس بە تەواوی چواردەوری ناساندبووم بۆیە پێی گوتم هویتك, منیش پێناسی قوتابخانەکەم پێ بوو دامێ تەماشایەکی کردمو هەویەکەی دامەوەو گوتی: بڕۆن.

ئەمن هەر ئەو ساتە تێگەیشتم کەپێمەمەوە دیارەو دەبێت غیرەت بدەمەوە خۆمو زاڵبم بەسەر ئەو ترسەمدا چونکە هێشتا چەندین سەیتەرەی دی هەنو دەبێ قوتاربم لێیان, رێی نیوکاتژمێر بۆمن ببوە

ڕێی هاتو نەهات, نەدەبڕا, تا ئەوکاتەی من لەنێو خەیاڵی تەقینەوەکەدا هاتمە دەرو دیم ئەوە لەناو رانیەین.

رانیە بۆمن شاری داڵدەدانو بزربوون بوو لەو رووداوانەی کەهەرچەند کاتژمێرێك بوو جێم هێشتبوو, پێشتر زۆر جاری دی دەهاتم بۆئەم شارە, بەلاّم ئەمڕۆ هەست دەکەم لێرەکەس من ناناسیّو سەرنجم لێنادا, راستە جەستەم بەرەو یانەی کێوەڕەش دەرۆی بەلاّم لەناوەوەدا بزربووم چونکە ئایندەم هێشتا بەدەست قەدەرەوە بوو, بیرکردنەوە لەخۆمو چرۆو دەرسیم نەیدەهێشت بۆ ساتێکیش رەنگی دەمو چاوم گۆڕانکاری بەسەربێت, تەنیا دووکاتژمێر لەمەوپێش من ژوانم هەبوو, ترسی خۆشی بۆ دیتنی خۆشەویستەکەم کەچەندین مانگ بوو, خەونو خەیاڵی ساتەکانم بوو, لەپڕ بەرەو هەڵدێرو خۆشاردنەوەی بردم, هەرچەندە هەرزەبووین, بەلاّم تێگەیشتم کە کەلتووری کۆمەڵگای ئەوسا, هێندەی دەرگای بۆکاری سیاسیانە ئاوەلاّکردبۆوە هەرگیز رێگەی نەدەدا کەسێکت خۆش بویّ و بچییە ناو ژیانی ئەوانی ترەوە, چونکە ئەوە نزیك بوونەوەیە لەشەرەفو کەرامەتی ئەوی دی, پڕ مەترسی بوو, چونکە مەترسیەکانی نێوکایەکانی سیاسەت, سەربەرزی بەخانەوادەکەت دەبەخشیّ پرسەکەت جمەی دێتو خەڵکی بەچاوی قارەمانو شەهید بوون سەرنج لەباوانت دەدەن ئەوە جگە لەوەی تەنها رق بەرامبەر رژێم

ئەستوور دەبێت و هیچ دووژمنایەتیەك جێناهێڵێ, بەڵام مردن لەرێی خۆشەویستی ئەوە کارەساتێکە بۆخۆی, لەدەستدانی بەهاکانەو ڕەش ڕەش بوونی کەرامەتی خانەوادەیەکەیە نزیکبوونەوەیە لە دووژمنایەتی، بۆیە خۆشەویستی بۆ نیشتمان هەمیشە لەم کۆمەڵگایەی ئێمە, پیرۆزتربووە لەخۆشەویستی بۆ کوڕێك یان کچێك.

ئەم بیرکردنەوانە, هێندەی دی لەناخەوە دەیهەژاندم پێشتر, هەرگیز لەترسی براو کەسانی ت\نزیك کەلەخۆم گەورەتر بوون نەدەچووم بۆنادی, بەڵام ئەم رۆژە ترسی گەورە ئەم جۆرە ترسانەی لەیاد بردمەوە بەقاڵدرمەکانی ناو یانەی کێوەڕەشدا سەرکەوتمو رێك چوومو لەسەر مێزێك دانیشتمو داوای بیرەیەکی شەهرزادم کرد, پێم وابوو مەست بوون بۆ کاتێکی ئاوا باشترین چارەسەری لەبیربردنەوەی ترسەکانە, دەوایەکە جەستەو مێشکت بەیەکەوە سڕدەکاتو پێت دەڵێ بخۆوە لەگەڵ شوشەو پێکەکان سەمابکەو رابردوو بخە ناو شوشە بەتاڵەکان و فڕێیاندە ئیدی دواتر چ دەبێ بابێ.

چونکە پێشتر گەلێ جاریدی جنو بیرەم لەم نادیە کڕیبوو، بۆیە تەنها کاك بەختیاری خاوەن نادیەکە پرسیاری ئەوەی لێکردم! ناترسی براکەت بێ وا لێرەدا دەخۆیەوە؟ منیش بێ ترس وەڵامم داوە دەخۆمەوو چ دەبێ بابێ  چونکە پێم وابوو, ئەوەی بەسەر من هاتووە, هەرگیز خراپترم بەسەر نایەت, رووداوێکە ئاراستەی ژیانم

دەگۆڕێ‌و بەرەو شوێنە ون‌و ترسناکەکان دەمبا, کەبیرەو زەلاَتەکەیان بۆهێنام, هێندە بەتامەزرۆوە پەرداخی یەکەمم خواردەوە حەزم دەکرد بینی پێوەنێم  تاتەواو دەبێ, بەلاَم کەتەماشام کرد چەند کەسێکی دی لەسەر مێزەکان دانیشتبوون‌و بەپێکەنینیانەوە گرتبوو, منیش لەنێو خەمێکی قولَدا پێك لەدوای پێك دەخۆمەوە, بۆیە زۆر زوو هەستم بە مەستبوون کردو تادەهات مووی سەرم گرژ دەبوو, بیرەیەکی دیان بۆ هێنام‌و هەستم دەکرد جەستەم تادێ خاو دەبێ, پێکێکی کەم بۆخۆم تێکرد, دەنگی پێی کەسێك هاتە بەرگوێم کەبە قالَدرمەکاندا سەردەکەوت, تەنها چاو لەرێ بووم دەرسیم بێ, ئەگەرنا ترسی ئاشکرابوونم نەبوو, بەلَکو بەدلَ حەزمدەکرد لەیەك لەسەیتەرەکان گیرابام‌و بزریان کردبام, چونکە دواتر لەگەلَ خۆمدا روداوەکانیش بزردەبوون‌و خانەوادەکەشم دەیانگوت گیراوە ئەوسا کارێکی وام دەکرد کە شوێن بزربکرێم و لەم نەهامەتیە رزگاربم کە خەریکە مێشکم لە کار بکەوێ.

کەدەرگای یانەکە کرایەوە دەرسیم نەبوو, بۆیە ئەو پێکەی تێم کردبوو, بەیەك بین ئەویشم هەلَدا, ئیدی جارێکی دی لەنێو بیرکردنەوەدا نقوم بووم, هەرچەندە هەولَم دا خۆ لەو ترسە رزگارکەم, بەلاَم ترس دەهات‌و رایدەتەکانم , ئاخر ئەمن هیچ خەتایەکم نەکردبوو تەنها ویستم لەنزیکەوە گوێم لەدەنگی

خۆشەویستەکەم بێت, تەنانەت فریای ئەوەش نەکەوتم پێی بڵێم خۆشم دەوێی!لەناو بێدەنگی خۆماندا نقووم ببوین و تەنها گوێمان لە هەناسەکانی یەکتر بوو، نازانم ئەم هەموو منداڵە لەکوێوە هاتن, چۆن کۆبوونەوەو ئەم هاتو هاوارە لەکوێ فێربوون, بەڕاستی ساتێك بوو, ئێستاش ناوێرم بیری لێبکەمەوە, خۆئەگەر ئەو بۆمبەی ناو دەستی دەرسیم نەبا, ئەوە ئێمە هەر لەبەردەرگای بەگاشەبەردی دەستی منداڵان هەلا بەهەلا دەبووین, ئیدی مردنێکی پڕ لەسەرشۆڕیو داهاتویێکی نادیارو پر دەردەسەریش یەخەی خانەوادەکەمانی دەگرت, لەراستیشدا دووکوڕو ئافرەتێکی عەبا بەسەر دەبێت لەنێو خانوێکی چۆڵدا, بەم قرچەی نێوەرۆیەی هاوینە چ بکەن؟ ئەمە پرسیارێك بوو نەك خەڵکی دەوری ئەمماڵە منیشی خستبووە گومانەوە بۆساتێکیش نەمدەتوانی ئەمرۆداوە جێبهێڵم بۆیە تادەهات شوشەی بەتاڵی سەرمێزەکەم زیاتر دەبێتو ناویانەکەش قەرەباڵغتر لەژیانم وا بەخێرایی نەمخۆردبۆوە, بۆیە بەجۆێك مەست ببووم, نەمدەتوانی لەجێی خۆم هەستم, تادەهات کات بەرەو ئێوارە نزیك دەبۆوە, کەچی دەرسیم هەر نەهات تروسکایەك کەئومێدی پێدەبەخشیم نەهاتنی دەرسیم بوو, چونکە کەلێك جیابووینەوە پێی گوتم: ئەگەر روداوێکی ناخۆش هەبوو دێم دەناوەرەوە بۆ قەڵادزێو لەماڵێ چاوەڕێت دەکەم ، هەرچەندە نەهاتنی ئەو کەمێك دڵی خۆش دەکردم, بەڵام ترسی

ئەوەم هەبوو ئەویش بەهۆی منەوە دووچاری کارەساتێك بووبێت هەروا حەزم دەکرد ئەوم هەر لە گەڵ بێ نازانم بۆ پێم نەگوت بە خۆشی و ناخۆشی وەرە بۆ رانیەو چاوەڕێت دەکەم ؟

بۆیە دووایێك دوا دڵۆپی پێنجەمین شوشەم بوو, هەڵم داو دەبوو یانەکە جێبهێڵم, چونکە ئەوسا واتە هەشتاکان, بەشەو نادیەکان دادەخران دەبوو ئێوارە بەرەو ماڵ بچیەوە, چونکە هەمیشە شەوانە دەنگی رێژنەی گوللەکانی پێشمەرگە شەوی شارەکانی دەکردە رۆژ, بۆیە دەبوو نەك هەر نادیەکە جێبهێڵم بەڵکو زوو خۆم بگەیەنمە تەقلّیاتو دەنا ئەوێش چۆڵ دەبێ بۆیە پارەکەم دانێو زۆر بەخێرایی وبەلاژەلاژ لەنادیەکە هاتمە خوارێ هەڵبەتە دەرگای نادیش رێك لەناو سەنتەری بازاڕ بوو, بۆیە بەناو قەرەباڵغیەکەدا خۆم گەیاندە مزگەوتی قولەو لەوێ سەری خۆم وەبەرئاوێکی سارددا, تۆزێك لەمەستیەکەم کەم بۆوەو بەرەو تەقلّیان رۆشتم، کەچووم سەرەتای خۆرئاوابوون بوو, بەلاّم دوا ئوتۆمبێلێ بوو دەگەڕایەوە قەلاّدزێ, خۆم تێهاوێشتوبۆئەوەی سایەقو کەسەکانی ناوی بۆنم نەکەن لەدوای دواوە سواربووم, بەچەند نەفەرێك نوقسانەوە کاکی شوفێر ئوتۆمبێلەکەی پێکردوو رووەو قەلاّدزێ رۆی.

چەند کاتژمێرێك پێشتر کەهاتم بۆ رانیە, حەزم دەکرد هەرچی زووە بگەیەنێو کەچی نەدەگەیشتین, کەچی نازانم بۆ لەگەڕانەوەم چ زوو

گەیشتینە دەربەند, هەر پێنج خولەكی پێنەچوو گەیشتینە سەنگەسەرو لەوێ نەفەرێكی دی هەلگرت حەزم دەكرد ئوتۆمبێلەكە وەرگەرێو هەموومان لەوێدا بمرین‌و نەگەینەوە قەلاّدزێ كەچی هەرلەدوای سورابوونی نەفەرەكەی سەنگەسەر گوتی: ئەرێ روداوەكەی قەلاّدزێتان بیستووە؟

هەركە ئەوپرسیارەم گوێ لێبوو, تەزویەك بەتەپڵی سەرمدا هات‌و لەبنی پێم دەرچوو, لێوم وشك بوو هەموو جەستەم كەوتە لەرزین, ئەگەر چۆڵەوانی‌و تاریك نەبا, هەرلەوێ دەمگوت دابەزین هەیە, ترسێكی ئەستوور گیانمی تەنی‌و هەرچی مەستی بێ لەجەستەم نەما, شوفێرەكە گوتی: ئەمن شتێكم بیستووە بەلاّم بزانم چی رویداوە, كەسیان گرتووە؟ سەنگەسەریەكە گوتی: دەڵێن لەماڵێكی سەرچۆمی قەلاّدزێ لەگەڕەكی خانەقایە, چەند پێشمەرگەیەك كۆبوونەوەیان هەبووە, حكومەت بەسەریدا داون‌و دووسەعاتان دوای بەرگریەكی زۆر رزگاریان بووەو بۆی دەرچوون.

كەگوێم لەوەبوو...مووی لەشم بەتەواوی خاوبۆوە خۆشیەك كەباوەڕم نەدەكرد هەموو جەستەمی تەنیبوو خەندەیەك كەچوار كاتژمێر زیاتربوو نەمدیبوو هاتە سەرلێوم‌و نازانم بۆ. بەلاّم لەپشتی ئوتۆمبێلەكەوە هەڵم دایەو بەكاكی شوفێرم گوت: بەرێز ئەدی ئەتۆ چی لەبارەیەوە دەزانی؟

ئەویش زۆر بە پارێزەوە گوتی: وەلاّ دەڵێن: هەرچەندە کەسی خراپ لەناو ئوتۆمبێڵەکەماندا نییە, دەڵێن, پێشمەرگەکان دەرگای خانوەکەیان بۆمب رێژکردووە کەقوەتی حکومەت چۆتە وێ بەرویاندا تەقیوەتەوەو چەندین کەلاکیان لێکەوتووە, ئەوانەی لەماڵەکەدابوون , ژنیشیان لەگەڵ بووە هەروا بێتەوە دەڵێن: ژنەکە پێشمەرگەی شاخ بووەو ئەو قومبەلەی پێداداون, ئەوانە بەراستی ئازابوونو سەری قەلاّدزێیان بەرزکردۆتەوە, هەی ئافەرین دەك روی ئەو داکو بابەی سپی بێ کە ئێوەی گۆش کردووە.

ئەمن هیچی دیم نەگوت, دەترسام لەقسەکانیان پەشیمان ببنەوە, بەلاّم خۆشیەکی بێ سنوور جەستەی داگرتم, مەستیم بەکۆتا هاتو پێموابوو بارێکی قورسم لەسەر شان لاچووە، عاشق بوون کە ببوە دێو و درنج لەلام خەریکبوو شیرن دەبۆوە چونکە ئەو ئازایەتیەی وا لەعیشقدا دەستم کەوتووە پێشتر لەسیاسەتدا هەر زەرەرم کردبوو هەر لەم بیرکردنەوانەدا بووم کەگەیشتینە سەیتەرەی قەلاّدزێ, پێم وابێ دوا ئوتۆمبێڵ بووین بۆیە هەر دوای ئێمە سەیتەرەکەیان داخست, بەلاّم دنیا کشومات بوو, لەگەڵ گەشتنەوەشمان بۆناوشار, ئەمن دابەزیمو بەرەو ماڵی دەرسیم بەرێ کەوتم, سەرنجمدا کەس سەرنج لەمن نادا, تەنها سەلام لەیەکتری دەکەینو هیچی دی, گەشتمە ماڵی دەرسیمو تەماشامکرد لەبەر دەرگای چاوەڕێم دەکا, زۆر

بەتاسەوە گوتم: چ بووە؟ ئەویش پێکەنیو گوتی: هیچ خۆت مەشوێنە بابڕۆین گوتم بۆکوێ, گوتی: هەتیو لە دوای ڕووداوەکەوە چرۆ چاوەڕێت دەکا, گوتم لەکوێ؟ گوتی دەوەرە ترسنۆك, کەس نەیدیوین کەسیش نەیناسیوین هەردوای ئێمە هێزێکی عەسکەری چوار دەوری گەڕەکەکەیان داوەو منداڵ ئەوانیشیان بەردەباران کردووە, بووەتە تەقەو ماوەی دووکاتژمێر هاتو چۆ لەقەڵادزێ قەدەغە کراوە, ئێمەش لەناو ئەو ڕووداوەدا بزربووین, بۆیە چوومەلای دووکانی براکەتو چرۆم دی, گوتی هەر هاتەوە وەرن. قسەکانی نوێبوونەوەو زیندوو بوونەوە بوو، بۆیە چەند جاریك لێم دووبارە کردەوە ئەو زیاتر لە رواداوەکەی دڵنیا دەکردمەوە ،بۆیە بەخۆم نەبوو, نەشمزانی بۆ,. یان چ ڕوودەدات, بەهەموو هێزم سەریم گرتو ماچم کرد, ئەویش گوتی:یەع لەو بۆنە ناخۆشەی هەتیو ئەوە چەندت خواردۆتەوە؟ گوتم وازبێنە, باشە ئەو هەواڵە خۆشانەت لایە بۆنەهاتیە رانیە پێم بڵێی؟ گوتی: هەتیو ناڵێم (مەنع التجول) بوو.

بەبەر دەرگای ماڵی چرۆیدا چووین, دیاربوو دەمێك بوو, لەسەربان چاوەڕێ بوو, بۆیە کەئەمنی دی بەدەستە ناسکەکانی سڵاوێکی تێگرتمو دواتر خەندەیەکیشی دامێ ئای کەخۆش بوو, ئەم دیمەنە ئەمنی زیندوو کردەوەو جارێکی دی لەدایکبوومەوە, چونکە جگەلەوەی ترس نەما کەچی وەك پاڵەوانی ئەو ڕۆژەی قەڵادزێ خۆم

دەدی پێم وابوو بەڕاستی. ئەمن دووکاتژمێر سوپای بەعسیم ڕاگرتووەو دواتریش بەزاندوومە,پێموابوو سەیتەرەکان لەترسان نەیاندەوێرا بمگرن دەنا ناسیویانم ، لەدڵی خۆیاندا گوتویانە بابە دایگرین بەخودای هەمووومان کەلو پارچەدەکات هەربڕوا باشترە، ئاخر لەو داڵغانەدابووم ئاگام لەخۆ نەبوو زۆر بەخێراییو بوێرانە جارێکی دی دەرسیمم ماچکردوو هەتا بەر دەرگای ماڵی خۆمان لەگەڵم هات، ئەمن چومە ژورێو ئەویش گەڕایەوە ماڵ، دنیا تاریك داهاتبوو, یەکسەر برا گەورەکەم لێم هاتە پێشو گوتی: کوڕە ئەوەچت کردووە؟

بەهیچ شێوەیەك دەرفەتی درۆو بیرکردنەوەم نەبووبەلاّم زۆر ئازایانە گوتم چی بووە؟

گوتی: لەماڵی مام خدری..... ئەوە ئەتۆ بووی؟

رێك زانیم ماڵی خەزوری بۆیان گێڕاوەتەوە چونکەماڵیان زۆر نزیك بوو لەوشوێنەی ئێمەی لێبووینو بۆیە منیش بۆم هاتوگوتم: کۆبوونەوەمان هەبوو بەسەریاندا داین.

چونکە هێشتا لەنێو بیرکردنەوە خۆشەکاندابووم خۆم بە پاڵەوان دەزانی وپێمگوت ئەگەر دەستمان نەکردباوە دەکوژراین.

گوتی: جا بێ مێشك بەرۆژ؟ جارێکی دی ئاگات لەخۆبێ.



# گـەمـەكـان

# گـــەمـــەکـــان

لەوێ لەسەرەتاکانی هەرزەییو دۆزینەوەی ڕۆژەکانی منالّیدا ئەو ڕۆژانەی فێری گەمەی شایی گەمان بووین، ئەو گەمانەی لەشەق وەشانێکی شێتانەوە خۆی نمایش دەکردوو لە دابەزینی سەکۆدا کۆتایی دەهات، ئاخر ئەو ڕۆژانە گەمەکرن خەتانەبوو، خۆ خلیسکانی نێو بەفرو خۆڵە پەتانیو کۆلارەو تەنانەت هەلگرتنەوەی قەوانەکانیش گەمەکردنبوون، ئەو قەوانە لووسو زەردانەی هێشتا دووکەڵیان لەنێودا مابوونو بۆنیشیان منالّی پێ ئاودەداین، گەورەی دەکردینو خۆمان لەناو هاتو هاواری ئەو شەڕە گەڕەکانەدا

دەدۆزیەوە کە بێدەنگی کۆڵانەکانی شەق دەکرد ، گەمەکردن لە نێو سەنگەرو ئەو بەردەڵانانەی بۆنی پیاوی لێدەهات، خۆشترین ئەو یادەوەریانەن کە لەسەرەتایەکی نەترسی منالێەوە بۆ ئیستایەکی نزیك دەستی پێکرد، ئێستایەك گەورەو بچووك لەنێو گیا بالا کورتەکانی وشکە سالێدا خەریکی گەمەیەکین لەو گەمانەی منالی هەراش کردین، گەمەیەك نە لە خلیسکانی سەر بەفرو نە لە خۆڵە پەتانێو قەوان هەلگرتنەوە ناچێ، ئەوەتا لە ناو خیزەڵانو شەقامو ڕوبارە ئاولێبڕاوەکاندا گەورەو بچووك گوریس گوریسانێ دەکەین، پێوەرەکان بە گوریس و سەکۆگرتن بە گوریسو خەریکی ونکردنی ئەو رۆژانەین گەمەکردن تیایدا خەتانەبوو ئەو رۆژانەی لە ئێستا دەچنو بەسەر جوانیەکاندا بازدەدەین، لەوێ لە خاڵی کردنەوەی قەوانو کۆکردنەوەی دەمانزانی بۆ پاراستنو هێشتنەوەی ئەو بەردەڵانانەیە کە بۆنی پیاویان لێدەهات، ئەو بۆنەی ئێستا لەخۆم دێو لە منالەکانم نایە، بۆنێك تەنها لەو کاتانەدا زۆر دەبێ کە خەریکی پچڕان پچڕانی گوریسەکەین، ئەو گەمەیەی کە هەتا ئێستاش خەتانیەو بەلاویەتیماندا ڕەت دەبێ.پیریمان پیشان دەداو هەناسەمان تەنگ دەکا.

لەوێ لەسەرەتاکانی هەرزەییو دۆزینەوەی رۆژەکانی منالێدا ئەو رۆژانەی فێرە گەمەی شاییگەمان بووین، خۆمان ناسی... خۆمان لە

نێــو هــەموو ئــەو حەزانــەدا بــەتاڵکردەوە کــە لــە نێــو خەونــە نــەدرکاوەکانو بەڵێنــە نهێنیەکانــدا بــوون، ئــا لــەو شــوێنەدا بەبــەتاڵی ماینــەوە کــە بــۆنی شــەقامەکان لەهــەمان بــۆنی ئــەو قەوانــە زەردو لووســانەی دەکــرد کــە لــەنێو ســەنگەرو بەردەڵانەکانــدا کۆمــان دەکردنەوە، ڕەتبوونی خێرای ئەو رۆژانەو ناسینی سەنگەرو دووبـارە بوونــەوەی گەمــەکان لەمەست بوونــەکانی ئــەو رۆژانــەم دەچــێ، کــە چـاوم رەنگــەکانی تێکـەڵ دەکـردو وێنـەکانم بـەخواری دەدی، مەسـت بـوونی ئـەم رۆژانـەی زرینگـەی قەوانـە بەتاڵەکان هـەر لەگۆرانیـەکی خـۆش دەچـوونو نــەکرابوون بەسـروود، ئــەو رۆژانــەی خــاوێنی شەرمەکان لە نێوان ئێمەی کوڕو ئەوانی کچە نەرمو پـرچ خاوەکانـدا کـە لـە گەمـەکانی( هـەرێوی ڕێـوی)دا دەسـتیان دەگـرتینو سـادەیی جیاوازیـەکانیان فێـر دەکـردین، ئـەوان گەمـەی قـەوانیان نـەدەزانیو ڕقیـان لەشـایی گـەمان دەبـۆوە، نـازی ناسـکیو بـۆنی پرچـە تـازە شۆڕاوەکانیان، باخەڵەکانمانیان خاڵی دەکردەوە لـە بـۆنی قەوانـەکانو هەر ئـەو رۆژانـەبوو سادەیی ڕەگـەزەکانم تێداناسـی، دەمزانـی هێنـدە نابا کچە نەرمو پرچ خاوەکان زوو گـەورە دەبـنو نـاوێرن یـاری پـەت پــەتانێ بکــەن، نــاوێرن هێنــدە لــە نێــو گەمــەی هــەرێوی ڕێویــدا بمێننەوەو جێمان دەهێڵن، ئەوان دنیا پڕ لە نهێنیو داخراوەکانیـانو ئێمـەش لـە نێـو گەمـەی شـاییگەمانداو جـارێکی دی هەڵگرتنـەوەی

قەوان، ئەو قەوانە زەردو لوسانەی هێشتا دووکەڵیان لەنێودا مابوو بەسەر ئەو سەرتایانەدا دەچینەوە کە گەمەی تێدا خەتا نییە.

ئاخر ئەو رۆژانەی کە هەر بەگەمان دەستی کچەکانمان دەگرت،ئەمان دەزانی سادەیی گەمانەکان بەئاقارێکدا دەڕوا ئیدی ناتوانین لەپەنای گەمانەوە خۆ لەکچە نازدارەکان هەڵسووین،پەنجە ناسکەکان بگوشینو لەچاویانەوە گەورەیی ببینین، بۆیە ئەو نازدارەی هەمیشە لەخەتی سمێڵو مووی پیاوانەم ڕا دەما حەزی لێنەبوو گەورەبین، ئەو دەیویست بۆهەمیشە مندالبین و نەکەوینە ئەو دیو هێڵەسوورەکان، ئەوانەی گەورەیی درووست دەکەنو گەمەکان لەمندالەکان دەستێننەوە، لەجیاتی ئەو گەمانە نەریتێکیان دەدەنێ نەئەوساو نەئێستاش ئێمەی منالی ئەوێ رۆژێ و منالانی ئێستاش رقیان لەو نەریتانەیە، ئەو نازدارە هەمیشە پێی دەگوتم :بالە هەرزەیی دوور کەوینەوە هەتا گەمەکان بمێنن، باهەر منالێ بین و تۆش لەتەختی شاییگەمان وەرە خوارێ هەرێوی ریوی گەمەیەکە جگە لەجوانی ئاوێتەی یەکتریمان دەکات، هەمیشە پێی دەگوتم :لەدەستی مندانەبێ هەڵمەپەڕەو منیش تەنها لەدەسی تۆدا سینگم گەورە دەکەم،

ئەو رۆژانە تەنها شتێك لە هەرزەییمان جیاکاتەوە سادەیی نێو ڕەگەزەکان بوون، چونکە لە هەرزەییدا جارێکی دی بۆنی پرچە تازە

شـۆرەوەکانی کچـانمان نــەکردەوە گەمــەکانی نێــوان ئێمــەو ئــەوان سڕکران‌و زۆر بەخێرایی بۆنی نێریمان گرت، ئەو بۆنەی لەلای ئـەوان خـۆش‌و قاچـاغەو لای ئێمـەش سـەرەتایەکی ترسـناك، ئـەو ترسـەی لەگەمەی گوریسەکانەوە فێربووین‌و لە گەورەبوونماندا قالآیەوە.

گەمەیـەك نێـوانێکی سووری بـۆ هـەموو شـتەکان دروسـت کـرد جوانیەکانی بەش کردو سادەیی هەڵتەکاند، ئاخر لەویٚ لەسەرەتاکانی هـەرزەیی‌و دۆزینـەوەی رۆژەکـانی منالٚیـدا بێرەمـان نـەدەزانی، پێمـان وابــوو گــەورەکان وەك ئێمــەن‌و پێکهاتــەو جیاوازیــەکان بــەناو گـەورەبوونی ئێمـەدا ڕەتـدەبن‌و هـەمان ئـەو گەمانـەش دووبـارە دەکەینەوە کە خەتانین، پێمان‌وابوو بەتالٚکردنی قـەوان، ئـەو قەوانـە زەردو لووســانەی گــەورەکان لــەنێو ســەنگەرو بەردەلآنەکانـــدا بەسەریاندا هەلٚدەڕشتین، گەمەیەکی گەورەکانـەو.. بـۆ ئێمـەی منالٚـە تۆزو خۆلٚ لیٚ نیشتوەکان قەوانە بەتالٚـەکان ئـەو شـتە لـوس‌و نایابـەن کەمنالٚیمانی پیٚ ئاو دەدریٚ‌و گەمەیەکە بەرەو هەرزەییمان دەبات.

هەربۆیە ئەو نازدارە ئەو منالٚـەی دوێنـیٚ، زۆری نـەبرد نیگاکـانی گۆران و سنگی لەنێو ماکسییە رەنگ هەناریەکەیدا دەلەریەوە، منـیش گەندە مووی سمێلٚ دەنگی هێندە ناخۆش کردم، کەئیدی زانـیم مـن و نازدار جارێکی دی دەستی یەکتری ناگرینەوە، ئـەو گەمانـە ناکەینـەوە کە گەشەی بە منالٚیماندا،

ئەو رۆژانە خێرا تێپەڕینو پێناچێ ئەمڕۆ بەفرە خلیسکێو خۆڵە پەتانێو هەڕێوی رێوی دووبارە بێتەوە، ئەو گەمە ناسكو نۆلانەی کە کچە نەرمو پرچ خاوەکان فێریان کردین، گەورەبوون لێکی ترازاندین، ترازانێك نێوانی بۆ هەموو بەهاکان دروستکرد، تازە نەبۆنی پرچە تازە شۆرەواکان دەکەینو نە دەوێرین خۆ لەشاییگەمانە ترسناکەکانی ئەمڕۆ دەین، گەورەبوون هەرزەیی تێپەڕاندو ئێستا لەنێو گەمەی گوریس گوریسانێدا ڕەنگڕێژی ئەو نێوانانە دەکەین کە لەگەمەیەکی منالی، زۆر زۆر منالی دەچێ، گەمەیەك پێدەچێ جارێکی دی قەوانە بەتاڵەکان ئەو قەوانە لووسو زەردانەی لەنێو سەنگەرو بەردەلانەکاندا هەڵمان دەگرتەوە، پێمان هەلگرنەوە.

ریك لەو تەمەنە سرکەدا بوو زانیم ئەو نازدارە تادێ بەرەو گۆشەکانی مالەوە لەبەردەم بەلوعەو تەشتە پڕ لەجلو بەرگەکاندا خۆی دەبینێتەوەو لەبری گەمانەکان لەخۆی گەورەتری دەکەن و منیش بەرەو دنیای پیاوانە، دەبێت گوێ لەو تەقەو پەخماخانە بگرم کەزۆر قەدەغە بوون، تەنها بوونی قەوانێك یاگوللەیەکی سوور لەهەرزەییەوە بەرەو بەندیخانەو لەوێشەوە ونبوونی یەکجارەکی،

ئەو رۆژانە زۆر بەخێرایی رۆشتن، نازدارەکەم بەرەو کچێنی تێپەڕی و تاوەکو ئێستاش پەنجەکانیم نەگوشیەوە، ئیدی نەمتوانی

خۆمی تێهەڵسووم و ئـەویش زۆر بەترسـەوە نـەبێ نیگـای نـەدەدامێ، رۆژانێـك بـوو ئێسـتاش حـەزم لێیـە بگەڕێمـەوە نـاوی تاهەرلەوێـداو لـەنێو ئـەو گەمـە خۆشـو بەلەزەتانـەدا منـداڵ ببمـەوەو نازدارەکەشـم توند لـەنێو گەمـەی هەرێوی‌رێویداپەنجـەکانم بگوشێ،چـبکەم زۆرزۆر حەزم لێیە.



# خەتا

## نیشتمانی ناشیرنەکان

# خەتا

## نیشتمانی ناشیرنەکان

**(رووداوێکی راستەقینە- چیرۆکێك هەمیشە دووبارەیە)**

**سەرتای ساڵی 1998 کچێك لەناو خێزانێکدا لەدایك بوو لێواو لێو لە ئاریشە، ناوی (م)یان لێناو ئەو رۆژانە بۆ ئەوی ساوا سەرەتایەك بوو بەرەو ئایندەیەکی نادیار، ئەو هێشتا بەتاڵیو شیرینەکانی ژیانی نەدەزانی، بەڵام کە تەمەنی گەیشتە هەشت ساڵان دەیزانی لە خێزانێکی ئاسایدا لەدایك نەبووەو ژیان تەنهاو تەنها پێکهاتەیەك نییە لەکێشەو ئەو هاتو هاوارەی هەموو رۆژێ دووبارە بوونەوەی هەیە، بۆیە ئەوی ناسك رۆژ بە رۆژ لەناو گرفتەکاندا گەورە دەبوو هەستی دەکرد ژیانی ئەو لەگەڵ ئەوانی دەوروبەردا جیاوازی زۆری**

هەیەو ناکرێ تاسەر بەهەموو بڕیارەکانی باوکی رازی بێت، بۆیە هەر لەم تەمەنەوە گیانی یاخی بوون‌و بەرەنگاربوونەوە لەناخیدا رسکاو، بەڵام داب‌و نەریت‌و ئەو کەلتوورەی دەروربەر بەتایبەتیش باوکسالاری هەموو رێیەکانی لێ تەنی‌و لەهەمان کاتیشدا ئەم حەزی یاخی بوونە لەناو ژیانی (م.ن)ی هەرزەکاردا سات لەدوای سات‌و لەگەڵ کەڵەکەبوونی گرفتەکان لەناخی ئەویشدا گەورەتر دەبوو.
زۆری نەبردوو هێشتا تەمەنی نەگەیبوو بە (12) ساڵ، واتە هێشتا 6 ساڵی مابوو بۆ تەمەنی بەشوودان باوکی بۆ بەرژەوەندییە خودیەکانی خۆی، نان خۆرێکی لەماڵەکەی دوور خستەوەو دایە کوڕێك رێك لەخۆی دەچوو، لە دامرکاندنەوەی کەف‌و کوڵی سێکسی بترازێ نەیدەتوانی یەك کێشەی خێزانیش چارەسەر بکاو هەمیشە لەهەوڵی گەورەکردنی ئەو گرفتانەدا بوو، کە (م.ن)ی هاوسەری پێی نەدەزانین‌و لەماڵی بابی زۆری دیبوو، بەڵام لەبەر منداڵی‌و حەزی دەربازبوون لەماڵە باوانی هەر هەمووی قوت دەدایەوە ملکەچی هەموو ئەو بڕیارانە بوو کە لەماڵی خەزورو هاوسەرەکەیەوە دەردەچوو بۆیە سێ ساڵ بەرگەی هەر هەموو ئەو گرفت‌و چەوساندنەوانەی گرت‌و دوو منداڵی بوو، منداڵ بۆ ئەوی داماو نەبووە ئەو هەڵقە توندو تۆڵەی خێزان بەیەکەوە گرێ دەداو لە جیابوونەوە دەیپارێزێ، بۆیە بێ خەتا، چۆن بەبێ خەتا لەدایك بوو

پرسی پێ نەکرا، بەشویان داو پرسی پێنەکرا ئاواش دوای گرفتو بێنەو بەردەیەکی زۆر ئەنجام بەفەرمی ئەم خێزانە هەڵوەشایەوەو (م.ن)ی داماو جارێکی تر هۆی کەوتەوە ژێر دەستی ئەو باوکەی هەموو خەتاکانی لەئەستۆ گرتبوو، دەیزانی تەنها ئومێدێك بۆ دەربازبوون یاخی بونە بەرەنگاربوونەوەی هەموو شتەکانەو ئەزموونی ژیانیش فێری کردبوو ملکەچ کردن یانی لەدەستدانی ژیان یانی خۆ سووتاندنو راکردن لەو ژیانەی هێشتا بەخۆشیەکانی نازانێو پیاسەیەکی ئارامی پێدا نەکردووە، ئیدی گیانی یاخی بوونو سەربەخۆبوون جارێکی دی زیندوو بۆوەو هێشتا تەمەنی (15) بەهار بوو بڕیاریدا بەناو ترژایدیاکاندا رەتبێ، بەرەو چارەنووسێ بڕوا کە دەمێکە لێی دەگەڕێو دەستی ناکەوێ، زۆری نەبرد (د، أ)ی خۆش ویستو بڕیاری راکردنیاندا، راکردن بەرەو ئەو ئایندەیەی تراژیدیاکان لەوێوە سەرهەڵدەدەنو، بەڵام ئەگەر بۆچەند ساتێکیش بێت. دەتوانێ هەناسەیەکی ئارامی هەڵمژێ، هەناسەیەك پێشتر نەیدیوە پێشی وانەبوو چارەنووس ئەوی بێ خەتا، هێندە خەتابار دەکا وەك هەموو ئافرەتەکانی ئێرە دەبێتە سووتەمەنی ترادسیۆنێك نەك بەخۆیو یاخی بوون بە یاسا نوێیەکانیش چارەسەر ناکرێ.

ئاخر ئەو دنیا نەدیوە چەندین جار لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە داواکراو باوکی نەیدەدایە چونکە ئەو پارەی دەست نەدەکەوت کەلێی داواکرابوو، بۆیە بەرەنگار بوونەوەی لەبەرامبەر خەتاکان هەڵبژارد ئەو رۆژەی لەگەڵ (د، أ)ی خۆشەویستی هەولێریان جێهێشت، دووا ئاوڕدانەوەی (م،ن) لەشوێنی لەدایك بوونی تەنها بۆ ئەو دوو منداڵە بوو کە دەمێك بوو تێنووی دیداریان بوو و نەیدەتوانی تەنانەت هەر لێشیان نزیك بێتەوە، دەیزانی ئەم دوورکەوتنەوە بۆیەکجارییەو جارێکی دی کۆرپەکانی لەباوەش ناگرێ، دەیزانی وەدووکەوتن لێرە خەتایەو ئافرەت کویلەیەکە هەموو ژیانی پێکهاتەی ترسە، ترسێك لەساتی لەدایك بوونەوە دەبێتە ئەو شەرەفەی بەزۆر بەسەریدا سەپاوەو لەنێو پیاودا نییە، لەکاتی لەبەین چوونی شەرەفیش ئەوە مانای هەرەس‌و کوشتارێك دەدات کە نەفرەت‌و خەتاکان جارێکی دی ئاراستەی ئافرەت دەکرێتەوە، ئا لەوێوە (م،ن) بۆ دواجار هەولێری جێهێشت‌و رووی لە شارۆچکەیەك کرد هەموو حەزەکانی خۆی تێدا دیتەوە، دەتوانێ هەناسەیەکی ئارامی لەنێو ئەم یاخی بوونەدا هەڵمژێ کە دەمێك بوو لەناخیدا لە جوڵەدابوو، بەڵام زۆری نەبرد جارێکی دی سەرەتاکانی ترس دەستی پێکردەوە، چونکە لەبەین چوونی شەرەف لەلای باوکی وەجوڵە کەوت‌و بڕیاری کوشتنی (م،ن)ی دەرکرد، بەکەس‌و کاری (د،أ)ی هاوسەری راگەیاند (تا کچەکەم

نەكوژم سوڵح ناكەمو دواتر دەتوانن بێن دابنیشین) ئا لەوێوە (م،ن) هەستی كرد بەرەو كۆتا دەڕوا پلانەكان نادیارنو پیاوەكانیش هەموو یەك شتن، ئەگەرنا نەخۆشبوونی هاوسەرەكەی جگە لە هەولێر لەشوێنی دیش چارەسەر دەكراو دەكرا رووی لە شارێكی دی كردبا، بۆ دیتنی پزیشك، یان بەتەنها هاتباو چارەسەری خۆی كردبا (د،أ)ی هاوسەری پێی راگەیاند كە دەچنە هەولێرو زۆر بەنهێنی ئەو دەباتەماڵی خزمێكیو خۆشی نیشانی پزیشك دەدات، سەفەرە نهێنیەكە دەستی پێكردوو، (د،أ)ی هاوسەری چۆنی گوتبوو وای كرد بەلاَم باوكی كچەكە بەپێی نەخشەو پلانێكی وورد، لەگەڕەكی ئازادی بەبێ لەدەرگادان خۆ بەو ماڵە ناسیاوەدا دەكات كە كچەكەی لێیەو هەموو سەروەریو ئازادی ماڵو دابو نەریتە كۆمەلاَیەتیو شتە جوانەكانی مرۆڤایەتی پێشێل دەكاو لەناو باوەشی (5) ئافرەتدا كە دوانیان كچو سێ ژنن لەدووری تەنها نیو مەتر زۆر دڵڕەقو بێ ویژدانانە 7گولە بە جگەرگۆشە خێر لەخۆنەدیوەكەیەوە دەنێو لەتەمەنی (18) ساڵیدا دوای ئازارو خەمێكی درێژخایەن بۆ دواجار ئافرەتێكی دی وەك هەزارانی دی دەبێتە قوربانی ئەو كەلتورەی كە بەكۆتا نایەتو هەمیشە بەر دەرگەی ماڵەكانمان دەگرێت.

ئەو بەیانییە جگە لەكوژرانی هەموو مرۆڤەكانی ئێرە، خێزانێكی بێ گوناه، خێزانێك لەوەتەی هەن فیچقەی خوێنو كون كون بوونی

جەستەی مرۆڤیان نەدیوە، لەوەتەی هەن کوشتنو تەقەی وانزیکیان نەدیوە، دووچاری شۆك بوون، ئەوان ئێستا ناتوانن هیچ بڵێنو تەمێك تەواوی گیانی تەنیون، ئەوەی کە لەم ساتەوەختەدا لەگەڵ (م،ن)ی داماو پرتەقاڵی دەخوارد چومە لایو نەیتوانی هیچ بڵێ، هەستم کرد پیاو لای ئەو جانەوەرەو ئەگەرنا کون کون کردنی جەستەی ناسکی ئافرەتێك بەدەستی باوکی چ مانایەکی هەیە؟ لێرە هەموو سەرتاکان هەر هەموو یاساکان بەناو مافی ئافرەتدا رەتدەبنو کەچی رۆژ نییە خۆسوتاندنو کوشتنو هەلا هەلاکردنی جەستەی ئافرەت دووبارەو سەدان بارە نەبێتەوە ئا لێرەوەیە هەڵوەشاندنەوەی باری کەسێتیو دانانی یاسا نوێیەکان ئەوانەی مافە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتان دیاری دەکەن، بێ نرخ دەبێو لەگەڵ کەوتنی جەستەی شلکی (م،ن)ی بێ خەتادا ئەوانیش دەبنە سەراب.ئالێرەدا دووبارە بوونەوە و چەند بارەبوونەوەی درِندەیی پیاو هەرِەشە لە هەرهەموومان دەکات و بەریەککەوتنی کەلتوورەکان لەنێو سنوورێکی دەستکردد بەرەو نیادەرتاڵ بوون دەمانبا، سروشت پێماندەڵێ ئێوە سەرچاوەی لەناوبردنی جوانیەکاننو بەم رافتارەنەشتان جگەلەوەی نابن بەهیچ بەتەنهاش بەناشیرینی دەمێننەوە، ئەوسا نیشتمانەکەمان دەبێتە نیشتمانی ناشیرنەکان،



# خۆسووتاندن

# خۆسووتاندن

## بۆن کڕوزێك لەناخەوە داتدەڕمێنێ

**کە لافیتە ڕەشەکەی شەقامی شۆڕشم دیتو کارەساتی سووتانی (ش،ش)م بیست، زانیم لە پشتەوەی ڕووداوێکی ترسناك هەیەو چیرۆکێکە دەکرێ بەدواداچونی بۆ بکرێ، هەر لەوێ بەنێو ژنە ڕەش پۆشو عەبا بەسەرەکاندا ڕەتبووم ئەو ژنانەی تەمێکی لێڵ سیمای داگیرکردبوونو لەناخیانەوە دەلاوانەوە ئاخیان هەڵدەکێشاو پێیان وابوو هاوڕەگەزێکیان کە هێشتا تەمەنی (17) بەهاری تەواو نەکردبوو بووە سووتەمەنی ئەو پیاو سالارییەی ساڵانێکی زۆر ئەوانیشی چەوساندۆتەوە، ئەوان ئەو ژنە داماوو مەلولانە ڕەنگبێ پێیان سەیربێ کە تەمەنێکی درێژیان ڕەتکردو بەناو دەیان کارەساتو**

چەوساندنەوەدا گەیشتنە ئێرەو پرسەیان بۆ دانەنرا، بەگومانەوەش لەدەورووبەریان دەڕوانیو هەستیان دەكرد لەنێو پرسەی ئەم هەرزەكارە خێر لەخۆنەدیوەدا جگە لە گریانو گێڕانەوەی بەسەرهاتەكە، جگە لەسەردانی دەستە دەستەی دەستە خوشكەكانی كە هەر هەموویان بەگریانەوە پرسەكەیان جێدەهێشت وفرمێسكیان بۆ ئەو و ئایندەی خۆیان دەڕشت ئەوان دەگریان و دەیانزانی سبەی ، كەسێك نییە باس لەسەندنەوەی مافی (ش،ش)و سەدانو بگرە هەزارانی وەك ئەو بكات، یاساكان لەویَ لەگەڵ جەستەی هەڵقرچاوی ئەودا بوونەتە دووكەڵو لەبۆنی سووتانو هەنسكو گریان بترازیَ چیدی لێوەنایە.

لەویَ لەو شەقامە ماتو بێدەنگەدا هێشتا بۆن كرۆزی جەستەی (ش،ش) دەهاتو ئەم پایزە ساردو سڕەی ئەم ساڵیش بۆچەند بارە گوڵێكی دی لەباغی شۆڕش هەڵوەراندو كردیە دیاری ئەو ئومێدو حەزە زیندەبەچاڵانەی كچانی شارەكەم، كە قەت بۆیان نایاتەدی.

(ش،ش) پۆلی چواری دواناوەندی دەبیَو بەپێی گوتەی خاتوو (ا،ج)ی دەستەخوشكی نمونەی ڕەوشت بەرزیو لەسەرخۆیی دەبێت، قوتابییەكی زیرەكو دەستەخوشكی هەموو ئەوانە دەبێت كە لەو دەچن، بۆیە لای ماڵەوەو مامۆستاو تەواوی خەڵكی گەڕەك خۆشەویست دەبیَ، ئەوەی بەسەرهاتی چاوەڕوان نەكراوی (ش،ش)ی

بۆ گێڕامەوە گوتی:- تاکە حەزێکی ئەو بوونی مۆبایل بوو تا ئەویش هەیبیٚو وەکو دەستە خوشکەکانی لەکاتی پێویستدا ئاگای لەو ئازیزانەی بێت کە لێیەوە نزیکن، بۆیە زۆر نابا کەسێکی نزیکی لەدەرەوەی وڵات دانەیەکی بەدیاری بۆ دەنێریٚو بەڵام لەماڵەوە بەر لەوەی بە بەکارهێنانی رابگا یەکێك لە براکانی دەیەویٚ لێی زەوت بکاو ئەویش نایداتیٚ، بۆیە دوای مشتومڕێکی زۆر، لێدان کە ئامرازێکی باوی کۆمەڵگایەو هەتا ئێستاش لەلایەن پیاوانەوە بە دڕندانەترین شێوە پەیڕو دەکریٚ یەخەی (ش،ش) دەگریٚو زۆر دڕندانەو بیٚ بەزەییانە جەستەی ناسکی دەکوتیٚ، ئا لەوکاتانەدا بۆیەکەم جار چریکەی بیٚ خەتایەك شەقام دەشڵەقێنیٚو سەرەتای تاوانێکی گەورە سەرهەڵدەدات، کاتێك ئافرەت خۆی وەکو کۆیلەیەکی چەوساوە دەبینیٚو ناتوانیٚ بەرگری لەخۆی بکاتو بەسادەترین مافەکانی شادبیٚ، کە ساڵانێکە خەونی پێوەدەبینیٚ، کاتێك خۆی زۆر بە بچوکیو بیٚ بەهایی دێتە پێش چاوو دەوروبەر ناتوانن بەرگری لێبکەن، کاتێك یەکێك لەجوانترین هیواکانی کە هاندێکی مۆبایلی رەقو رووتەو لێی زەوت دەکریٚو دواتر جەستەی دەکوتریٚ، هەرچەند دەکات ناتوانیٚ بڵیٚ ئەوە دیاری باوکمەو بۆمن هاتوە نەك بۆ تۆ.

ئا لەو کاتانەدا دوا چەك دوا تواناو بەرەنگاربوونەوە بۆ ئافرەتانی ئێرە خۆسوتاندنەو ئەوەش بەدوا رێگەی قورتاربوون دەزانیٚ لەهەموو

ئەو چەوساندنەوانەی رۆژانە دووبارە بوونەوەی هەیە.پێی وایە پیاوەکان هەرهەموویان یەك جۆرن و سبەی ئەگەر شووش بکات درندەیەکی هاوشێوەی برایەکەی لێپەیا دەبێت ودەیکاتە کۆیلەیەك و وەك کەنیسەك یان خزمەتکار دەیچەوسێنێتەوە، هەرەسی پێدێنێت و هەموو رۆژێ بەگریانەوە روو لەو ماڵە بابە بکات کە لەوێش هاوشێوەی درندەکەی ماڵێ دەم و چاوی شین دەکەنەوە، بۆیە (ش،ش)ی هەرزەکار پێی شەرم دەبێت بەو دیمەنە پڕ لەتراژیدیایە بگەڕێتەوە ناو ئەو دەستەخوشکانەی لەقوتابخانە چاوەڕێیان دەکردوو بڕیارێك دەدات کە دووا بڕیاری هەموو ئەو کچە داماوو چەوساوانەیە کە بەدەست پیاوسالارییەوە دەناڵێنن‌و یاساکان ئەوانەی بۆ ئەوان‌و هاوڕەگەزەکانیان دەرچوون نایانگاتێ‌و بەر لەوەی تاوانبارەکان بگەنە سزای خۆیان، جەستەی ئەوان کڵپەی لێ هەڵدەستێ‌و بۆنکڕوزی جەستەی ناسکی مرۆڤی زیندوو تەواوی شارەکەمان دادەگرێ.

(ش،ش) لەبەرامبەر ئەو زوڵمە چاوەڕوان نەکراوە خۆی پێ رانەگیراو بۆ تۆڵەکردنەوەو رەتکردنەوەی ئەو ژیانەی کە پیاو تیایدا بالآیەو ئافرەت کۆیلەیەکەو هیچی تر لەبەرامبەر درندەو نەڕەی پیاوێك کە هەر لەدێو دەچوو و دەیویست بچوکترین مافی لێ زەوت کات کە ئەویش هاندێکە دیاری باوکیەتی کە لەدەرەوە بۆی

ناردۆتەوە، لەبەرامبەر ئەوانەو ئەو ژیانەی کە جگە لەمردن هیچ مانایەکی بۆ ئەمی جەستەکوتراو نەماوەتەوە دێو ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات، ئا لەوکاتەدا ژیان بۆچەند چرکەیەك دەوەستێو ویژدانو مرۆڤایەتی هەرەس دێنن، دواناوەندی شۆڕشو تەواوی ئەوێ دەبنە سووتوو،دووکەڵی جەستەی قوتابیەك ئاسمانی هەولێر دادەگرێ، گەڕەکی شۆڕش رەشدەچێتەوەو شەقامەکان بێدەنگو بەترسەوە سەرنج لە ئاسمان دەدەن، مامۆستاکانی بە لەدەستچوونی قوتابیەکی بە رەوشتو وریا توشی شۆك دەبنو  وانەکانیان دەکەنە ئەو پرسەیەی لەچاوەڕوانی هەموان دایە، (ش،ش)ی تاقانەی ماڵیش ماڵئاوایی لەهەموو   ئەو ژیانە پڕ لەکارەساتو جیاوازیانە دەکاتو بۆیەکجاری  ژیان بەجێ دێڵێ.

ژیانێك هەروەك مامۆستاکەی بۆی گێڕامەوە لێواو لێو بووە لە ئومێد، چونکە (ش،ش) نمونەی ئەو قوتابیانە بووە کە دواڕۆژێکی پڕ لەهیوا چاوەڕوانی بووە، ئەو گوتی، واتە مامۆستاکەی، جگە لە خوێندنو خۆشەویستی کە دەیدا بە قوتابیە هاوڕەگەزو مامۆستاکانی هیچی دی نەبوو، پێکهاتەیەك بوو لە ناز لەو نازو نیعمەتەی لەلایەن دایکو باوکی درابوویەو تەنها کچ بووە کە هەیان بووە، هەربۆیەش لە بەناز بەخێوکردنو گرنگیدان بەم خێر لەخۆنەدیوەدا بەرگەی ئەم لێدانو سوکایەتیو دیاری زەوتکردنەی نەگرتو لەبڕیارێکی چاوەڕوان

نەکراودا لەبری هەر هەموو شتە جوانەکانی ژیان کە لەچاوەڕوانی ئەو دابوون خۆی کرد بەو خەڵوزەی کە هەتا ئێستاش بۆن کرژزی جەستەی سووتاوی لێرە نەبڕاوەو پێش ناچێ بەم زوانە ببڕێ.

ئەوکاتەی منیش دەمویست گەڕەکی شۆڕش جێبهێڵم، لەشکرێك پیاوم دیت لە شەقامەکاندا دەهاتن‌و دەچوون، تێگەیشتم هەتا پیاو بەم زۆریە لەشەقام بێ‌و ئافرەتەکانیش لەماڵەوە، هەتا پیاو کەڵەگاو ئافرەتانیش خزمەتکار، ئەم کارەساتانە درێژەی دەبێ‌و خۆسوتاندن وەك دیاردە قەت بەکۆتا نایە.

سمه جاویدان

# خۆکوشتن: جەنگێکی بەردەوام

## ئاسۆیەك، قەت لەئاسۆ هەڵنەهات



# خۆکوشتن: جەنگێکی بەردەوام

ئاسۆیەك، قەت لەئاسۆ
هەڵنەهات

(ئاسۆ کەمال) بەرلەوەی وەکو قوتابیانی هاوپۆلەکانی یەکە بەیەکەی قۆناغەکانی خوێندن ببڕێ، لەناوەڕاستی هەشتاکانو بۆ یەکەم جار جەستەی ناسکی لەبەردەم خێزانەکەیدا شل بۆوەو دووچاری نەخۆشییەك هات بەئامانو زەمان لێی نەدەبۆوە، ئەو رۆژە بۆ ئاسۆی هەرزەو جەستە ناسك، سەرەتای جەنگێکی بێ بەرامبەر بوو کە 22 ساڵ درێژەی هەبوو، چونکە هەموو رۆژەکانی تەمەنی ئاسۆ خۆئامادەکردن بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی نەخۆشیەك کە نەیدەزانی بەکوێدا هات بەڵام دەیزانی چۆن کۆتایی دێت، بۆیە هەموو جار دەیگوت ئەوەندەی لەناو پۆلی خوێندن ئاگام لەوە بوو دووچاری نەخۆشیەکە نەبمو لەبەردەم قوتابیو مامۆستاکاندا شەرمەزار نەبم، هێندە ئاگام لەخوێندنو وانەکان نەبوو، ئاخر کە خوێندنم جێ هێشتو دەستم بەکارکردن کرد، دیسانەوە مشتەریو هاوسێکان، ئەوانەی زۆربەدڵسۆزیەوە منیان دەگەیاندە نەخۆشخانەو ماڵەوە، جێگەی سەرنجیان بووم، هەستم دەکرد ئەم (فێ)یە من لەژیان دادەبڕێ، نایەڵێ وەکو کەسێکی ئاسایی بژیموهەمیشە بەدوومەوەیە، هەموو چرکەیەك لەژیانی مندا ترسێکی بۆ دەچاندم، لەپزیشكو چارەسەرو دەرمان بێزار

بووم‌و تەنها دەنگیماملێ یان لێدانی ئەو تەپڵەی کە لەبێ ئاگاییەوە فێر بووم ئەم نەخۆشیەی لەبیر دەبردمەوە، ئەگەرنا من‌و فێ یەخەی یەکتریمان گرتبوو لەجەنگێکی درێژخایاندا بووین‌و قەد نەمدەهێشت بەسەرما زاڵ بێ، ئاسۆ کە پۆلی سێی ناوەندی تەواو کرد، دەستی بەکارکردن کرد، زۆری نەبرد ئەو دۆست‌و خۆشەویستانەی لەدەوری بوون‌و وەکو باب‌وبراکانی دڵسۆز بوون بۆی، بەهۆی راگواستنی قەڵادزێ وە تەفرو تونابوون، ساڵی 1989 بوو خێزانەکەی ئەوان هاتنە هەولێرو سەرەتای ترسێکی دی شلتری دەکرد، لەوێ لەم شارە گەورەو جەنجاڵەدا نەیدەتوانی بەبێ کەسێکی نزیك لەخۆی بێتە دەرێ‌و پێی وابوو لەهەر شوێنێك دووچاری ئەم نەخۆشیە بێت، هەر لەوێ‌و بەبێ کەسی کۆتایی دێت، بۆیە بڕیاریدا زۆربەی کاتەکانی لەماڵەوە بەسەر بەرێ، بەڵام ئەمەش چارەسەری کۆتایی نەبوو، چونکە گۆشەگیری لەنێو چوارچێوەکاندا زیاتر هەرەسی پێ دێنێ بیرکردنەوەو مانەوەی وەك کەسێکی بێ بەرهەم دوای دەخاو هەموو رۆژەکانی ژیانیشی دەبێتە ئەو بەرنامەیەی کە ئەو نایەوێ، بۆیە جارێکی دی بڕیاری کارکردنیدا، لەیەك کاتدا ململانێی دژی نەخۆشیە درێژخایەنەکان‌و سەلماندنی خۆشی کە دەتوانێ لەهەر بارودۆخێکدا بێ کار بکات،

زۆری نەبرد بەهۆی دۆزینەوەی چارەسەری کاتی‌و هاتنی دەوا لەدەرەوەی وڵات‌و بڕوا بوون بەخۆ، ئاسۆی رووناك کردەوەو بەدەگمەن نەبا دووچاری ئەم نەخۆشیە نەدەبوو، بەڵام ئەم دەرفەتەش زۆری نەخایاندو لەساڵانی دوو هەزارەکاندا هەفتانە هێرشی دەکردە سەر ئاسۆو ئەویش بێزاربوو لەو بەرگریەی کە هەموو جار بەلەخۆچوون‌و وە ئاگاهاتنەوە کۆتایی دەهات.

هەر تەنها شەش رۆژ بەر لەڕوودانی کارەسات ئاسۆم دیت‌و دەیگوت: منێك کە لەخۆم رانەبینم هاوسەرگیری بکەم‌و کار بکەم‌و ئۆتۆمبێل لێبخورم، منێك کە نەتوانم کوێم بوێ بچم‌و وەکو ئێوەو هەموو هاوتەمەنەکانم منداڵی خۆم‌و ماڵ‌و سەربەخۆیی خۆم هەبێ، منێك کە نازانم ئایندەم چییەو چارەسەریشم هەرگیزاو هەرگیز ناکرێ.؟ ئاخر تاکەی وا بەلاوازی‌و بێ هیوایی هەموو رۆژێك لەم بەرگریە سەختەدا بم، کە تەواوی پزیشکەکانی ئەم وولاتەم کردووەو دەستەپاچەن، شارەزای ئامۆژگاری ئەوان‌و ئێوەش بووم، تێگەیشتم کە ژیان بەم جۆرە مانایەکی نییەو تەنها رێگەیەك بۆ قوتاربوونم یەك فیشەکە، نامەوێ ئەم نەخۆشیە من بکوژێ‌ودەبێ خۆم کۆتایی بەو جەنگە بهێنم کە لەگۆڕەپانەکەدا بەتەنهام‌و 22 ساڵە ئاسۆیەك نابینم لەمنی ئاسۆ هەڵبێ.

ئەو رۆژە ئاسۆ بەمنی گوت: مامە هەموو رۆژانی رابردوو دەبێت بکەمە یادگاریو ئێستاش بۆ تۆ دەبێتە ئەو چیرۆکەی کە قەت لەبیر ناچێتەوە، ئامۆژگاری تۆو ماڵەوەو پزیشکەکان دووبارەنو 22 ساڵە بەبەر گوێمدا رەتدەبنو چارەسەرنین، ئەمە دوا دیداربوو، رۆژی 7 / 2 / 2007 کاتژمێر 9:50 خولەك سەرلەبەیانی بوو دەنگی تەقەیێك گەرەکی گوڵانی ناوشاری هەولێری شڵەژاندو دواجار ئاسۆی بەستەزمان ئەو ئایندەی هەڵبژارد کە دەمێك بوو نەخشەی بۆ کێشابوو، ئایندەیەك کە لێرە بۆتە دیاردەو تەواوی رۆژەکان دەکاتە یادگاری، شەوێك بەر لەخۆکوشتنەکە، نەیدەزانی لەکوێ بنوێ، لەژووری میوان، یان ئەو شوێنەی تفەنگێکی نەعلەتی لێیەو لەوەتەی هەیە بەکار نەهاتووە، ئەو شەوە تا بەیانی جینگڵ دەداو نەخشە بۆ کوشتنی خۆی دادەرێژێ، سەر لەبەیانی دوای رۆیشنی باوكو براکانی بۆ سەر کار، ئەو بەخاوەن کارەکەی رادەگەیەنێ کە ئیدی نایەتەوە، زۆر بەبێ دەنگی ئەو دۆڵابە دەشکێنی کە تفەنگەکەی تێدایەو دەچێتە ژووری سەرەوەو بەبێ دوو دڵی فیشەکێك بەو شوێنەوە دەنێ کە 22 ساڵە هەراسانی کردووەو لەگەڵ هەنگاوتنی نەخۆشیەکە، دواجار خۆی دەکاتە قوربانی ئایندەی کە زۆر لێی دەترسا.نەخۆشیەکەش بۆ هەتا هەتایە لە

جەستەی خۆیدا دەكوژێ وتەواوی سەرهاتەكان و یادگاریەكانی بۆ ئێمە دەخاتە ئەلبوومێكەوە تا هەرگیز لەیادی نەكەین.

- ئاسۆ ناوی راستە ڤینەی خۆیەتی و كەسێكی نزیكم بوو

سمە جاویدان

# دەست درێژی...



# دەست درێژی...

## ئەو تاوانەی شەوێکی قاهیرەی سوور داگەڕاند

بێدەنگیو خامۆشی شەو شەقامی ئیسماعیلیەی قاهیرەی داپۆشی بوو، وێنەی جموجۆڵی ئەم شەقامە لەنێوان شەو رۆژدا جیاوازییەکی زۆریان هەیە، چونکە بەرۆژ قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانو کۆلێژی پەروەردەی هونەری شەقامەکە ئاوەدان دەکەنەوە، بەڵام لەشەودا بێدەنگی جوانترین وێنەیە لەناو چراخانی سەر شۆستەکان، ئەو شەوە

بۆ لەیلا سالی قوتابیو تەمەن 15 ساڵ کارەسات بوو، لەدەستچوونی ئایندەو ئەو نهێنیانە بوو کە لەناوەوەی حەشار درابوو، رێکەوت 6ی ئۆکتۆبەری 2006 بوو کات 11 شەو کە رووداوی دەستدرێژی سێکسی کرایە سەرو لەهۆش خۆی چوو، لەیلا بەر لەروودانی تاوان، بە تەلەفۆن داوای خواردنو هەندێ پێداویستی کردبوو لەیەکێك لە سوپەر مارکێتە نزیکەکان، چونکە خۆی بەتەنها لەماڵەوە بووەو دایكو باوکی دکتۆری دەرمانسازینو تا دوای نیوە شەو ناگەڕێنەوە، کاتێکیش کرێکاری ئەم سوپەرمارکێتە پێداویستیەکان دەهەنێیو دوای دۆزینەوەی ژمارەی دەرگای شوقە دیاریکراوەکە، لەدەرگا دەداتو دەبینێ کچێکی تەمەت 14 تا 15 ساڵ بە سترێجێکی تەسکەوە دەرگای لێدەکاتەوەو پێی دەڵێت چاوەڕوان بە تا پارەت بۆ دەهێنم، لەم کاتەدا تاوانبار سەرنجەکانی لەناو ماڵ چڕ دەکاتەوەو بیرکردنەوە لەتاوانو هەڵڕشتنی کەفو کوڵی پیاوەتی هێرشی بۆ دەهێنێو بە ئەسپایی دەچێتە ئەودیوی دەرگا، هەستی خۆی رادەگرێو گوێی لێدەبێت کە کەچکە بە مۆبایل قسە لەگەڵ دەستە خوشکێکی دەکاتو دەڵێ من بەتەنهام و دایكوباوکم تا درەنگانی شەو ناگەڕێنەوە، تاوانباریش ئەمە بەدەرفەت دەزانێو بەهێواشی دەرگاکە دادەخاتو بەرەو پێشەوە دەڕوات، کاتێكو دوای چەند خولەکێك کچەکە دەگەڕێتەوەو پارەی بەدەستەوە دەبێت تاوانبارەکە کیسە نایلۆنە پڕ لەخواردنو پێداویستیەکان دادەنێو

پەلاماری دەدات، دەستی لەسەر دەمی دادەنێ‌و بەهۆی ئەوەی تاوانبار بەتواناتر دەبێت، بە دیواری هۆڵی دانیشتنی دادەداو
دەیخاتە سەر زەوی، بەبێ بەرگریکردن جلەکانی لەبەر دادەنێ‌و وەکو گورگی برسی کەڵبەی لەجەستەی لەیلا گیر دەکاو ماوەی یەك کاتژمێرو نیو درێژە بەم تاوانە ئاژەڵیانەی دەداو دواتر بەبێ دەنگی بۆی دەردەچێت.
دوای تەواوبونی کارەکانیان دکتۆر سالم و دکتۆرە ماجیدەی هاوسەری لەدەرمانخانەکەیان دەگەڕێنەوەو وەکو هەموو شەوانی دی دەرگای شوقەکەیان دەکەنەوە، لەگەڵ بینینی دیمەنی کچەکەیان بە رووتی‌و سەر شکاوی دایکی هاوار دەکات‌و باوکیشی سەرچەفێك دەهێنێ‌وکچەکەی دادەپۆشێ، لەم کاتەدا هاوسێیەکانیان بە هاواریانەوە دێن‌و یەکێك لە دۆستە نزیکەکانیان پەیوەندی بە بنکەی پۆلیسی (قصر النیل) دەکەن‌و دوای 5 خولەك مقەدەم مەحمودو سەرۆکی لێکۆڵینەوەی قەصری نیل‌و چەندین پۆلیس دەگەنە شوێنی رووداوەکە.
بەهۆی لەهۆش چوونی لەیلای بەستەزمانەوە ناتوانن هیچ زانیارییەکی لێوەرگرن‌و جیرانەکانیشیان گوێیان لەهیچ هات‌و هاوارێك نەبووە، دواتر لیوا ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتی لێکۆڵینەوەی قاهیرەو لیوا عەبدوڵلای جێگری لەگەڵ تیمێکی پسپۆر دەگەنە جێ‌و دەست بەجێ لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست دەکەن بۆ گەڕان بەدوای سەرەداوێك‌و تاوانباردا.

سەرەتا لە وێنەو ئەدرەسی سەر ئەو عەلاگە نایلۆنانەوە دەست پێدەکەن کەشتو مەکی تێدا هاتووەو ژمارەی تەلەفۆنو شوێنی ئەو سوپەر مارکێتەی لەسەرە کە لێی کڕدراوە دەست بەجێ خۆیان دەگەیەننە سوپەرمارکێتەکەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری دارایی دەکەنو دەگەنە ئەنجام، چونکە ئەو زەرفە نایلۆنانەی لەناو شوقەکە بوون، هێشتا بەتاڵ نەکرابوونو دواتریش هەمان کات ئەو کرێکارەی شتەکانی گەیاندووە رۆژانەی خۆی وەرگرتووەو سوپەرمارکێتەکەی جێهێشتووە.

وێنەی تاوانبار لەبەڕێوەبەری سوپەر مارکێتەکە وەردەگرنو هەر ئەوکات بەرەو گوندەکەی بەڕێدەکەون کە سەر بە بنکەی (فیوم)ە.

لەگەڵ دۆزینەوەی ماڵەکەو چوونە ژوورەوەی تاوانبار لەناخەوە دادەڕمێو یەکسەر دان بەتاوانەکەیدا دەنێو ئەوانیش دەستگیری دەکەنو بۆ سبەی دادگایەکی بە پەلەی بۆ ئەنجام دەدەن.

لەناو بەشی تاوانەکان لە (قصر النیل) چاومان بە تاوانبار کەوت، وەکو گورگێکی پەك کەوتوو بەترسەوە سەیری دەکردین، پەشیمانی لە نیگاکانی دەبارینو بەدەنگێك زۆر نزم دەیگوت: ناوم سەعیدەو تەمەنم 19 ساڵە خەڵکی (فیوم) ماوەی سێ مانگە لەسوپەرمارکێت کاری گەیاندنی شتومەك دەکەم بۆ ماڵو شوێنە گشتییەکان، تاوانەکەم بەبێ نەخشە داناوەو لەو کاتەدا شاڵاوی سێکسیم هەرەسی بە مرۆڤایەتیم

هێنا، دوارۆژی خۆم لەدەستداو رازیم بەهەر سزایەك دادگا بەسەرمدا بسەپێنیٚ.

دادگا تەنها سزای 15 ساڵی بەسەر تاوانباردا سەپاند، بەڵاٌم کچێکی تازە پێگەیشتوو بۆ تاهەتایە ترس گیانی داگیر دەکاتو هەرگیز نابێتەوە ئەوەی پێش روداوەکە هەبوو چونکە کەلتوری ئەم کۆمەڵگایانەو سروشت ئافرەتی بەجۆرێك دروستکردووە تاوەکو شوکردن دەبێت خۆی لەبرسیەکان بپارێزیٚ، سەعید کەوتە بەندیخانەو

لەیلاش ئێستا لەنێو بەندیخانە سەختو دژوارەکانی بیرکردنەوەدا لەنێو ترسێکی ئەستووردا دەناڵێنیٚ.



# رفاندن، دیاردەیەکی باوی بەغدایە

## چیرۆکێك، یان ڕووداوێکە وەك خۆی

# رفاندن، دیاردەیەکی باوی بەغدایە

## چیرۆکێك، یان ڕووداوێکە وەك خۆی

زوهرە خالید دەڵێ: ئەو ڕۆژەی براکەم منی گەیاندە بازاڕی کەڕادەی ناو بەغدا, زیاتر لە سێ مانگ بوو نەمتوانیبوو بازاڕ ببینم, بۆیە لە پاڵ ئەو ترسە زۆرەش کە هەموو گیانمی دەلەرزاند, بەبینینی دوکانەکانی بازاڕی کەڕادەو بەتایبەت ئەو جامخانانەی پڕبوون لە شتو مەکی خۆجوانکردنو ڕازاندنەوەی ئافرەتان دڵم کرایەوە, هەستم کرد دوای سێ مانگ من لە بەندیخانە ڕزگارم بووەو دەتوانم بە ئارەزووی خۆم پیاسە بکەمو شت بکڕم, دەتوانم پیاوە پۆشتەکان

ببینمو سەرنجی ئەو لاوانە راکێشم کە تینووی ئافرەتانن‌و ئەوانیش وەکوجاران پرچی رەنگاو رەنگ‌و بەرگی تەسك‌و بالاّی شۆخ‌و شەنگ نابینن.

ئەو رۆژە هەرچەندە لە دەوروبەرم رادەمام زیاتر ترس‌و دڵەڕاوکێ چۆکەکانمی دەلەرزاند, پێم وابوو گروپە توندڕەوەکان ئەوانەی مەترسین بۆ ئافرەتانی کراوەو ئازاد بەدوومەوەن‌و لە هەر کاتێکدا بێت دەمرڕفێنن‌و جارێکی دی جوانییەکان نابینمەوە, جارێکی دی لاوەکان سەرنجم لێنادەن‌و کەف‌و کوڵی لاویەتیان لەناو نیگاکانیاندا ناتوێننەوە, بۆیە خۆم بە تەنها دەدیت‌و تاك‌و تەرای ئافرەتانی وەك من نەبێ, کە هەریەکەیان دوو سێ پیاوی لەگەڵ بوو لە بازاڕی کەڕادەی ناو بەغدا بەدی نەدەکرا.

ئەو رۆژە لە خۆ رازاندنەوەی خۆم پەشیمان بوومەوە, لە رێگەی مۆبایلەوە پەیوەندیم بە براکەم کردەوە بەلاّم تا ئەو گەیشت کار لەکار ترازا, تەقینەوەیەك جامخانەکانی وردو خاش کردو منیشیان خستە ناو ئۆتۆمبێلێکی جام رەشی پۆلیسی‌و چریکەو هاوارم بەرگوێی کەس نەدەکەوت, زانیم ئەوانە پۆلیس نین‌و سەرچاوەی ئەو ترسەن کە سێ مانگە منی لە بەندیخانەی ماڵەوەدا ئاخنیوە, خێرایی ئۆتۆمبێلەکەش زیاتر ترسی لە دڵم داچاندو زۆری نەبرد سەریان گرتم‌و خستیانە سەرپێیەکانیان, بۆنی باروت‌و پۆستاڵی توندڕەوەکان

هێندە ناخۆش بوو هەرەسی پێهێنام, ئاگام لە خۆم نەماو کە چاوم کردەوە, لەناو ماڵێکدامو سێ دەمامك لە مل کە تەنها چاویان دیاربوو هەردوو دەستو پێیان بەستمەوەو جانتاکەشیان لێستاندم, مۆبایلەکەیان دەرهێناو دەرگایان بەزنجیر داخست, ترسێك هەموو گیانمی تەنیو پێم وابوو ئیدی رووناکی نابینمەوە, نەمدەتوانی هیچ بڵێمو تەنها رووناکییەکیش کە لە ژوورەکەدا هەبوو ئەو پەنجەرە ئاسنینەبوو کە بە ژێر ساپیتەی ژوورەکەوە بوو.

کات نەدەڕۆی, بیرکردنەوەش لە مردنو سووکایەتیو ئابڕووتکان, ئەو دێوەزمە ترسناکەبوو کە سێ مانگ منی لە ماڵێ عاسێ کردو ئەنجام تەنها بۆ چوونە بازاڕو کڕینی چەند پێداویستییەکی ژنانە, چارەنووسم بەم شوێنە گەیشت کەلێی دەترسام, ئاخر ئافرەتانی بەغدا چەند لە رووی پێشکەوتنخوازیشەوە, یان لەلایەنی هزریو کرانەوەدا لە پێش ئەوانی دیش بن, بەڵام کلتورێکی بۆماوە هەیەو رێگە نادات پێداویستی تایبەت کە ژن بەکاریدەهێنن باوكو برات بۆت بکڕێ, خۆ حەزی دنیا دیتنو سەرنج راکێشانی دەوروبەر بۆ لای خۆت ئەویش ئارەزوویێکەو هەر هەموو ئافرەتان شانازی پێوە دەکەن, بۆیە منیش لە ژێر فشاری ژنانەمدا بەناو مەترسییەکاندا رەتبوومو خۆم لەم شوێنە پڕ لە مەترسییە دیتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی ئێرەی لەماڵێدا عاسێ کردووە.

زۆری نەبرد ئەو رووناکییەی لە پەنجەرە ئاسنینەکەوە دەهاتە ژووری نەما، زانیم کە شەو داهاتو چارەنووسم لەمشەوەدا قۆناغێکی دی بەخۆوە دەگری، زۆر نابا، دەمامك لەسەرەکان دێنە وێزەمو ئەوەی من نامەوێ پێم دەکەن، بێ خەتا خەتابارم دەکەنو کەسو کاریشم دەبێت لە کوچەو کۆڵانەکانی بەغدا لە لاشەی هەلا بە هەلابووم بگەڕێن، وەکو ئەو هەموو لاشەیەی رۆژانە لە شەقامەکاندا دەدۆزرێنەوەو جەستەیان کون کون کراوە.

ئەو کاتەی تاریکی تەواوی ژوورەکەمی تەنی، من بە دەستو پێ بەستراوی بە کورسییەکی ئاسنینەوە هەموو گیانم دەلەرزی، یادەوەرییەکانی منداڵیمو هەلهەلەکانی ئەو رۆژانەی بەغدای تێدا ئازادکرا بە خێرایی بەهزرمدا رەتدەبوون، بیرکردنەوەش لە کەسو کارمو ئەو کارەساتەی بەسەرم هات هێندەی دی ئازاری دەدام، پێم وابوو ئەوەی من نامەوێ ئێستا دێتەدیو ژیان لەمن دەکەنە دۆزەخ، چونکە پێشتر خوێندبوومەوە کە تیرۆریستان سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ هەر ئافرەتێك لەچك لەسەر نەکاو لەناو دەزگایەك یان شوێنێك ئیش بکات سەربە حکومەتو رێکخراوە بیانییەکان بێت!

ئێ منیش ماوەی سێ ساڵان لە دەزگایەك کاری تایپیستیم بۆ رۆژنامەیەك کردووەو تەنها پێنج مانگ بوو جێم هێشتبوو، بۆیە دەترسام زانیاریان لەسەرم کۆکردبێتەوەو بەپێی نەخشەو پلان ئەم

داوەیان بۆ من نابێتەوە, بۆیە لەم ساتە زۆر تاریکەدا پەشیمان بووم لە بوونو لە دایك بوونو خوێندنو ئەو رەگەزەش کە بێ پرس بەسەرمدا سەپاوە, خۆزگەم دەخواست ئەمرۆش وەك رۆژانی دی نەهاتبامە دەرێو لە ماڵەوە خۆم بەو پەڕۆو پاتاڵانەوە خەریك کردبا کە لێیان راهاتبووم.

رێك لەوبیرکردنەوانەدا بووم دەنگی ئافرەتێك رایچەڵەکاندم دەرگایان کردەوەو گڵۆپی ژوورەکەیان داگیرساند, دیتم ژنێکی دەمامك دارو دوو پیاوی رەش پۆش لێم هاتنە ژوورێ, دەمیان کردمەوەو مۆبایلەکەی خۆمم بە دەستیانەوە ناسیەوەو یەکێك لە پیاوەکان زۆر بە تورەییەوە گوتی: ژمارەی مۆبایلی مێردەکەت چەندە؟

منیش بە بینینی ئافرەت لەگەڵیانو ئەم پرسیارە تێگەیشتم هیچ زانیاریەکیان لەسەر من نییە, بۆیە کەمێك هێوربوومەوەو گوتم:مێردم نییە, ئەوجارە گوتی: ژمارەی باوکت برات, نزیکترین کەست, لەو کاتانەشدا ئەو ئافرەتەی لەگەڵیان بوو خەریکی کردنەوەی دەستو پێم بوو بۆیە مۆبایلەکەم لێوەرگرتو ژمارەی مۆبایلی براکەمم پیشاندان.

پیاوەکان رۆشتنە دەرێو ئافرەتەکە زۆر بە تورەییەوە گوتی: بەتەنێو مێردیشت نییە چیت دەکرد لە بازاڕ, منیش لەوکاتەدا بۆم هاتو گوتم بە تەنێ نەبووم‌و براو براژنم لەگەڵ بوو, بەڵام بەهۆی

تەقینەوەکەوە لێکدابڕاین,ئیدی زۆری پرسیارکردو دواتر هەندێ ئاوو لەچکێکی بۆ هێنام لەسەرم کرد, ئەوشەوە بە تەنهاو جارێکی دی دەستیان بەستمەوەو لە ژوورەوە خەواندیانم, بەڵام نەك خەوم لێنەکەوت لە ترسان خەریك بوو شەق بەرم.

بە رووناکی پەنجەرەی بنمیچی ژوورەکەوە زانیم رۆژ بۆوە, زۆری نەبرد ئافرەتەکە هاتەوەو خواردنی بەیانی بۆ هێنام هەر چۆنێك بوو چایەکەم خواردەوەو یەك لە دەمامك بەسەرەکان بە ژوور کەوتو گوتی ها لەگەڵ برایەکەت بدوێ,منیش تەنها توانیم ئەوەندەی پێ بڵێم کە سەلامەتمو لە ژوورێك بەندکراوم, زیاتر نەیانهێشت هیچ بڵێم کە مۆبایلەکەی داخستەوە پێم گوتن چتان لەمن دەوێ؟ پیاوە دەمامك بەسەرەکە بەزمانی جنێوو زۆر بە ناشیرینی گوتی: ئەو بێ قیمەتەی برات دەڵێ سێ دەفتەر دۆلارمان نییە!! کە باسی دۆلارو پارەو ئەوشتانەکرا, بەتایبەتیش ئەو ئافرەتەی لەگەڵیان بوو, هێندەی دی هاتمەوە سەرخۆ, رۆژی یەکەمو دووەمی ئەو ژوورە ترسناکەم زۆر بەزەحمەت لێ رۆیی, بەڵام رۆژەکانی دواتر لەگەڵی راهاتمو بەتایبەتیش کە لێم شارەزابوونو زانیان هیچم پێناکرێ, بۆیە ژنێکیان لەلا دەخەواندمو تا ئەو ساتەی 125 وەرەقە لەلایەن کەسوکارمەوە بۆیان کۆکرایەوەو ئەوانیش بەیانییەکی زۆر زوو بە چاوی بەستراو منیان لە ماڵەکە هێنایە دەرەوەو نزیکەی یەك

کاتژمێر لەناو ئۆتۆمبێل دابووم, دواتر ئازادیان کردمو کە تەماشای ناو جانتاکەم کرد, تەنها 10 هەزار دیناری چاپیان جێهێشتبوو, سیم کارتی مۆبایلو پێناسو هەندێ لە کەرەستەی جوانکارییەکانیش مابوون, منیش زۆر بە خێراییو بەترسو لەرزەوە تەکسیەکم راگرتو گوتم ئێرە کوێیە, گوتی بەغداد جدیدەیە, منیش دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە, بەڵام زۆر بە خێرایی داوام لێکرد بمگەیەنێتەوە کازمیەو دوای گەیشتنیشم بەماڵەوە کەسو کارو خزمو دۆستو ناسیاوەکانم بەتایبەت دایکم بە جۆرێك دیت کە هەرگیز لە بیری ناکەم, نازانم لە خۆشیان بوو یان ناخۆشی هەر هەمووومان دەگریاین, گریانێك لە یەکەم رۆژی رفاندنەکەوە دەستی پێکردوەو پێم وانییە قەد کۆتایی بێت..

لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە



# (نەخشەیەکی نوێ)

# (نەخشەیەکی نوێ)

ئاهەنگی یەكتر ناسین لە زانكۆكانی كوردستان, ساڵانە ئەنجام دەدرێ, بەڵام جیا لەیەكتر ناسینو داوەتكردنی هاورێیانی یەكتر, لەكۆلیژە جۆراوجۆرەكان, تەواوی كورِو كچان لەم رۆژەدا خەریكی خۆ نمایشكردنن, جوانترین ئەو جلو بەرگانە لەبەردەكەن كەجێگەی سەرنجی ئەوانی دییە, (دەرباز) یەكەم ساڵی وەرگرتنی دەبێ لەكۆلیژی ڕاگەیاندنی زانكۆی سەلاحەدینو ئەو رۆژە زۆر بەرِێكی خۆی بۆ ئاهەنگی یەكتر ناسین ئامادە دەكات, بۆیە كەدەرِواتە كۆلیژ هاورێ نزیكەكانی كە ئەوانیش وەك ئەو (قاز) دەبن, بەنێو جوانیەكاندا, بەنێو كچە ئاڵو واڵاو بۆن خۆشەكاندا, بەنێو سیما

نامۆو نازدارەکاندا پیاسە دەکەن‌و لەگەڵ دەنگی ریکۆردەرەکەش ووردە ووردە ئەو گۆرانیانە دەڵێنەوە کە بەریتمی خێرا, هەر لەخۆوە هەڵتدەپەڕێنن.

نیگاکان لەنێو جوانیە زۆرەکاندا پەرت دەبن, بەلاّم چەند جارێك نیگای دەرباز دەپەڕێتە سەر کچێك کەلەجوانیدا تەواو ئەو کەسەیە کەدڵی دەیەوێ بالاّی بەقەد نەخشەکانی ناو هزرو جولاّنەوەی نیانی لێ دەبارێ, بۆیە دەرباز لەگەڵ هاورێکانی بەتەنها بەجەستە ئامادەیەو ئەگەرنا بیری لەشوێنێکی دی خەریکی چنینەوەی گوڵە, ڕەنگی جل‌و بەرگی ئەم کچە شۆخە لەنێو چاوی دەرباز دەرناچێ‌و هاوڕێکانی بۆ هەر لابچن, ئەو بەلای ڕەنگە جوانەکەدا پەلکێشیان دەکات‌و بەتەنیشت ئەو شوێنەدا پیاسە دەکەن, کە نیگاو خەونەکانی ئەوی لێیە.

ئەو رۆژە بۆ دەرباز لێدراو سەرەتاییەکی نوێ بوو, بۆیە یارمەتی لە هاورێکانی وەرگرت‌و بێ دوودڵی, بوێرانەو ڕاشکاوانە بەرەو ئەو کچە رۆی کە ماوەی دووکاتژمێر نیگایان دەگۆڕیەوە, خۆی بەهاوڕێکەی کچەکە ناساندو دواتر داوای یارمەتی لەویش کرد, لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بەیەکەوە بوون, دەرباز تەواوی ئەو قسانەی بڕیاری لەسەر دابوو بیڵێ لەبیری چۆوە, شەرمێك داگیری کردوو وەك منداڵێکی دووساڵی هیچی نەبوو پێی بڵێ, تا کچەکە ووتی من ناوم (هێرۆ)یە

لەپۆلی سێی کۆلیژی پزیشکیم, خۆشحاڵم بەناسینت, ئەویش واتە دەرباز ووتی: منیش دەربازم‌و لەپۆلی یەکەمی کۆلیژی راگەیاندنم, دوای چەند خولەکێك بێدەنگی, دەرباز پێی گووت: ئەمڕۆ ئەوەندە بەس بێ بەراستی لەیەکەم دیتن سەرسام بووم بەجوانیەکەت بۆیە بێشەرمانە خۆم پێناساندی , ئێستاش ئەوە ژمارەی تەلەفۆنمە ئەگەر مەبەستت بوو پەیوەندیم پێوە بکە. هێرۆش دوای ئەوەی لە ناو چاوی دەربازی دەڕوانی, ژمارەکەی وەرگرت‌و جارێکی دی تۆقەیان کردەوەو هەردوولا ڕوەو هاورێکانیان بەرێکەوتن.

دوای چەند نیگا گۆرینەوەیەکی دی, لەناو گۆڕەپانی کۆلیژ, ئیدی هیرۆ بەپەنجە ناسکەکانی بایبایەکی لەدەرباز کردو بەرەو ماڵەوە رۆی.

دوا ماڵئاوایی هێرۆ کەجگە لە نیگا جوانەکانی خەندەشی لەگەڵدابوو, بەتایبەتیش کە لەبەردەرگای کۆلیژ ئاوڕی داوە, دەربازی بەرەو ناوەوەی عاشقبوون برد. ڕەنگی دەم‌و چاوی گۆڕا بوو, تەنها جەستەی لەگەڵ هاوڕێکانی بوو, ئەگەر نا ئەو لەنێو خەندەو گووتەکانی هێرۆ دابوو, پێی وابوو ئیدی ئەو تەنیا نییە, ئیدی تەنها بۆنی دایك‌و باوکو خوشکو براکانی بەس نین‌و هەستی بەبۆنێك کرد, کەجیایە لەهەموو بۆنەکانی دنیا, گوێی لەدەنگێك بوو خۆشتر لەدەنگو ئاوازەکانی فرمێسکو زەکەریاو زیادو دەیانی دی, بۆیە برادەرەکانی بەهۆش

خۆیان هێنایەوەو پێیان گووت: بەراستی (قازی) ئاخر ئەتۆ هێشتا لەپۆلی یەکی, دەیان کچی لەو جوانتر دەبینی, بۆ وا بەسەختی (لێدرای)؟ یەك لەهاورێکانی گووتی: تەماشای دەمو چاوی کەن دەڵێی تەماتەیە, هەتیو ئاوا بڕوا یەك وانەت پێناخوێندرێ , لەنێو وانەکانیشدا هۆشت بەلایەکی دیدا دەڕواو وەرەوە سەر خۆت, دەنا هەردەبێ لەنێوان دوو کۆلیژ دا کە زۆر لەیەکتری دوورن لەهاتو چۆدابی.

دەرباز, وەك گوێزی بۆبژمێرن وابوو , بۆیە لەنێو گووتە ناسکەکانی هێرۆدا مەلەی دەکردوو یەك وەلأمیشی پێنەبوو, ئاهەنگەکە کۆتایی هات, هەریەکەو بەرەو ماڵ چوونەوە, دەربازیش ئەو ئێوارەیە نانی بۆنەخورا, چووە ژوورەکەی خۆیو تا هیلاك بوو ویسکی خواردەوە, هەمیشە خەیاڵی لای هێرۆ بوو, پەشیمان بوو لەوەی کە ژمارەی تەلەفۆنەکەی وەرنەگرتووە, مۆبایلەکەشی لەبەردەستی دابوو, چاوەڕێی ئەوە بوو ئێستا نا ئێستا زەنگ لێدەدا, لەو خەیالأنەدابوو, خەریکی دووا پێك بوو هەڵیدا, زەنگێك هات, پڕیدایەو گووتی: فەرموو,

 برادەرە قۆشمە چیەکەی بەهەموو دەنگی گووتی: قوزەلقوڕت, هەتیو بڕیارنەبوو ئەمشەو بچینە ئیسکان, دەڵێی هێشتا بەرینەداوی ئەوە بۆ دیار نەبووی؟ دەربازیش کەتەواو سەرخۆشبوو گوتی: زۆرم

خواردۆتەوە ئەمشەو بۆم ناکرێ داوای لێبوردن دەکەم سبەی لە کۆلیژ یەکتری دەبینینەوە.

ئەمشەوە دەرباز تابەیانی هەر لەچاوەڕوانی زەنگی تەلەفۆندا بوو، کەچووە کۆلێژیش پێوەی دیاربوو بۆیە هەستی کرد، ئەگەر ئاوا بڕوا ئەرکی قورس دەبێت، بۆیە کەمێك هاتەوە سەرخۆیو لەنێو هاورێکانیدا ئاسایی بۆوە، لەنێوان دوو وانەدا زیاتر لەکاتژمێرێکی هەبوو، بۆ خوێندن بەڵام بۆی نەدەخوێندرا، ئیدی لەم کاتانەدا بوو زەنگی وریابوونەوە بۆی هاتو ژمارەیەکی نەناسراو هاتە ناو هاندەکەوە. زۆر بەپەرۆشەوە وەڵامی دایەوە، گوتی: بەڵێ: ئەو دەنگەی کە دوێنێ خۆی پێناساند گوتی: کوی؟

دەربازیش گوتی: ئەمن باشم ئەتۆ کوی؟ لەدوێنێوە چاوەڕێم.

ئیدی لەوێوە شەیدابوون دەستی پێکرد، دەرباز گۆڕاو تەواوی کاتەکان لەبیری هیرۆدابوو، جگە لە تەلەفۆن یەکتر دیتن دەستی پێکرد، شەرم نەماو، هەردوو لەجوانترین شیعری ناسك دەگەران تا بۆ یەکتری بنێرن، لەم ماوەیەی کە ئەم دوو عاشقە یەکتریان خۆشویست فەیسبوکیش هاتە نێوەندی تەکنەلۆژیاوە ئیدی تاکاتژمێر سێو چواری بەیانی وشە ناسەکەکان لەنێونیان دەگۆڕدرایەوە، بەڵام تەنیا شتێك کەدەربازی دڵتەنگ دەکرد، ئاستی بڕوانامەی هەردووکیان بوو، بەتایبەت کەجارێك بەر گوێی کەوت، کە دایکی هیرۆ زەحمەتە

رازیببێت شوو بەکەسێك بکات بڕوانامەکەی لەهی کچەکەی نزمتر بێت جگە لەوەش جارێك کۆمێنتی لەهیرۆوە پێگەی نوسرابوو (ئەگەر بۆ یەك نەبووینو ژنت هێنا لەمن جوانتر نەهێنیٚ) ئەوانە تەنیا کۆسپێك بوون لەبەردەم دەربازدا، ئەگەرنا تاکە کوڕی ماڵێ بوو کەژنی نەهێنابێ براکانی ماڵی خۆیان هەبوو، خوشکەکانی شویان کردبوو، دارایی خۆیو باوکیشی زۆر باشبوو بۆیە گرفتی دەرباز تەنیا بڕوانامەبوو، دەرباز هێندەی شارەزایی کۆلیژی پزیشکی بوو نیو ئەوەندە بەکونو کەلەبەرەکانی کۆلێژەکەی خۆی نەدەزانی، رۆژێك لەنێو کۆلێژی هیرۆدا باسیان لەدوا رۆژ دەکرد، کە هیرۆ پێی گوت: خوازبێنیم هەیەو دایکمو بابمو ئەوان رازین تۆ دەڵێ چی؟

دەرباز پێی وابوو نازو فشاری کچانەیە پێی دەفرۆشێ بۆیە گوتی: قەیچدەکا ئەگەر خۆشت رازیبی ئەمن رازیم.

ئیدی هێندەی نەبرد، تەنیا دوو رۆژ کە زەنگی تەلەفۆن سەعات 9 ی شەو بوو دەربازی راچڵەکاند پێی گوت: کەتەواوی ماڵمان رازی بوون منیش ناچاربووم رازی بووم سبەی مارە دەکرێم، تکایە تەواوی یادگاریەکان رەشکەوە، دەرباز باوەڕی نەکرد بۆیە تەلەفۆنەکەی داخستو یەکسەر پەشیمان بووەوە، تەلەفۆنی بۆ کردەوە لێی پرسی بەراستە ئەویش گوتی: بەڵێ بەڵام تکایە با کاریگەری لەسەرت

جێنەهێڵێ دەرباز بەدوو دڵیەوە پیرۆزبایی لێکردو تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

رۆژی دوایی پێنج شەممەبوو دواتر هەینیو ئەوجا بەیانی رۆژی شەممە بەر لەوەی دەرباز بچێ بۆ کۆلیژی خۆی، چووە کۆلیژی پزیشکیو بەچاوی خۆی دیتی کە هیرۆ شیرینی دابەش دەکات، بۆیە گەرایەوە بەبێ دیتنی هیرۆ بەرەو کۆلیژەکەی خۆی رۆیی ئەو رۆژە یەك وانەشی نەخوێند، کە برادەرەکانی بەمەیان زانی لەبری ئەوەی پێی رابورێرن تەنیا دڵخۆشیان دەدایەوە، هاورێ قۆشمەکەی پێی گوت: هەتیو دووساڵ لەمەوبەر پێم نەگوتی: ئەتۆ قازی ئێستا هەموو ئەوانەی رابردوو لەبیرکە، قاز نەماوی ئەزموونێکی باش لە عیشقەوە فێربووی، هەوڵدە ئەم قۆناغەش تێپەرێنی، باپێتەوە دیار نەبێ،

دەربازی دڵشکاو باوەڕی بەم راستیە نەدەکرد، بەلاّم کە تەلەفۆنی دەکردو داخرابوو بەتایبەتیش کەزانی سیم کارتەکەی گۆڕیوە، تێگەیی کەدابو تەریتو جیاوازەکانی ژنو پیاوو بڕوانامەو ئاستی بژێوی هێشتا گرفتن لەبەردەم پێشکەوتنەکان، تێگەیی کەخوێندنی بالاّ بەس نیە بۆ کرانەوەی هزری تاکەکانو دەبێت هەر لەسەرەتایی قۆناغەکانی سەرەتاییەوە مندالاّن بگۆردرێن ئەو تاکە سوتەمەنی دەستی ئەو کەلتورە نییە، بۆیە دەبێت ئاسایی بێتەوەو لەژیان بەردەوام بێت.

ئیدی دەرباز ئێستا هاوڕێیەتی کچێك دەکات لەوەی پێشتر جوانتر، بەپێچەوانەی داوای خۆشەویستەکەی هەروا بێتەوە هێشتا ئەلقەیان لەپەنجەی یەکتر نەکردووە، بەڵام هیرۆ ئەڵقەی پەنجەی چەپی کۆن بووەو گەلێك پەشیمانە لەوەی کە کردوویەتی ئێستا ئەو لەنێو خێزانێکی قەرەباڵغدا دەژیو دەربازیش بەسەرەتایەکی نوێدا گوزەر دەکا بەڵام سەرەتاییەکی پڕ لە ئەزموون سەرەتایەك تەنیا نەخشەی دوا رۆژ دەکێشنو خۆیان بە شیعری ناسكو کۆمێنتی سواوە سەرقاڵ ناکەن، بەڵام رابردووش وەك خۆی لەهزریاندایەو بۆ دەربازی خاوەن بەڵێنو راستگۆیی کەهەرچی غەم بێت نییەتی، بۆ هیرۆش خیانەتێك تا مردن لێی نابێتەوە، گومانێك هەستەکانی ئازار دەدات، تەواوی پزیشکەکانی کۆلیژو بەخۆشیەوە پێی چارەسەر ناکرێ.

بۆیە هیرۆ ئێستا هەمیشە چاوەڕێی گەرانەوەی ساتەکانی رابردوویە دەربازیش رووەو ئایندە نەخشەیەکی پتەو بۆ خێزانێکی بەختەوەر دادەرێژێ.



# له پاکستانه‌وه:

## غه‌زالی بێ خه‌تا له‌ناو کێشه‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تیدا لاقه ده‌کرێ

# له پاکستانه‌وه:

## غه‌زالی بێ خه‌تا له‌ناو کێشه‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تیدا لاقه ده‌کرێ

**به‌رده‌وام هه‌وڵی لاقه‌کردن له وڵاتی پاکستان له زیادبووندایه, دوا رووداو که سه‌رجه‌م پاکستان‌و وڵاته‌کانی هه‌رێمایه‌تی‌و جیهانی تاساند ئه‌ویش ده‌ستدرێژی سێکسی بوو بۆ سه‌ر کچێکی 24 ساڵانه‌و ناوی (غه‌زال شاهینه)و خه‌ڵکی ده‌ڤه‌ری باشووری بنجابی پاکستانه, ئه‌م کچه له‌لایه‌ن کۆمه‌ڵێك پیاوی ریشنه‌وه ده‌ڕفێنرێ‌و یه‌که یه‌که ده‌ستدرێژی سێکسی ده‌که‌نه سه‌رو تا ئێستاش پیاوه‌کان به ئازادی هاتوچۆ ده‌که‌ن‌و یاسای دواکه‌وتووی ئه‌م وڵاته رێگه‌ی له ده‌ستگیرکردنیان گرتووه‌و تاکه سوته‌مه‌نی رووداوه‌که‌ش غه‌زالی گوناهه.**

, دوای ئەوەی 11 چەكدار بە جل‌و بەرگی ئاسایشەوە غەزال‌و دایكی دەڕفێنن‌و هەر لەماڵەكەی خۆشیان زۆر بێبەزەییانە لە باوك‌و براكانی دەدەن‌و هەردووكیان بەرەو شوێنێكی نادیار دەبەن‌و دواتر دایكی غەزال بەڕەڵڵا دەكەن.

غەزال بەرەو گوندێك دەبەن‌و هەر یانزە كەسەكە یەك لە دوای یەك لاقەی دەكەن‌و دواتر لێی دەدەن‌و هەڕەشەو سەركۆنەشی دەكەن, ئەمە چەند رۆژێك دەخایەنێ‌و بەردەوام ئەم رەفتارە دزێوە لەگەڵی دووبارە دەكەنەوە.

هۆكاری ئەم دەستدرێژییە وەحشیانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە مامی غەزال پێشتر كچێكی ئەم خێڵەی هەڵگرتووە, واتە كچەكە بە ئارەزووی خۆی بە دووی مامی غەزال كەوتووە, دەیباتە ناو خێڵی خۆیان‌و بەڕێوو رەسمی خۆیان لە خۆی مارە دەكات.

لە تۆڵەی ئەمەشدا خێلی كچە وەدووكەتووەكە بڕیاردەدەن غەزالی بێتاوان بڕفێنن‌و گەورەترین سووكایەتی بە خێڵ‌و بنەماڵەكەیان بكەن, چونكە غەزال تاكە ئافرەتێكی رۆشنبیرو كراوە دەبێت, بەتایبەتیش بە تەنها ئەو لە خێڵەكەیاندا خوێندنی باڵای تەواوكردووەو توانیویشیەتی وەكو مامۆستا لە گوندەكەی خۆیان دابمەزرێ, ئەوەش جێگەی رێزو سەربڵندی دەبێ بۆ ئەو خێزانە بچووكەی كە سەرچاوەی داهات‌و بژێویان بەهۆی ئەم كارەوە بەرەو باشتر دەڕوات.

دوای لاقە دڕندانەو بێویژدانیەکەش کە بەرامبەر بە غەزال‌و خێڵەکەیان کرا, بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە لە بری ئاسایکردنەوەی ئەو بارودۆخە وێرانکارییەی بەسەریهاتووەو دڵدانەوەی خۆی‌و خێزانەکەی, بە بڕیارێك لە قوتابخانەکە دەریدەکەن وەك سزایەك بۆ ئەو دەستدرێژییە سێکسییەی لەگەڵی ئەنجامدراوە.

لاقەکردنی غەزال سەرجەم نێوەندە سیاسی‌و یاساییەکانی ئەم وڵاتەی هەژاند, هەر هەموو بیریان لە بەخۆدا چوونەوە کردەوە, بەتایبەت ئەو یاسایانەی لە پەیڕەوییەکانی ئیسلام وەرگیراون‌و کە دەڵێت دەبێ 4 شایەدی پیاو بە چاوی خۆی دەست درێژی سێکسیەکەی دیبێ ئەوجار دەتوانرێ بڕیاری دەستگیرکردن‌و سزا بەسەر تاوانباراندا بسەپێ, غەزالی خێر لە خۆنەدیویش ئەم چوار شایەدەی دەست ناکەوێ, چونکە ئەوانەی ئەم کارەیان لەگەڵدا کردووە هەر 11 کەسیان سەر بە گروپێکی ئیسلامین‌و خێڵەکەیان ئەم نەخشە دڕندانەیەی بۆ کێشاون.

بۆیە خەڵکانی یاسایی ناو پاکستان بەهۆی ئەم رووداوە ترسناکەوە ئێستا بیر لە گۆڕینی یاساکان دەکەنەوە, چونکە دەزانن ئەگەر ئافرەتەکە واتە غەزال شکات بکات‌و ئەم چوار شایەدەی دەست نەکەوێ, ئەوە لەو کاتەدا بەپێی یاسا تاوانبار دەکرێت بە تۆمەتی زیناو بۆ چەندین ساڵ بەند دەکرێت.

هەموو ئەم یاسا هەڕەمەكیانە لە سەردەمی دەسەڵاتی (چیاو الحق) خرانە نێو دەستوورو یاسای پاكستانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا غەزال شاهین, سیماو ناوی ئەو كەسانە دەناسیّو دەزانیّ كە كیّ بوون دەستدرێژی سێكسیان كردەسەر, بەڵام ناتوانیّ تاوانبارەكان لە هۆڵی دادگا ببینیّو بەسزای خۆیان بگەن, چونكە جگە لەوەی چوار شایەدی پیاوی دەست ناكەویّ یاسای پاكستان رێگەنادات, یان تا ئێستا زانستی پشكنینی (DNA) نەگەیشتۆتە لایان تاڕاستیو ناڕاستی پشكنینی ئاشكرا كات كە رۆژانە لەپاكستان دووبارە بوونەوەی هەیە.

چونكە تا ئێستاش نەریتە كۆنو بیّ بەهاكان ئەوانەی لەسەردەمی نەزانینەوە بۆیان ماوەتەوە تاكە یاساو دەسەڵاتێكن كە زۆربەی هەرەزۆری پاكستانییەكان پەیڕەوی دەكەنو لادان لەم هێڵە سوورانە بەكوفرو شتی دی سەیر دەكریّ, لە كاتێكدا رۆژانە لاقەكردن لەم وڵاتەدا بوونی هەیەو غەزالیش دوا نموونە نابیّ بۆ ئەو تاوانەی دەرهەقی كراوە كەچی وەكو تۆڵە سەیر دەكریّو خێڵی تاوانباریش وەك بەرزەكی بانان لە ژێر سێبەری یاساو شەریعەتدا بۆی دەردەچن.

بەر لە چەند رۆژێك لە روودانی ئەم لاقەكردنەی بەرامبەر بە غەزال كرا, پەرلەمانی پاكستان لە گفتوگۆیەكی چڕو پڕدابوو بەرامبەر بە یاسای تاوانی لاقەكردنو زۆرینە كۆك بوون لەسەر ئەوەی یاسایەك دابڕێژریّ تەواوی پاكستان پابەندبن پێوەی, نەك لەسەر سنوورەكانو

ئەو ناوچانەی دواکەوتوونو عەشایەرن پەیڕەو نەکرێ, چونکە لەوێ لە پاکستان هەندێ یاسا هەن بە یاسای سنوور ناودەبرێنو خۆیان بە بەشێك لە دەسەڵاتو یاسای پاکستان نازانن.

ئەم گفوگۆیانەی پەرلەمانی پاکستان هەتا ئێستاش درێژەی هەیە, پێشکەوتنخوازەکان داوا دەکەن چیدی شەریعەت نەبێتە رێگر لە بەردەم دەسەڵاتی یاساییداو, ناکرێ ئایندەی وڵاتێکی 150 ملیۆن کەسی بەدەست کەسانێکەوە بناڵێنێ کە هەتا ئێستاش وەکو سەردەمە دواکەوتووەکان بیر دەکەنەوە, چونکە ئەوسا زانستی مرۆڤایەتیو پشکینینی جینەکانو (DNA) نەبوو, لەجێی ئەوانە شایەد بانگ دەکرانە دیوەخانەکانو ئەوساش زۆر نەزانانە دەست بڕینو سەرپەڕاندنو بەردبارانو لەتو پەتکردن سزای تاوانباران بوو, یاسایەك نەبوو بەپێی تاوان تاوانبارەکان سزا بدات, بەڵام ئەو باڵە توندڕەوەی لەناو پەرلەمانی پاکستاندانو لە سنوورەکانەوە هاتوون هەر سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو شەریعەتەی تەنهاو تەنها سەرەتاو دوا سەرچاوەیانە, ئەوان هەر سوورن لەسەر ئەو چوار شایەدەی بە کەس دەست ناکەوێو قەد بیریان لە ئاهو نوزەی غەزالی داماو نەکردۆتەوە, کە جگە لەوەی سوکایەتییەکی گەورە بەخۆیو خێزانو خێڵەکەی کرا, لە قوتابخانەش دەرکراو ناتوانێ شکات بکات و لە گوندەکەش وەك روو رەشێك سەیر دەکرێ, ئەوە بەبێ ئەوەی دوورو نزیك ئاگای لە هیچ

بووبێ بەتایبەت مامی کە کچێکی هەڵگرتووە, کچکە بە خواستی خۆی بە دووی کەوتووەو کەچی دەبێت غەزال باجەکەی بدات!.

ئێستاش پەرلەمانی ئەم وڵاتە لە ژێر فشاری زۆرینەدایە بۆ گۆڕینی ئەویاسایانەی دادگای ئەم وڵاتەیان دووچاری شکستو ئابڕوچوون کردووە, بەتایبەت دووبارەو چەند بارەبوونەوەی لاقەکردن کە هەمیشە جێگەی مشتو مڕی دادوەرەکانەو ئەوان دەزانن چ تاوانێك بەرامبەر ئەو کەسانە دەکرێ کە دەستدرێژی سێکسیان لێ دەکەنو ناتوانن شکات بکەن, زۆر جارانو هەزاران تاوان دیزەبەدەر خۆنەدەکرێو بە کەس راناگات چونکە زوڵم لێکراوەکان ئەوانەی لاقەیان لەگەڵ دەکرێت ناتوانن لای خێزانەکانیشیان باسی بکەن, چونکە هەر لەوێ لەناو ماڵی خۆیدا هەلا هەلا دەکرێو جەستەشی لە دەشتو کێوەکان فڕێ دەدەنو دەبێتە خۆراکی سەگو گورك, ئەوانە باسو خواسێکن رۆژانە لەسەر سنوورەکانی پاکستان زۆر بە ئاسایی باسی لێوە دەکرێتو گەورەکان وەکو حیکایەت بۆ کچە هەرزەکانی دەگێڕنەوە, پێیان دەڵێن بەدەست خۆت بێو نەبێ ئەنجامی زیناو لاقەکردن ئەوەیە کە بۆمان باسکردن, بێ ئەوەی تاوانی گەورەی پیاوەکانیان باس بکەن کە بە ئامانو زەمان مزگەوتەکان چۆڵ ناکەن.

هەموو ئەو تاوانە یەك لەدوای یەکانەی لەپاکستان روویاندا, جەنەڕاڵ پەروێز موشەڕەفی سەرۆکی هێنایە سەر هێڵ, تا ئەویش کە خۆی

بەپیاوە پێشکەوتنخوازەکانی ئەم وڵاتە دادەنێ, پشتگیری ئەم یاسایە نوێیە بکاو چیدی دادگاکانی یاسای جەنگەڵی پەیڕەو نەکەن, بەڵام لەناو پەرلەماندا ئیسلامییەکان قورسایی خۆیان هەیەو هەندێك لەم هێزانە لەکاتی کودەتایەکەدا کە پەروێز ئەنجامیداو دەسەڵاتی وەرگرت ئەوان پشتگیرییان کرد, بۆیە سەرۆك دەیەوێ وریایانە مامەڵە لەگەڵ گۆڕینی یاسای لاقەو زینادا بکات, چونکە (مەولانا فچل الرحمن) کەگەورە سەرۆکی بەرهەڵستکاری ناو پەرلەمانە, پێی وایە گۆڕینی ئەم یاسایە ناوچەیەکی بەرفراوان لە پاکستان دژایەتی دەکەن‌و رێگەیەکیشە بۆ ئازادی جنسی لە پاکستان, ئەو پێی وایە (هەروەك لەماڵپەڕی ئەلعەربیەنێت) بلاوکراوەتەوە) یاساکانی ئێستا راستن‌و پێویستە پارێزگارییان لێبکرێت!, ئەوە پێویستی بە گۆڕانکاری نییە, گۆڕانکارییەکان پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامین.

ئەم دژە رایانە لەناو پاکستاندا کە سەردەمێکی زۆرە جێگەی ململانێی نێوان لیبراڵ‌و پارێزگارەکانە بەتایبەتیش کە ئەم وڵاتە زۆرینەی هەرە زۆریان موسڵمانن‌و لەناو حکومەتدا شوێنیان هەیە, بوەتە هۆی چەق بەستنی زۆر لەو پێشکەوتنە سیاسی‌و یاساییانەی داوا دەکرێ, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە ژێر فشارێکی زۆری رێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا دەیەوێ یاسای لاقەو زینا لەم چوارچێوە کۆنە

دەربێنێتو تاوانبارو زوڵم لێکراو لە رێگەی پشکنینی زانستییەوە بە جێگەی شیاوی خۆیان بگەیەنێ.

ئالێرەیە مرۆ دەپرسێ, بۆچی موسڵمانان بەرامبەر هەندێ کێشە هەڵدەچنو لە بەرامبەر هەندێکیشدا کپو بێدەنگ دەبن؟ چ شتێك پاشو پێش بەبەرنامەی کاری ویژدانی کەسی موسڵمان دەکات؟ بۆچی گەورەترین خۆپیشاندان لە هەر هەموو وڵاتە ئیسلامییەکاندا کراو 140 کەسی تێدا کوژرا بەرامبەر ئەو وێنە کارتۆنیانەی لە رۆژنامەکانی دانیمارکدا بڵاوکرانەوە, کەچی تەنها یەك خۆپیشاندانی 10 کەسیش بەرامبەر ئەو تاوانە وەحیشانە نەکرا کە دژی غەزال شاهین لە پاکستان ئەنجامدرا؟!, ئەوە لەکاتێکدا زۆر بە دڵنیاییەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا دوو کێشەی هاوشێوە روویاندابا ئەوە تورەیی پێغەمبەر گەلێ ئەستوورتر دەبوو بەرامبەر کێشەی غەزالی بێ تاوان نەك چەند وێنەیەکی خەیاڵی بێ مانا کە بەڵگەیەك نەبوو بۆ دروستی وێنەکان.

سەرچاوە: سایتی ئەرەب نێت



# تەنیا بوون

## کارەساتەکانی حەیا

# تەنیا بوون

## کارەساتەکانی حەیا

کە چیرۆکی هەڵوەشانەوەی یان تەفروتوونابوونی خێزانێکی بەختەوەرم بیست، بەخۆم نەبوو دەبوو بەدواداچوونی بۆ بکەم، راستی کەسێکی نزیکی خێزانەکەو مامۆستایەکی (شێنێ) ی سوتەمەنی دەستی کەلتور، کەلەزیندانی چاکسازی هەولێر وانەیان پێدەڵێ، تەواوی بەسەرهاتەکانی بۆ گێرامەوە، بەڵام هەموو ئەو نهێنیانەی من دەمویست لەوان دەستم نەکەوت، بۆیە بڕیارمدا رێگە فەرمیەکان هەڵبژێرم ئەو رێگەیەی دەمگەیەنێتە ناو زیندانەکەو لەوێ دەتوانم تەنها15 خولەك، لەگەڵ ئەو کچەدا قسە بکەم، کە بەپێی یاسا تاوانبارەو بەڵام وەك خۆی گوتی: ئاوێتەیەك لە شەرم وئازادی تاکەکەسیو خیانەتی کەسە نزیکەکانم منیان هەڵدایە ئێرە.

نزیك بوونەوەم لە زیندانی ئافرەتان، کە پێشتر نەمدیوە نزیکبوونـەوە بـوو لـەو رووداوانـەی کـە بـەبیری مـرۆدا نایـەن‌و دەچیە نـاو جیهـانێکی ژنانەوەو تۆش دەبێـت پرسـیارەکانت سـنوردارکەی‌و نـاکرێ تـەواوی ئـەو ویسـتانەی تـۆ دەتـەوێ لـەوێ دەسـتت کـەوێ، بۆیـە خـۆ ئامـادەکردن بـۆ شوێنێکی وا، جیایە لەئامادەبوون بۆ ئەو شوێنانەی تەنها پیاوی لێیە.

بینینی دیوارە بـەرزو تەلبەنـدەکان‌و ئـەو خاڵـە چاودێریانەی لـەدەوری زیندانەکە هەبوون، هەروا لێپێچینەوەی ئەفسەرو بەرپرسـەکان لـەمن‌و هۆکارەکان بەشێکی زۆری ئـەو پرسـیارانەی کـەدامنابوو بیانکـەم لـەبیرم چوونەوە یان دەبوو نەیانکەم چونکە هەر لەسـەرەتاوە کـامیرا و ئاگـایی چـاودێرەکان‌و هەسـتیاری شـوێنەکە، دەیخواسـت کـە مـن رۆڵـی دادوەر نەبینم تـەنها رووداوەکـە وەرگـرم‌و تەنانـەت پێشیان راگەیانـدم کـەنابێ ناوەکانیش وەك خـۆی بنووسـم، چـونکە هـەر لەیەکـەم، ژوور ئاگاداریـان کردمەوە کە هێشـتا دۆسـیەی (شـێنێ) دانـەخراوەو ئەگـەری ئـازادبوونی هەیـە، هـەروا بێتـەوە جگـە لـەوەی کەمۆڵـەتی قسـەکردنم تـەنها لەگـەڵ ئــەودا هەیــە، بۆیــە هــەموو ئەوانــە، ئــەمنیان ســوورتر کــرد لــەوەی کەبەماوەیـەکی کـەم دەبێـت ئـەم رووداوە وەرگـرم‌و نهێنیـەکان ئەوانـەی یاسـا نایـانبینێ شـیان بکەمـەوەو بلاوبکرێتـەوە، کەچـوومە حەوشـەی زیندانەکـە هێشـتا کـاتی پشـووی بەرهـەتاوی زیندانـەکان بـوو، سـەرنجی هەر هەموویان لەسەر ئەو پیاوە نامۆیانـە بـوو کـە دەهاتنـە نـاو زینـدان هەموو جۆرە ئافرەتێکم لـەوێ دی، پـیر، لاو، جـوان، ناشـیرن، هەنـدێکیان

لەسیمایانەوە خەم دەتکاو هەندێکی دیان دەتگوت لەباغی بەهەشتن هەر پێدەکەنین، ئەوانەی رۆژگارێکیان لەزیندان بەسەربردبوو راهاتبوون، بەتایبەت ئەوانەی لەترسی مەرگ بەخواستی خۆیان هاتبوون بۆ ئەوەی باب و برایان نەیانکوژێ لەوێ دالّدە درابوون، بەلاّم ئەوانەی قەد بیریان لەم شوێنە نەکردۆتەوە، لەنێو حەوشەکەدا، رووەو ئازادی رووەو دەرەوەی تەلبەندو دیوارە بەزرەکان غەمیان لێدە باری ، فرمێسکی تەنیا ییان دەڕشت بۆیە لەچاوی هەریەك لەوانەدا جۆرە ژیانێکی تایبەت ئامادەیی هەبوو، هەریەکەیان حیکایەتێك یان سەرهاتێکی هەست بزوێن لەنێو سینەیاندا حەشار درابوو کە جگە لەئەفسەرە تایبەتیەکان کە تەواوی ئەم چیرۆکەنەیان لەنێو دۆسیەکاندا شاردبۆوە بۆ کەس نەبوو توخنیان بکەوێ، ئەو ساتە منیان بەرەو ئەو ژوورە ئاشکراو تایبەتە برد کە دەمتوانی تەنها لەوێ (شێنێ) ببینم، کەلەوێیان جێهێشتم زیاتر لە (20) خولەك من و مامۆستایەکەی چاکسازی چاوەڕێ بووین ئاخر بەمنیان گوت بۆم هەیە تەنها (15) خولەك لەگەڵی دانیشم، کەچی دۆزینەوەی شێنێ ئەوەندەی دەوێ؟ چونکە زۆرباش مامۆستاکەم دەناسی گوتی: خەمت نەبێ، کاتەکەی تۆ وەك خۆی دەمێنێ ، بۆیە لەمقسانەدا بووین، کە کچێکی هەرزەی جوان، زۆر جوان هاتە ژوورو سلاّوی کرد دواتر هەواڵی مامۆستاکەی پرسیو لەسەر کورسیەك دوور لە ئێمە دانیشت، من تەنها بەخێراتنم کرد، ئەو گوتی: ها کاکە چت لەمن دەوێ؟ گوتم: مەترسە تەنها دەمەوێ بەخێرایی

رووداوەکـەم بـۆ بـاس بکـەی، هەڵبەتـە کـامیراو موسـەجەل و مۆبایـل بەهەموو شێوەیەك قەدەغەبوو بۆیە تەنها دەبێت گوێ بگریو یان بۆت هەیە لەسەر وەرەقە هەندێك شت بنووسی.

پێدەچوو جگە لـەدادوەرو مامۆسـتا کـەس سـەردانی ئـەم کچە بەسـتە زمانەی نەکردبێ، بۆیـە گـوتی: خـۆ ئەگـەر لێـرەش بچەمە دەرێ، ژیـانم هەر لەمەترسیدا دەبێ بۆیە لێگەرێن دەمەوێ خۆمو خەمەکانم تا ژیـان ماوە لێرە بەرێ بکـەم، ئـەمیش پـێم گـوت : رووداوەکـەم وەك خـۆی بـۆ بگێـرەوەو ئیـدی بەڵێنمـداوە نـاوت نـەهێنم، ئـەمن چـیرۆك نووسـمو دەخوازم لەدەمی خۆتەوە بیبستم ئـەو نەیـدەوێرا هـیچ بڵـێ: بۆیـە لـێم پرسـی: خوشـکە گەورەکـەت دەیزانـی ئـەتۆ پەیوەنـدیت لەگـەڵ (مشیر) هەیە؟

ئیدی یەکسەر گوتی : بەڵێ داکیشـم دواتـر زانـی بـەلاّم دەسـەلاّتی بـابمی نەبوو .

پێی گوتم: دەزانی چی کاکە ئەمن لەرێگەی مۆبایلەوە، ساڵی 2009 ئەو کورەم ناسی دواتر هاتـە لای قوتابخانەکـەمانو یـەکتریمان دیـت، زۆر زۆر یـەکتریمان خۆشدەویسـت، ئـەمیش لەراسـتیدا ئەوەنـدەیان بـۆ بـاس کردبووم کە کوڕ بەکچان رادەبورێرنو نایـان هێـنن، بۆیـە داوای ئـەوەم لێکـرد بێتـە خـوازبێنم مـاوەی شـەش مـانگ بـەم شـێوەیە ماینـەوە لـەم مـاوەدا نهێنـی ئـەو پەیوەندیـەم بەخوشـکە گەورەکـەم گـوت: ئـەویش سـەرەتا زۆری پێخۆشـبوو، بۆیـە داوایکـرد بیبینـێ، ئـەمجارەیان لـەبازاڕ

یـەکتریمان دیـتو تـەنها پێـنج خولـەك توانیمـان قسـە بکـەین، خوشـکە گەورەکەم پێی گوت: ئێمە لەو جۆرە خێزانانـەنین قۆڵی خوشکم ببڕی دەبێت بێیتـە خـوازبێنی، ئـەویش زۆر راسـتگۆبوو لـە بەڵێنـەکانی هـەر دوای ئەوەی قوتابخانەمان تەواو بوو، هاتە خوازبێنی بەلاّم بۆ یەکەمجار لەژیانم کـە لـەپۆلی شەشـی ئـەدەبی بـووم، دوو وانـەم هێشـتبۆوە بـاوکم کابرایـەکی زۆر تورەبـوو، خوێنـدنی تـەواو نـەکردبوو بـەلاّم زۆری حـەز دەکرد ئێمە شتێ بەشتێ بکەینو قوتابخانە تەواو کەین.

خێزانی (مشیر) ئێوارەیەك هاتنو دوای بـەخێرهاتن خوشـکە گەورەکـەم کەناوی (خاتوون) بوو چای بۆ بردن، دایکی (مشیر) کـە زۆر زۆرزان بـوو ئاگای لە هەموو شتێ بوو ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەدایکمی گوتبـوو بـۆ ئـەوەیان هـاتووین لەراسـتیدا ئـەو بەرچـاوو جوانتربـوو منـیش لەگـەڵ خوشکە گەورەکەم چەند جارێك چووینە ژوری پێشوازی، بەلاّم جگە لـە دانانی چایەو هەندێك شتی دی نەماینەوەو دەهاتینە دەر، بۆ خۆمان لە چێشتخانەکە هەر قسەی خۆشمان دەکرد، کەمیوانەکان رۆیشتن ئێمـەش ماڵەکەمان کۆکردەوەو چوینە لای دایکمان پـێم گـوت هـا بـەدڵت بـوون؟ ئەویش گوتی: کچم جـارێ نـازانم، بـا باوکـت بێتـەوە پێـی دەڵـێم، بـەلاّم لەیەك لەقسەکانیدا دایکم گوتی کچم ئینشاڵلا بەختی تۆش هەڵدەسـتێ، ئەمن لەوکاتەدا خورپەیەك بەدڵمدا هـات، بـەلاّم شـەرمم کـرد پرسـیاری لێبکەمو هیچم نەگوت.

شەو بابم هاتبۆوە دایکم هەموو شتێکی پێگوتبوو ماوەی یەك هەفتەی مۆڵەت دابوونێ بۆ وەڵامەکە.

من لەو ماوەیەدا دەیان تەلەفۆنم بۆ (مشیر) کرد ئەو یەك جار وەڵامی دامەوە، دەیگوت مەشغوڵم، هەر لەو ماوەشدا بابم پرسیاری کردبوو براو کەسەکانی خۆشی تێگەیاندبوو کە کوڕێکی باش لە خێزانێکی باش داوای کچەکەیان کردووم لەپڕ ئێوارەیەك دایکم بە خوشکە گەورەکەمی گوت: سبەی ئەو ماڵە دێنەوە بابت وەڵامی داونەتەوە، خۆت حازرکە منیش دڵم داخورپاو گوتم دایە هاتنە خوازبێنی کاممان ئەویش گوتی خاتونی خوشکت گوتیان ئەوەمان دەوێ.

ئەمن وەکو ئاوێکی ساردم پێداکەن وابوو، بۆیە گوتم: دایە ئاخر ئەوانە بۆ من هاتبوون گوتی: نا کچم نا ئەوان بۆ خاتوون هاتوون‌و بابیشت گفتی ئەوی پێداون، بۆ حەیامان نابەن .

لەراستیدا ئەمن هێندەی (مشیر)م خۆشدەویست هێندەش خاتوونی خوشکم، ئەو چەند ساڵێك بوو خوێندنی تەواوکردبوو بەینمان پێنچ ساڵ بوو ئەو رۆژەی مشیر هاتە خوازبێنی دڵ خۆشی ئەوم داوە، چونکە من لەو بچوکتر بووم، بەڵام هێشتاش دوا رۆژێکی رۆشن لەچاوەڕێی دابوو.

ئەمن بە دڵتەنگیەوە چوومە لای خاتوون‌و گوتم : ئاگات لێیە ئەویش گوتی: خوشکم هەر لەو رۆژەوە ئەمن ئاگام لێیە دایکم بەهەڵە گوتوویەتی ئەگەرباوکو ئەوان رازی بن پێشکەشە، هەروا لەلای بابیشم

هەر ناوی منی هێناوە یەکسەر ئەمیش بەچاوی فرمێسکەوە گوتم: جا ئەتۆ رازی دەبی؟ ئەویش گوتی: بەدەست خۆم نییە دەزانم یەكتریتان خــــــــــۆش دەوێ، بـــــــــەلاّم بـــــــــابم بریـــــــــار دەدات.

كە گوێم لەو قسانە بوو یەكسەر چوومە ژوورەكەی سەرەوە كە منو خوشكەكەم لێی دەنووستین زۆر گریام هەرچەندە تەلەفۆنیشم دەكرد مشیر وەلاّمی نەبوو.

ئیدی سبەی ئێوارە ماڵی مشیر هاتنو (خاتوون) ی خوشكمیان لە مشیر مارەكرد، بەبێ ئەوەی پرسم پێ بكەن، منیش لەخەمان لەژووری سەرەوە بەس دەرگریام بەلاّم بەخوشكەكەم گوت: ئەمن لەدەرەوەی ئەم خێزانە تەنها ئەوم شك دەبرد مادام مشیر رازی بووە ئەوە منیش پێشكەش بەتۆم كرد.

ئەو رێزەی لەنێوان منو خاتووندا هەبوو گەلێ زیاتر بوو لە خۆشەویستی منو مشیر، بەلاّم من بەدەست خۆم نەبوو لەمێشكم نەدەچۆ دەر، راستە چەند مانگێك یەكترمان ناسیو دەستی بەدەستم نەكەوت، تەنانەت فریای ئەوەش نەكەوتین بەیەكەوە پیاسەیەك بكەین، بەلاّم دواتر تێگەیشتم كە ئەو رۆژەی لەبازاڕ لەگەڵ خوشكەكەم (مشیر)مان دیت ئیدی وەك جاران مشیر تەلەفۆنی نەدەكردو كەمنیش بۆم دەكرد، دەرفەتی ئەوەی نەدەدام زۆر قسە بكەم تەنها دەیگوت: بەمزوانە دەنێرمە خوازبێنیت بۆیە هەر ئەو رۆژەی خوشكەكەمی دی پەیوەندیەكەمان سارد بۆوە.

(شێنێ) کە قسەی بۆ دەکردم لەچاویدا لەروخسارو لەنێوان وشەکانیدا هەمیشە مشیرم دەدی، کە فرمێسکیشی دەهاتە خوار لەسەر کولْمەکانی سادەییو بێ خەتایم دەخوێندەوە لەو کاتەش کە بەکلینس دەمو چاوی دەسڕیەوە هەستم دەکرد دەیەوێ رابردووی لەگەڵ کەسو کارەکەی ئەوانەی زۆری لێوە نزیکبوون لەگەڵ کلێنسەکە فرێیان دەداتە نێو تەنەکەی زبڵەکەوە، ئاوڕدانەوەکانی بۆ پەنجەرەی ژوورو دەروبەریش یەك پارچە گومانو بێ متمانەیی بوو، بۆیە ئەگەر ئەو مامۆستا ژنەی لەگەڵ من بوو پێی نەگوتبا مەترسە ئەو چیرۆك نووسە باش دەناسم هیچی پێ نەدەگوتم ، بۆیە بەچاوی فرمێسکەوە درێژەیدایەو گوتی: بێوە فایی مشیرو خیانەتی خاتوون شەوانە هەر سێکمانی بەگریان دەهێنا، بەلاّم من ئاشکراو بەتەنێ، ئەوانیش بەدزی یەکترەوەو بەلاّم کەتەلەفۆنیان بۆ یەکتری دەکرد، یان چەند جارێك بۆ مارەکردنی دادگاو کڕینی جلو بەرگ دەرچوون هەستم دەکرد بەدزی منەوە بوو و نەیاندەهێشت من بزانم هێشتا من بۆ تاقیکردنەوەکانی دەوری دووەم دەمخوێند کە پێداویستیەکانی ئاهەنگیان سازدا ، ئەمن بەفێڵی خوێندن کە بابیشم بێ ئاگابوو لەچیرۆکی من و مشیر هەرواى پێباش بوو بۆیە ئاهەنگو گواستنەوەی خاتوون زوو تێپەڕی بەلاّم هەڵپەرینی ناوەوەی من کە تەنها گریان بوو نەیدەهێشت بخوێنم لەدەستدانی مشیرو خیانەتە قەبەکەی خاتوونی خوشکم کە شەوانە رازو نیازمان دەگۆڕیەوە بەخێرایی بەمێشکمدا تێدەپەڕین و باری نا ئاساییان

رادەگەیاند، بۆیە هەر نەچوومە تاقیکردنـەوەکان لەسـەر ئـەوە بـابم زۆر لێم توڕە بـوو ئـەو دەعوەتانـەش کـە لـەنێوان ئێمـەو مـاڵی بـاوانی مشیر دەکرا لەیەکیشیان ئامادە نەبووم، بۆیە بابم هەستی بـە نائاسـایی بـوونی من کردو چەند جارێك پرسیاری لە دایکم کردبوو، ئەو گوتبووی لەگەڵ خوشکی چەند ساڵە بەیەکەوە بوون ئێستا لێك جیابوونەتەوە لەوانەیـە لەبەر ئەوەبێ بەڵام دایکم لەم ماوەدا رۆژێك کە بەتەنێ بـووین، هـەموو شتێکم بۆ باس کردبوو، بەڵام ئەو زۆر گرنگی پێنەدا، چونکە نەیدەزانی خۆشەویستی چییە هەستی بـە گـەرمی سـینەم نـەدەکرد کـە چ ئاگرێـك لەوێدا لە کڵپەدایە ئەو پێـی وابـوو بـە (قەسـتی یـەکتریمان خـۆش دەوێ بۆیە بەراستی خوشکمی پێشکەش بەوان کرد،)

دەیگـوت: کچـم ئـەمن کـە لـەبابت مـارەکرام، نەمـدیبوو ، بـابم هـەموو شـتێکی کۆتـایی پێهێنـابوو لەبەغـدا لـەمانگی هـەنگوینی یـەکتریمان دی بۆیە ئیشانلاّ بەختی تۆش باش دەبێ.

ئـاخر ئـەو بێئاگـا نـەبوو لـە توانـەوەی مـن، ئـەمن جگـە لەدەسـتدانی خۆشەویسـتەکەم خوشکیشـم لەدەسـتدا هـەروا بەدەسـت خۆشـم نـەبوو مشیر لەبەرچاوم نەدەکەوت.

ئـەمن دەمویسـت کۆتـایی چـیرۆکەکە بـزانم بۆیـە زووزوو تەماشـایی سـەعاتم دەکـرد گوتـەکانی شـێنێش کەبـە هەنسکەوە دەردەچـوون وردە وردە فرمێسکی منیشی دەڕشت تەماشای مامۆستاکەم کرد ئەو نـەدەگریا پێی گوتم: خەمت نەبێ هەتا تەواو نەبێ نایەڵم دەرتکەن، دەبێ تەواوی

چیرۆکەکەت گوێ لێبێ، ئاخر مامۆستاکە ئەوەندەی چیرۆکی تراژیدی لەم جۆرەی بیستبوو بۆیە نەدەگریاو راهاتبوو پێدەچوو شێنێ زۆرجاران ئەوچیرۆکەی بۆ دەستە خوشکەکانی ناو زینندانو دادوەرو مامۆستاکان گێرابێتەوە، بۆیە رووداوەکانی بەسادەییو بێ لەبیرچوونەوە بۆ من دەگێراوە ئیدی هاتەوە سەرباسو گوتی: تێکەڵاو بوونی هەردوو خێزانەکە دوای گواستنەوە، بەتایبەتیش کە هەفتانە مشیر خاتوونی دەهێنایەوە ماڵ، ناچاربووم خۆم دەرخەم، چونکە نەدەکرا تاسەر من لەژورێدا خۆم عاسێ کەم، لەیەك لە هەینیەکانی یەکەم بەهاردا سەیرانێکیان بۆ دەرەوەی شار سازدا، من بۆ یەکەم جار دوای سێ مانگ لەگواستنەوەی خوشکم رووبەڕووی مشیر بوومەوە، لەیەکەم چاكو چۆنیشدا کەگوێم لەدەنگی بۆوە، لەژێر چاودێری خوشکمدا زۆر بەتوڕەیی وەڵاممداوە، بەلاَم لەناخەوە شتێك پێی دەگوتم، نەدەبوو ئەو کوڕە قۆزە ئاوا بەئاسانی ببەخشی، ئاخر ئەو راستە خیانەتی لەمن کرد، بەلاَم ئەو خۆشەویستیەی من بۆ ئەوم هەبوو زۆر پاکبوو، بۆیە پەلە قاژەی ناخم، پێ زەوت نەدەکرا ئەو کلێپەیەش کەلەدلّمدا هەلگیرسابوو پێم نەدەکوژایەوە بەلاَم هەرچۆنێك بێت زاڵ بووم بەسەر خۆمداو وەك کچێکی عاقڵ خۆم گێلکردوو چوم لەگەڵ منداڵە گچکەکەی براکەم لەژێر دارێکدا دانیشتم براکەم زۆر لەئێمە گەورەتربوو، ئەو خاوەنی چوار منداڵ بوو، بەلاَم وەك بابم توڕەو تۆسن هەر لەیەکەم مانگی ژن هێنانی لەگەڵ ئێمە نەحەواوەو ماڵی خۆی

لێکـردین، چـونکە تاقانــەش بـوو بـابم خـانووی بـۆ کـڕیو دایمەزرانـد، ئێمەش لەماڵەوە تەنها ئەو دوو خوشکە مابووینەوە.
ماوەی کاتژمێرێك زیاتر مـن لـەژێر ئـەو دارە دانیشـتم مشـیریش سـواری سەیارەبوو رۆی، زۆری نەبرد بۆ یەکەم جار رەقـەمی مشـیر هاتـەوە نێـو مۆبایلەکەم منیش بەدەست خۆم نەبوو وەلأمم داوە، بەلأم توڕەییم هەر پێوە دیاربوو، بۆیە نەمهێشت قسان زۆر بکاتو بەتایبەتیش کە هەمیشە لـەژێر چـاودێری خوشـکمدابووم، ئیـدی لـەم سـەیرانەوە پەیوەندیـە تەلەفۆنیەکان لەکاتە گونجاوەکاندا بەتایبەتیش کە من لەماڵەوە بەتەنێ بووم دەستیان پێکردەوە، ئالێرەوە منێکی بێتـاوان، هەڵخلیسکامەوە نێـو خۆشەویستیەك کە پێشتر هی خۆم بوو لێیان ستاندبووم، چوومەوە ژێر کاریگەری ئەو وشانەی مشیر پێـی دەگـوتم ئـاخر ئـەمن دەمزانـی بەشـی هـەرە زۆری ئـەو قسانەی بـۆی دەکـردم راسـت نـین، بـەلأم ئـاگری نـاخم فێڵی لێدەکردمو بەراستم وەردەگـرت، ئـەو دەیگوت: دایکم کـەخاتوونی خوشکتی دیوە، عەشقی بووە گوتی لەو بترازی کەسـی دی ناکەمـە بـوکی خـۆم، ئـەو ئاگـای لەخۆشەویسـتی بـەینی مـنو تـۆ نـەبووە، کەداواشـی کـردووە، دایکـت پێشکەشـی کـردووە، رازی بـوونی منـیش فشاری ماڵـەوە بوو کە دەهاتنە وێزەمو دەیانگوت خاتوون بێنی قەت پەشـیمان نابیـەوە ئێستاش کە تۆ دەبینم هەست بەشەرمەزاری دەکەم بۆیە هەتا بەردەکەم لەناو گۆڕ دەخەنە سەر سینگ تۆ لەبیر ناکەم.

ئـەم قسانەی مشیر کـە لـەنێوان درۆو راسـتگۆیدا بـوو، مـن راسـتیەکانم هەڵدەبــژاردوو دۆریــەکانم فــڕێ دەدا،هەڵبەتــە خــەتای مــن نــەبوو کەدرۆیەکانم فرێدا لێرەشدا خۆشەویستی فێڵی لێکردم, لەراستیشدا مـن ئێستاش هەر ئەوم خۆش دەوێ، چەند کارەساتی دیشم بەسەربێ ئەو بۆ من یەکەم خۆشەویستەو ئەگەرچی لێیان دزیم یان خۆی لێونکردمو بـۆ هەتایە جێی هێشتم.

گێرانـەوەی چیـرۆکەکە بەهەنسکەوەبوو، بۆیـە پـێم وابـێ لەگـەڵ هـەر هەنسکێکدا ئـەو دەمـرێو جارێکیتر بـۆ بەتاڵکردنـەوەی ئازارەکـانی، بـۆ فرێـدانی راسـتیەکانو خـۆ ناسـاندنی بەدەوروبـەر، کـە ئـەو خەتایـەکی نــەکردووە جگــە لەخۆشەویســتی دەهاتــەوە ســەری دێــڕو دەیگــوت: پەیوەندیەکەمان بەتەلەفۆن گەیشـتە یـەکتر بیـنین، ئـەو بـەهارە هێشـتا بـەکۆتا نـەهاتبوو کەچـەند جارێـك بەتـەنێ سـەردانی ماڵمـانی دەکـرد، ئـاگری خۆشەویسـتی جارێـك منـی فرێدایـە نـاو باوەشـیو مـاوەی 10 خولەك بەس گریام، دایکمو خاتون هەستیان بەم پەیوەندیە نوێیـەکرد، بۆیە کارەسات ئەو رۆژەبوو کە خـاتوون بۆسـەی بـۆ مشیر دانـابوو ئـاخر مــن گۆڕابــوومو هەســتم دەکــرد ئــەوەی لــەمن ســەندراوە دەبێــت وەریبگرمـەوە، بۆیـە دوای نیوەڕۆیـەك کـە دایکیشـم چـوبووە بـازاڕ مـن بەتەنێ بووم مشیر هاتو هەر لـەناو هـۆڵی مـاڵێ بـێ ئـەوەی یـەکتر مـاچ کەین کە قەت ماچی نـەکردووم ئـاوێزانی یـەکتربووین ئـەمن بەدەسـتی خـۆم دەرگـای حەوشـەم داخسـت بـەلاّم دەرگـای هۆڵەکـە لـەدەرەوەش

دەکرایـەوە، خـاتوون بەژوورێـدا کـردوو چـریکاندی ئـەمن رەنگـم زەرد داگـەرا ئـەوەی دەمزانـی لـەبیرم چۆوە دایکم کـەتازە رۆیشـتبوو ئـەویش پەیدابۆوە بەهـەردووکیان هێرشـیان کـردە سـەرمو هەرایەکـەش بەمشـێر دانەمرکایەوە ئەویش بۆی دەرچوو ئەمن تا ئەوکاتیش هەستم نەدەکرد کـە خوشـکەکەم ئەوەنـدە خراپـە لەگـەڵم، پرچـی دەگـرتمو رایدەکێشا، دەیگوت بەبرام دەڵێم بتکوژێ، بۆ خیانـەتم لێدەکـەی جیران بەسـەرمان وەربـوون، هـەواڵ لەرێگـەی تەلەفۆنـەوە گەشـتە بـرامو بـابم، تـا ئـەوان گەشتنەوە جیرانێکمان کە ئەفسەری پۆلیسەو ئێستاش زۆر ئاگای لەمنـە ئەمنی داڵدەدا، بردمی بۆ ماڵی خۆیان براکەشـم هـەر کەدەگاتـەوە مـاڵو بەم هەرایە دەزانێ بەتایبەتیش کـە خوشـکم چـەندە دوو ئەوەنـدەی دی پێوە دەنێ، هەر بـەبێ پـرس دەچێتە دەرو لەبـەردەرگای مـاڵی خـاتوون لـــەناو ئۆتۆمبێلەکـــەی ســـێ گوللـــە لەســـەری مشـــێر دەدات، براکـــەم دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ منـیش بکـوژێ بـابو بـرای مشێر دێـنو لـەناو مـاڵی خۆمـان دەسـترێژ دەکـەنو بـرامو بـابمو خـاتوون دەکـوژرێ، مـن ئاگـام لەهیچ نییە تەنیا ئەوەنـدە مەفرەزەیـەکی پۆلیس دێـنو مـن بەدزیـەوە سوار دەکەنو دەمبەنە زیندانێك کە ئێستاش نـازانم کوێیـە، ئیـدی دوای ئـــەوەی دادوەر هـــاتو وتـــەکانی منـــی وەرگرتـــوو کـــە دوو رۆژ دوای رووداوەکـە بـوو مـن چۆنم بـۆ ئێـوە گێرایـەوە ئـاواش بـۆ دادوەر، ئیـدی چـەند جاری دیش پـێم بڵێن هـەر ئـەوەبوو کـەگوێتان لێبـوو، دادوەر بەمنی گوت کە بابو براو خوشکمو مشێر کـوژراون، ئێسـتا بـابی مشێرو

کوڕەکەی لەزیندانن، منیش لێرەو دایکیشم پێم وابێ چوّتە شارەکەی خۆی بۆ لای خاڵەکانم، کەسم نەماوە لەگەڵ خەیاڵەکانم دەژیم‌و ئەگەر چاکەی ئەفسەر (..............) نەبایە ئەمنیش لەگۆڕدابووم، خۆزگە ئەو رۆژەی هاتنە خوازبێنیم خۆشەویستەکەم نەبەخشیبا، (شێنێ) قسەکانی تەواوکرد، من دەمزانی کات زۆر لایداوە، بەلاّم لەنێو ئەم چیرۆکەدا تواببوومەوە، هەستم کرد، دڕندەیی پیاوەکانی ئێرە کە لتورێکە لەنێو بیشەلاّنەچڕەکانی ئەفریقاوە گەیشتۆتە ئێرە، ئەو بیشەلاّنانەی کە تەنها گیانلەبەرو دڕندەکانی لێیە، ئەوانەی بەرامبەرەکانیان ونجڕونجڕ دەکەن‌و ئەو یاسانەیان بەسەردا دەسەپێنن کە بەتوانا دەمێنێ‌و ئەوانی دی دەبێت ببنە سوتەمەنی.

شێنێ رۆشت‌و منیش لەبەردەم مامۆستاکەدا کە برادەرو دۆستێکی زۆر نزیکم بوو, بوومە یەك قەترە ئاو و تەریق بوومەوەو ناچاربووم بڵێم شەرم لەپیاوەتیم دەکەم، بەلاّم فلاّنی هەموو پیاوەکان وانین، ئەوانەی واشن بەڕاستی گوناهن، چونکە ئەوەندەی لێ دەزانن کە بڵێن (حەیات بردین) پێیان وایە شەرەف‌و حەیا ئافرەتەو ئەوان سۆنەن‌و تەڕنابن.

بۆیە دوای سوپاسم بۆ مامۆستا ئەو بەڵێنانەی پێمدابوو کەلەم چیرۆکەدا بیکەم کردم، وەك خۆی تەنها ناوەکان گۆڕاون.